هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکانی

# فیه ما فیه

مەولانا جەلالەدین
(مەولەوی)





گێڕانەوەی
**سیامەک گوڵشیری**

وەرگێڕانی
**جەبار سابیر**

Scanned with CamScanner

هەبوو، نەبوو...



Scanned with CamScanner

هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکانی

# فیە ما فیە

مەولانا جەلالەدین
(مەولەوی)

گێڕانەوەی:
سیامەک گوڵشیری

وەرگێڕانی
جەبار سابیر

Scanned with CamScanner

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکانی فیه ما فیه |
| ناوی نووسەر | مەولانا جەلالەدین (مەولەوی) |
| گێرانەوەی | سیامەک گوڵشیری |
| وەرگێڕانی | جەبار سابیر |
| دیزاین | دانا حەسەن |
| نۆبەتی چاپ | یەکەم ٢٠١٨ |
| چاپخانە | زانیار |
| تیراژ | ١٠٠٠ دانە |
| نرخ | ٤٠٠٠ دینار |

ZANYAR bookstore

کتێبخانەی زانیار
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد
٠٧٧٠٢٢٣٣٩٤٦

Zanyar Bookshop  Zanyarbookshop  zanyarbook@yahoo.com





سەرچاوە
قصەهایی از فیه مافیه - مولوی
به روایت: سیامک گلشیری
نشر پارسه، چاپ اول، ١٣٩٢ تهران


Scanned with CamScanner

# ژیاننامەی مەولانا

ناوی محەمەد و ناسناوی جەلالەدینە. لە ناونیشانەکانی ئەو، خواوەندگار و مەولانا لە سەردەمی ژیانیدا هەرمێنی هەبووە و مەولەوی لە سەدەکانی دواتردا لە بارەی ئەوەوە بەکار هاتووە. لە شەشەمی رەبیع ئەوەڵی ساڵی ٦٠٤ی کۆچی مانگی لە شاری بەڵخ لە دایک بوو.

باوکی، بەهادین وەلەد بنوەلەدیش محەمەدی ناو بووە و بە سوڵتان عولەما بانگکراوە. ئەو لە بەڵخ ژیاوە و بێ پێگە و جێگەیش نەبووە. لە نێو خەڵکی بەڵخ دا بە وەلەد ناسراو بووە. بەها وەلەد پیاوێکی قسەخۆش و زمان پاراو بووە و دانیشتنی هەبووە و خەڵکی بەڵخ زۆر دڵسۆزی بوون و رێزیان گرتووە.

### سەردەمی منداڵی لە سێبەری باوکیدا

بەها وەلەد لە نێوان ساڵانی ٦١٦-٦١٨ی کۆچی مانگی بە مەبەستی زیارەتی ماڵی خودا لە بەڵخ دەردەچێ. لەسەر رێگەی لە نیشاپوور، لەگەڵ کورە سیازدە - چواردە ساڵەکەیدا، جەلالەدین محەمەد چووە دیداری عارف و شاعیری گیان نەسووتاو، شێخ فەریدەدین عەتار. جەلالەدین محەمەد، بە پێی گێرانەوەیەک لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، لە شاری لارندە، لەسەر فەرمانی باوکی لەگەڵ گەوهەر خاتوون، کچی خواجە لالای سەمەرقەند زەماوەندی کرد.



Scanned with CamScanner

## سەردەمی گەنجی

باوکی لە ساڵی ٦٢٨ کۆچی دوایی کرد و گەنجی بیستوچوار ساڵە لەسەر داوای موریدان یا لەسەر وەسیێتی باوکی، شوێن کاری ئەو کەوت و کەوتە وەعز و ئامۆژگاری. هێندەی پێنەچوو کە سەید بورهانەدین موحەقق ترمزی لە ساڵی ٦٢٩ی کۆچی مانگی، هاتە ڕۆم و جەلالەدین لە زانیاری و موچارییەکانی ئەو بەرخورداربوو. بە هاندانی ئەم بورهانەدینە یاخود بە ئەنگێزەی دەروونی بوو کە بۆ تەواوکردنی زانیاری لە قۆنییەوە چوو بۆ حەڵەب. مانەوەی ئەو لە حەڵەب و دیمەشق تێکڕا لە حەوت ساڵ تێنەپەڕی. پاش ئەوە گەڕایەوە قۆنییە و بە ئاماژەی سەید بورهان کەوتە چلەکێشی. دوای مردنی بورهانەدین، نزیکەی پێنج ساڵ وانەی ئایینی وتەوە و وەک نووسیویانە تا چوارسەد فێرخواز دەهاتنە ئەڵقەی وانەکانی ئەوەوە.

## سەرەتای شەیدایی

لە دایکبوونێکی دیکەی ئەو لە چرکەیەکدا بوو کە شەمس تەبریزی ناسیوە. مەولانا لە بارەیەوە فەرموویەتی: «شەمس تەبریزی، تۆ عەشق دەتناسێ نەک ئاوەز». ئەگەر لە دایکبوونی دووبارەی مەولانا قەرزداری ناسینی شەمسە، ئەمری ناوی شەمسیش بەرئەنجامی دیداری ئەوە لەگەڵ مەولانا. ئەوەی ڕوونە شەمس لە بیستوحەوتی جەمادی دووەمی ساڵی ٦٤٢ی کۆچی مانگی، لە قۆنییە سەفەری کردووە و بەمجۆرە، لەم سەفەرەدا، لانیکەم شازدە مانگ لەگەڵ مەولانا زویر بووە.

هۆکاری ڕۆیشتنی شەمس لە قۆنییە ڕوون نییە. ئەمەندە هەیە کە خەڵکی جادووگەر و سیحرباز، دەیانزانی و موریدان بە خراپە باسیان دەکرد و خەڵکی سەردەمەکە سەرکۆنەیان دەکرد و بەمشێوەیە گیانی لە مەترسیدا بووە.



Scanned with CamScanner

بە کورتی ئەم ئەغیارە پەنای بۆ دیمەشق برد و مەولانای تووشی ئازاری دابڕان کرد. گوایا تەنها پاش مانگێک مەولانا هەواڵی دەستکەوتووە شەمس لە دیمەشقە و نامە و پەیامگەلی زۆری بۆناردووە. موریدان و یارانی بێتاقەت بوون لە خەمی مەولانا و داوای لێبوردنیان لە ڕەفتارێک کردووە کە لگوڕ شەمس هەیان بووە. دواتر مەولانا کوڕەکەی خۆی، سوڵتان وەلەدی بۆ دۆزینەوەی شەمس ڕەوانەی دیمەشق کردووە. شەمس پاش نزیکەی پازدە مانگ کە لەوێ بووە، قبوڵی کردووە و بەرەو قۆنییە بەڕێکەوتۆتەوە. بەڵام ئەمجارەیش ڕووبەڕووی نەزانی و دەمارگرژی ڕەشە خەڵک بۆتەوە و ناچار لە ساڵی ٦٤٥ لە قۆنییە هەڵاتووە و نەزانراوە بۆ کوێ چووە.

مەولانا پاش گەڕانێکی زۆر، سەری کردە شەیدایی. یەک دنیا لە شیعرەکانی دیوانەکەی، لە ڕاستیدا گوزارشتی ئەم ڕۆژانە و چرکەساتی شەیدابییە.

### کۆتایی ژیانی

ڕۆژی یەکشەممەی پێنجەمی جەمادی دووەمی ساڵی ٦٧٢ی کۆچی مانگی، کاتی ئاوابوونی خۆر، مەولاناماڵئاوایی لە ژیان کرد. مردنەکەی لە ئەنجامی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە بوو کە دکتۆرەکانی لە چارەسەرکردنی دۆشدامابوون.

مەولانا لە گۆڕستانی خێزانی نێژراوە و کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی ماڵباتە خانەدانەکەی، لەوانە باوکی، لەوێ نێژراون.



# چیرۆکی
# نەژدادی چیرۆکبێژانی ئێمە



مرۆڤەکان ئەشکەوتنشین بوون. هێشتا وشە دانەهێنرابوو تا بتوانن قسە بکەن. یەکێک لەوان بابەتێکی سەیری بینی بوو. چووبوو بۆ ڕاو و گامێشێک هێرشی کردبووە سەر. بەرلەوەی گامێشەکە ڕاو بکا، شێرێک هەڵمەتی بردبوو و گامێشەکەی کوشتبوو. هێشتا شێرەکە نەڕۆیشتبوو، مارێک هاتبوو و بە شێرەکەوەی دابوو. هێشتا مارەکە نەڕۆیشتووە، هەڵۆیەک دێت و بە دەندووک مارەکە دەگرێ و دەیباتە ئاسمان و....

مرۆڤی سەرەتایی کەمێکیش خەیاڵچن بوو. بیری کردەوە بۆتە چیرۆکێکی سەرنجراکێش و باشترە بۆ ئەوانیتری بگێڕێتەوە. بەڵام نەیدەزانی چۆنچۆنی ئەم چیرۆکە بگێڕێتەوە.

ئەم مرۆڤە زەوق جوانە بەردێکی تیژی دۆزیەوە و لەسەر بەردەکانی دیواری ئەشکەوتەکە چیرۆکەکەی هەڵکۆڵی: دوو – سێ ڕۆژی پێچوو تا کارەکەی تەواو بکا. ناچار بووبوو چەند ڕۆژێک نەچێتە ڕاو و شکا. وەختابوو لە برسا هیلاک دەبوو کە ئەوانیتر هاتن. هەموو دەمیان داچەقی. چوونە پێشەوە و چیرۆکەکەیان بینی. بە دابی سوپاسگوزاری لە چیرۆکبێژ، کەمێک گۆشتی شکاریان بۆ هێنا.

لەو ڕۆژەوە ئیدی لێنەگەڕان بچێتە ڕاو. تێیانگەیاند لە ئەشکەوتەکەدا بمێنێتەوە و چیرۆکی دیکە هەڵبکۆڵێ.

کە ماوەیەک تێپەڕی، کەسانی دیکەیش، کە بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەیان دیتبوو، ئەم کارەیان کرد و وردەوردە ئەوانەی کە

چیرۆکیـان دەزانـی، ڕێـز و حورمەتێکی زیاتریـان پەیـدا کـرد.

دواتـر مـرۆڤ وشـەی دۆزیـەوە. بـۆ نموونـە گاڤێـک لەبـەر شـێوەکارییە بەردینەکاندا وەستابوو، وشـەیەکی بۆ پێناسـەکردنی بەکارهێنا و بەمجۆرە بوو کە وشـەکان زۆر و زۆرتـر بـوون و ئیدی مـرۆڤ لەبری ئـەوەی چیرۆکەکانی لەسـەر بـەرد و زەوی هەڵبکۆڵـێ، بـە وشـە گێڕانییـەوە.

ئەوسـا کـە ئاگریـان کـردەوە و لـە چـواردەوری دانیشـتن، کەسـێک بەسـەرهاتێکی گێڕایـەوە. جارجـارێ خەڵکەکـەی دەهێنایـە پێکەنیـن و جارجـارێ دەیخسـتنە گریـان. چیرۆکبێـژ فێربووبـوو ئەگـەر سـەرهاتێک بگێڕێتـەوە کـە لـە ڕۆژدا دیوێتـی، کـەس گـوێ لـە قسـەکانی ناگـرێ، هەربۆیـە خەیاڵچنی دەکرد و چیرۆکەکانـی تـرش و خـوێ دەکـرد.

دواتـر مرۆڤـەکان لـە ئەشـکەوتەوە دابەزینـە دەشـت و سـارا و ڕۆخـی ڕووبـارەکان. کشـتوکاڵ و باخدارییـان کـرد. کاتێـک شـەوان مانـدوو دەبـوون، بیریـان دەکردەوە چۆن ئەتوانن ماندوێتیان دەربکەن. بەمشێوەیە بوو ناردیان بـە شـوێن کەسێکدا کـە شـارەزا بـوو چیـرۆک بگێڕێتـەوە.

دواتر بـاوک و باپیرەکان چیرۆکگەلێکیـان لە گەشتەکانیان گێڕایەوە. دایک و نەنکەکانیش چیرۆکەکانی جن و پەری و دێو و غول و کچی شـای پەرییانیان گێڕایەوە.

کە ماوەیەک تێپەڕی، خەڵک فێربوون بنووسن.

چەند کەسێک دەستیان کرد بە گردکردنەوەی چیرۆکە سـەیر و سـەمەرەکان. هەندێکیش لە خۆیانـەوە چیرۆکی سـەیر و سـەمەرەیان نووسـی. بەمجۆرە بوو کە کتێبگەلی زۆر هاتـە جیهانـەوە.

نها کتێبگەلی زۆر لـە کتێبخانەکانی جیهانـدا هـەن و هەندێک لـەم کتێبانە لـە نووسـینی نووسـەران و شـاعیرانی ئێرانیـن.

زمانی خەڵک سـاڵ بـە سـاڵ دەگـۆڕا. نـەک ئەمـەی سـادەتر دەبوو، دەگۆڕا. هەندێـک لـە وشـەکان لادەبـران و وشـەگەلی نـوێ دەهاتـن. ڕەنگـە هەمـان شـێوە



Scanned with CamScanner

که ئێمه زمانی خەڵکی دێرین به قورسی دەزانین، ئەگەر ئەوان زیندووبنەوه و بێنەوه و ببینن ئێستا ئێمه بەمشێوەیه قسه دەکەین، سەریان زۆر بسوورِمێ و بڵێن: ئەمانه زمانێکی سەیر و قورسیان هەیه!

به کورتی ئێستا کتێبگەلی زۆر له ئەدەبیاتی دێرینی ئێران نووسراوه که ئێوه چیرۆکەکانی ئەوان له کۆمەڵه «چیرۆکه دێرینەکانی فارسی»دا دەخوێننەوه...

چیرۆکەکانی «مەولەوی»تان خوێندۆتەوه؟ چیرۆکەکانی شانامەی فیردەوسی چی؟ چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوه؟ کلیله و دیمنه و مەرزەباننامه و تەزکرەی ئەولیا و (منطق الطير) و جوامع حیکایات و مێژووی بەیهەقی و دەیان کتێبی دیکەی فارسی پرِن لەو چیرۆکانەی که حەیفه نەیانخوێنییەوه و چێژ وەرنەگری.

زۆرێک له نووسەرانی گەورەی بیانی له خوێندنەوەی کتێبه کۆنەکانی ئێمەوه سروشیان بۆ نووسین وەرگرتووه. وەک خۆرخه لویس بۆرخس، نووسەری ئەرژەنتینی؛ مارسیل پرۆست، نووسەری فەرِەنسی؛ ئیتالۆ کالڤینۆ، نووسەری ئیتالی؛ ئیدگار ئالن پۆ، نووسەری ئەمریکی؛ جیمس جۆیس، نووسەری ئیرلەندی؛ گابرێل گارسیا مارکیز، نووسەری کۆڵۆمبی و زۆرێکی دیکه که رِەنگه ناویشیانتان نەبیستبێ. بەڵام له نووسەره ناسراوەکانی جیهانن و کتێبگەلی باشیان نووسیوه.

بەهەرحاڵ خۆمان چەندێک ئەم کتێبانەمان خوێندۆتەوه و بینیوه که چ چیرۆکگەلێکی سەیر و سەمەره له کتێبەکانی باوکان و ئەژدادی ئێمەدا هەبووه و ئەوان چ چیرۆکگەلێکیان زانیوه؟

یوسف عەلی خانی

Scanned with CamScanner

# پێڕست




دیداری پاشا ١٩
وشتری مەجنون ٢٥
کچە نەزانەکەی پاشا ٢٩
شاعیری عەرەب ٣٥
پاشای غەمگین ٣٩
پیاوێکی لەڕ ٤٥
پەرداخی زێڕین ٤٩
شمشێری عەشق ٥٣
ئەو پیاوەی هێسترەکەی ونکرد ٥٧
لە ڕێگەی مەککە ٦٣
پیاوی دانا و دێو ٦٧
میوەفرۆشی عاشق ٧٣
بەرتیل ٧٩
فەروە لە ئاودا ٨٣
ئەلف هیچی نییە ٨٩
شێری بێشە ٩٣




Scanned with CamScanner

| | |
|---|---|
| داری خودا | ٩٩ |
| راوە ئاسک | ١٠٣ |
| کچە شۆخەکەی سەمەرقەند | ١٠٩ |
| کاسەی حەڵوا | ١١٥ |
| حەڵوای شێر | ١١٩ |
| دە کەنیزەک | ١٢٣ |
| پیاوێکی مەستی وشیار | ١٢٧ |
| عەشق و سامان | ١٣٣ |
| پیرەمێردی لە جێژدا کەوتوو | ١٣٩ |
| پەخسیرانی پەیامبەر «د.خ» | ١٤٣ |




Scanned with CamScanner





ڤیه مافیه کتێبێکه لە خۆگری قسەکانی مەولانا جەلالەدین کە لە کۆڕی جیاواز و لە وەڵام بە پرسیارەکان و باسوخواسەکان وتراوە. بۆ نموونە هەندێک جار لە کۆڕی هاوڕێیانەدا کە کەسانێک دەچوونە سەردانی مەولانا یا کۆڕگەلێک کە مەولانا تێیاندا ئامادە دەبوو، پرسیارگەلێک دەهاتە ئاراوە و مەولانا لە وەڵام بەو پرسیارانە بۆ ئامادەبوان لە ڕاڤەی ئایەتێک، شیکردنەوەی حەدیسێک یا ڕوونکردنەوەی بەیتێک، بابەتێکی بەیان دەکرد. دیارە لە بەشێک لە بابەتەکانیشدا خودی مەولانا بابەتێکی ڕوون کردۆتەوە و گروپێک ئەو وتانەیان نووسیوەتەوە و کۆیان کردۆتەوە. لە کۆپییەکی ڤیە مافیەدا تۆمار کراوە کە مەولانا هەندێک لە بابەتەکانی پێشتر تۆمار کردووە و هەربۆیە بەشگەلێک لەم پەرتووکە بە قەڵەمی خودی مەولانایە کە دواتر گردکراونەتەوە.

Scanned with CamScanner



# دیداری پاشا

سەردەمانێک لە مەملەکەتێک
پیاوێک دەژیا کە هۆگری بۆ پاشا
بێسنوور ۆ حساب بوو و هەموو
هاورێیان و چواردەورەکەی
ئاگایان لەم بابەتە بوو.
کابرا هەر کارێکی دەکرد بە
نیەتی سەردانی پاشابوو و...

زۆر تامەزرۆ بوو رۆژێک پاشا ببینێ. وردەوردە ناوبانگی هۆگری ئەو بۆ پاشا گەیشتە هەموو شوێنێک، تا ئەوەی پاشایش پێی زانی. پەیکێکی نارد بۆ ماڵی کابرا و داوەتی کرد بێتە کۆشکەکەی.

کابرا لە خۆشحاڵیدا لە پێستی خۆیدا نەدەهێوری. باوەڕی نەدەکرد پاشا داوای لەو کردووە بچێت بۆ کۆشکەکەی. هەر کەسێکی دەبینی یا لە هەر شوێنێک دادەنیشت، دەیوت دواجار بڕیارە پاشا ببینێ. وردەوردە ئەم هەواڵە گەیشتە هەموو شوێنێک.

چەند رۆژێکی مابوو بۆ دیداری پاشا، بەیانییەکیان پیرەپیاوێکی هاوسێی هاتە سەردانی و پێی وت کوڕێکم هەیە ماوەیەکی زۆرە کارەکەی لە دەست داوە و بە درێژایی رۆژ لە ماڵەوەیە. لەو کاتەوەی خانەنشین کراوە رۆژێک نییە پێکەوە نەیکەینە شەڕ و دەمەقاڵە. لە ماڵەوە هەموومانی بێزار و بێتاقەت کردووە.

کابرا وتی: «من چ کارێکم لە دەست دێ؟»



Scanned with CamScanner

دەمەوێ تکا بکەم کە دەچییە سەردانی پاشا، باسی حاڵی ئەوی بۆ بکەیت تا کارێکی بۆ جۆر بکات. هەرگیز ئەم لوتفەی تۆ لە بیرناکەم.

کابرا وتی: «بەڵام من یەکەمین جارە دەچمە سەردانی پاشا. چۆن دەتوانم داواکەت لەگەڵ ئەو باس بکەم؟ ڕەنگە کارێکی راست نەبێ».

- پاشا دەزانێ تۆ چەندە هۆگری ئەوی. ئەرخایەنبە داواکەت بەدیدەهێنێ.

کابرا قبوڵی کرد و پاشان پیرەپیاو ناوی کوڕەکەی و داواکەی لەسەر کاغەزێک نووسی و دایە دەستی.

بۆ سبەی یەکێک لە ناسیاوانی کابرا لەگەڵ هاوسەرەکەی هاتنە سەردانی و پێیانوت ماوەیەکی زۆرە ئاوارە بوون و لە ماڵی یەکێک لە نزیکانی خۆیان دەژین. ژنەکە وتی: «مێردەکەم قەرزێکی زۆری کرد و ئێمە نەمانتوانی هەمووی بدەینەوە. چارەیەک نەبوو، جگە لەوەی ماڵەکەمان لە بری قەرز بدەینە ئەوان و ئێستا هیچ شوێنێکمان نییە و دیاریش نییە تا کەی بتوانین لە ماڵی ناسیاوانمان بژین».

کابرا وتی: «باشە، ئێستا من دەتوانم چ کارێکتان بۆ بکەم؟»

ژنەکە وتی: «تۆ وا دەچیتە سەردانی پاشا. دەتوانی ئاریشەکەی ئێمە لەگەڵ ئەو باس بکەیت. دڵنیام پاشا بیرێک لە حاڵی ئێمە دەکاتەوە».

کابرا وتی: «ئاخر من هەوەڵین جارە دەچمە سەردانی پاشا. چۆن دەتوانم ئاریشەکەی ئێوەی لەگەڵ باس بکەم؟»

ژنەکە فرمێسکەکانی سڕی و وتی: «دڵنیابە ئەگەر تۆ پێی بڵێی، کێشەکەی ئێمە چارەسەر دەکا. پاشا تۆی خۆشئەوێ».

کابرا ویستی شتێکی دیکە بڵێ کە ژنەکە هەستا و ئەو کوتە کاغەزەی پێدا کە ناو و کێشەکەیانی لەسەر نووسیبوو. کابرا ئیدی چارەیەکی نەبوو، جگە لە قبوڵکردنی داواکەیان.


هێشتا ئەوان پێیان لە ماڵەکە نەبردبووە دەرێ، کەسێکی دیکە لە نزیکانی کابرا هاتە لای و کێشەکەی لەگەڵ ئەودا باسکرد و بەڵێنی لە کابرا وەرگرت



Scanned with CamScanner

کە لەگەڵ پاشا باسی کێشەکەی بکات. ئیدی تا ئەو ڕۆژە کە بڕیاربوو بچێتە سەردانی پاشا، تەنانەت چرکەیەکیش لە ئاساییشدا نەبوو. هەر کە یەکێک دەڕۆیشت، یەکێکیتر دەهات و هەموو ناو و کێشەکەیان لەسەر کاغەزێک نووسیبوو و پێیان دەدا. کابرایش هەموو ئەو کاغەزانەی دەخستە جانتایەکی چەرمەوە.

ئەو ڕۆژەی کە بڕیار بوو بچتە سەردانی پاشا، بەیانی زۆر زوو لە خەو هەستا. تا بەیانی چەند جارێک خەونی دیبوو کە چۆتە بارەگایەکی ڕازاوەوە و لە بەردەم پاشادا، کە لەسەر تەختێک دانیشتبوو و تاجێکی گەورەی لە سەردا بوو، کڕنووشی بردبوو، هەینێ لە شوێنێک دانیشتبوو و لە پاشا ڕامابوو کە خەریکبوو بۆی پێدەکەنی. لە خۆشحاڵیدا لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوە، هەرچەندە لە دڵەوە زۆر پەرێشان بوو. لە پێخەف هاتە دەرێ. بەرلەوەی خۆی بگۆڕێ، چەند جارێک، وەک بڵێی لە بەردەم پاشادا وەستابێ، کڕنووشی برد و پاشان ئەو قسانەی کە دەیویست بیکات، بە دەنگی بەرز بۆ خۆی کرد. هەنگێ جلەکانی گۆڕی، جانتاکەی هەڵگرت و ڕێک ساتێک کە پێی لە ماڵ بردە دەرێ، هەستی کرد ترپەکانی دڵی






Scanned with CamScanner

تونـد بـووه. هەرچەنـدە لـە کۆشـک نزیـک دەبـۆوە، ترپەکانـی دڵـی پتـر دەبـوو و بەر لـەوەی بگات، چەند جارێکیتر پرۆڤەی ئەو قسانەی کرد کە دەیویست بۆ پاشـای بـکات.

کاتێـک چـووە کۆشـکەوە، نۆکـەری تایبەتـی پاشـا هاتـە پێشـوازی و داوای لێکـرد شـوێنی بکـەوێ. کابـرا جارێکیتـر ئـەو قسـانەی لای خـۆی دەورکـردەوە. نۆکەرەکـە دەرگایەکـی گـەورەی کـردەوە و کابـرای بـۆ ژوورەوە ڕێنوێنـی کـرد. کاتێـک چـووە بارەگاکـەوە، لـە خۆیـەوە سـەیری دیـوار و پەنجەرەکانـی کـرد، ئـەو شـوێنەی کـە دەیبینـی، زۆر بـە شـکۆتر لـەو شـتە بـوو کـە لـە خەونەکەیـدا





Scanned with CamScanner

دیبووی و هەینیی کتوپڕ پاشای بینی کە لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو. لە کاتێکدا قاچەکانی لە توندی شڵەژان دەلەرزی، چووە پێشەوە. پاشان چەند هەنگاوێک نزیک لە پاشا وەستا. کڕنووشی برد. ویستی قسە بکات، بەڵام لە شوێنی خۆی رەهێڵی عەردی بوو و بوورایەوە. پاشا لە شوێنەکەی هەستا و لە کاتێکدا کە بزەی بە لێوەوە بوو، بەرەو پیری چوو و چاوی کەوت بە جانتاکەی کابرا. دانەوییەوە و کاتێک دەستی دەکرد بە جانتاکەدا، بە خۆی وت: «بزانم ئەم بەندە مەدهۆشەی من چی پێیە».

هەموو کاغەزەکانی دەرهێنا. یەکسەر هەموو داواکانی ئەو کەسانەی بەدیهێنا کە ناویان لەسەر کاغەزەکان نووسرابوو، پاشان فەرمانی دا هەموو کاغەزەکان بگێڕنەوە بۆ ناو جانتاکە.

خەڵکانێکی زۆر دەچوونە
سەردانی پاشا و لە دۆخی
وشیاری تەواودا داوایان لەو
دەکرد تا پێداویستییەکانی کەسێک
دابین بکات، بەڵام لە نێوان
سەد داوادا، رەنگە یەکێکیش
بەدینەهاتایە.



Scanned with CamScanner



# وشتری مەجنون


ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەیانییەکی
زوو زوو، مەجنون پەرێشان
لە خەو هەستا. بە درێژایی
شەو خەونی بە لەیلاوە دیبوو
و چەندین و چەند جار لە
خەو ڕاپەڕی بوو. لە خەونێکدا
لەیلای دیبوو کە لە سارایەک،
لە دوورەدەست، وەستاوە و...

دەستی بۆ ڕادەوەشێنێ. مەجنون بە قاچەکانییەوە کە وەک بەرد قورس بووبوو، هەوڵی دەدا هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێ و کە هەر هەنگاوێکی هەڵدەگرت، لەیلا دوورتر دەکەوتەوە لێی، بەڵام هێشتا دەستی دەبینی کە بردبوویە بان سەری و بۆ ئەوی ڕادەوەشاند. تا ئەوەی لەیلا تەواو لە ساراکەدا ونبوو و ئیدی جگە لە هەتاوی سووتێنەر، هیچ نەدەبینرا. لە خەونێکی دیکەدا لەیلای دیبوو کە پۆشاکی بووکێنی لەبەردابوو و لە شوێنێک دانیشتبوو. هەموو لە چواردەوری خۆشحاڵ بوون و مەجنون هەوڵی دەدا خۆی بگەیەنێتە ئەو و لە تەنیشتییەوە دابنیشێ، بەڵام هەرچەندێک زیاتر هەوڵی دەدا، زیاتر لەو دووردەکەوتەوە. تائەوەی پیاوێکی بینی کە لە دەرگایەکەوە هاتە ژوورێ. کابرا لە تەنیشت لەیلاوە دانیشت و پاشان دەنگی هاوارگەلێک چووە ئاسمان و لەم کاتەدا لە خەو ڕاپەڕی.

مەجنون هەستا. کاتێک ئاوی بە دەموچاویدا دەکرد،



Scanned with CamScanner



ساتێک دەنگی لەیلای بیست. ئاوڕی دایەوە، بەڵام کەس لەوێ نەبوو. بیری کردەوە هەرجۆرێک بووە دەبێ لەیلا ببینێ. ئامادەبوو ژیانی خۆی دانێ و تەنها ساتێک لە پەنا لەیلاوە بێ.

ئاوڕی دایەوە و سەیری وشترەکەی کرد کە لە پەنا جوانووە تازە لە دایکبووەکەیەوە وەستابوو. وشتر هەموو جارێک سەری دادەنەواند و لە سەری جوانووەکەی هەڵدەسوو. مەجنون چەند ساتێک لەوێ وەستا. هەرچەندە تەنها وشتر و جوانووەکەی لەوێ بوون، بەڵام هەستی دەکرد لە شوێنێکی ئەو دووروبەرە وەستاوە. پاش چەند ساتێک، کاتێک خەریکبوو سواری وشترەکە دەبوو، دیسان گوێی لە دەنگی لەیلابوو. ئاوڕی دایەوە. هیچ کەسێک لەوێ نەبوو. ڕێشمەی وشترەکەی گرت و سەری بەرەو بیابانەکە سووڕاند و کەوتەڕێ. هێشتا زۆر دوورنەکەوتبۆوە، یەکەمین ڕۆژێکی بیرکەوتەوە کە لەیلای لە مەکتەبخانە دیبوو. بە خۆی وت: «هەر بە یەکەمین نیگا، هەموو شتێکم لە دەست دا». کەوتەوە بیری ئەو ڕۆژانەی کە تەنها بە عەشقی لەیلاوە دەچووە ئەوێ، لە کونجێک دادەنیشت و لە لەیلا ڕادەما. دەیبینی کە لەیلایش جارجارێ دزەنیگا، سەیری ئەو دەکات و لەو ساتانەدا وەک بڵێی دنیا هیی ئەو بوو. هێشتا یەکەمین پێکەنینی لەیلای لە بیر بوو. لە هەمان ئەو ڕۆژەوە ئیتر هیچ هۆشوگۆشێکی بۆ نەمابۆوە.

مەجنون لە کاتێکدا کە ڕێشمەی وشترەکەی بەرەڵا کردبوو، چەندین و چەندین کاتژمێر بیری لەو ڕۆژانە و تاک تاکی چرکەکانی کردەوە و بە درێژایی ئەم



Scanned with CamScanner

ماوەیە لەیلا بە ڕوونی لە بەرامبەر چاوانیدا بوو. وشترەکە هەروا دەڕۆیشت و دەڕۆیشت. دووجار خۆرئاوابوو و دووجار هەلات و مەجنون بەردەوام بیری لە لەیلا دەکردەوە. وشتر کە بۆ جوانووەکەی بێتاقەت بووبوو و ڕێشمەکەی ئازاد بوو، سەری وەسووڕاند تا بگەڕێتەوە لای جوانووەکەی و مەجنون، بێئەوەی بزانێ، بیری لە لەیلا دەکردەوە و دیسان دوو شەو و دوو ڕۆژ بە ڕێگەوە بوون. تا ئەوەی کتوپڕ مەجنون چاوی کەوت بە جوانووە وشترەکە و بینی وشترەکە سەیری دانەواند و لە سەری جوانووەکەی هەڵسوو و هەر دووکیان پێکەوە دەنگێکیان دروستکرد. تازە ئەو کاتە بوو مەجنون هاتەوە سەرخۆی و هەستی کرد بە درێژایی ڕێگەکە گەڕاونەتەوە.



مەجنون توند ڕێشمەی ئەسپەکەی گرت و سەری ڕووەو ئەو هۆزە سووڕاند کە لەیلا لەوێدا دەژیا و کەوتەڕێ. هێشتا زۆر دوورنەکەوتبۆوە کە دیسان لەیلای بیرکەوتەوە. بیری لە ڕۆژێک کردەوە کە پاش ماوەیەکی زۆر لەیلای لە شوێنێکی نزیکی هۆزەکەیان دیبوو. ساتێکی بیرکەوتەوە کە لەیلا قژە درێژ و جوانەکەی شانە دەکرد و ئەویش فرمێسکی دەڕشت. پاش چرکەیەک لەیلای لە دوورەدەست بینی، ڕێک وەک کاتێک کە لە خەونەکەیدا دیبووی. دەیبینی خەریکە دەستی بۆ ڕادەوەشێنێ. دەیبینی کە بە چاوە جوانەکانی لەو ڕاماوە و بزەی بە لێوەوەیە. لە خۆیەوە دەستی کردە گریان و ڕێشمەی ئەسپەکەی لە دەست بەربوو. وشتر هەروا بۆ پێشەوە دەڕۆیشت. تەنانەت ئەوکاتەیش هەموو شوێنێک تاریکبوو و هەینێ دیسان چەند کاتژمێرێک دواتر ڕووناک بۆوە، مەجنون، لە ختوخۆڕا بیری لە لەیلا دەکردەوە، بیری لە هەموو ئەو ڕۆژانە دەکردەوە کە لەگەڵ هاوڕێیانی دەچوونە چواردەوریماڵەکە و مەجنون دەستی دەکرد ناڵەناڵ و




Scanned with CamScanner

ڕووخساری لەیلا لە پێش چاوەکانی بوو. لەم کاتەدا، وشترەکە دیسانەوە بێتاقەتی جوانووەکەی بووبوو، بەیانی ڕۆژی سێیەم سەری ڕووەو ماڵەوە وەرسووڕاند و مەجنون تا دوو ڕۆژ دواتر کە گەیشتنە ئەوێ، هیچ حاڵی نەدەبوو. تازە ساتێک هاتەوە سەرخۆی کە دیسانەوە جوانووە وشترەکەی لە بەرامبەر خۆیدا بینی. بینی کە وشترەکە سەری دانەواند و لە سەری جوانووەکەی هەڵسوو. مەجنون کە ڕاچڵەکابوو، سەری وشترەکەی سووڕاند و دیسانەوە بەڕێکەوتن.

چەندین و چەندین جار وشتر ئەم دوو ڕۆژ ڕێگەیە ڕۆیشت و هەینێ، بێئەوەی مەجنون بزانێ، گەڕایەوە لای جوانووەکەی تا سێ مانگ تێپەڕی. دواجار مەجنون لە وشترەکە هاتە خوارێ و بە وڵاخەکەی وت:

«ئێمە هەر دووکمان عاشقین،
بەلام ڕێگەمان لێک جیایە. تۆ
هەر لێرە لای جوانووەکەت
بمێنەرەوە و منیش دەڕۆم تا
بگەمە ماشووقەکەم!»





Scanned with CamScanner



## کوڕە نەزانەکەی پاشا

رۆژگارێک لە مەملەکەتێک پاشایەک دەژیا کوڕێکی نەزان و زەینکوێری هەبوو. پاشا هەمیشە بە دەست ئەم بابەتەوە ئازاری دەچەشت. هەر کە تەنیا دەبوو، کوڕەکەی بیردەکەوتەوە و ماوەیەکی زۆر لە گژفکران دەچوو.

لە خۆی دەپرسی چۆن دەتوانێ زۆر ئاسان بە هەر دوو دەست مەملەکەت پێشکەشی کوڕە نەزانەکەی بکات؟ خەڵکی نیشتمانەکەی چییان بەسەردێ؟ پاشان یەکسەر دڵۆپە ئەسرینێک لە گۆشەی چاوییەوە دەچکایە خوارێ، بە پەنجە دەیسرییەوە و هاوکات سەیرێکی چواردەوری خۆی دەکرد.

شەوێکیان کە تا پاش نیوەشەو بەخەبەر بوو و دوور لە چاوی شاژن بیری لەم بابەتە دەکردەوە، شتێک هات بە مێشکیدا. بیری کردەوە دەبێ کارێک بکات، نابێ دەست لەسەر دەست دابنێ. ڕۆژەکان خەریکبوون بە خێرایی، یەک لە دوای یەک، تێدەپەڕین و ئەویش هەموو ڕۆژێ پیرتر دەبوو. لە پێخەفەکەی هاتە دەرێ. ویستی یەکسەر بانگی وەزیر بکات، بەڵام کاتەکە درەنگ بوو. دیسانە گەڕایەوە پێخەفەکە و هەرچەندە دەمەوبەیانی خەوی لێکەوت، بەڵام پاش قەیرێک خەبەری بۆوە. یەکسەر بەرگی پادشایی پۆشی و لەسەر تەختەکەی دانیشت و بانگی



Scanned with CamScanner

وەزیرەکەی کرد.

وەزیر بە حەپەساوی چووە بارەگاوە و پادشای بینی کە لە شوێنێکی سەر زەوییەکە رامابوو. کڕنووشی برد و هەیئی لە چەند هەنگاوێک نزیکی پاشاوە وەستا. پاش تاوێک پاشا سەری هەڵبڕی. چەند ساتێک بێدەنگ بوو و پاشان دەستی کرد بە قسە کردن. وێڕای ئەوەی دەیزانی وەزیر ئاگای لە بێتاقەتی ئەو هەیە لە بارەی کوڕەکەیەوە، باسی هەموو نیگەرانییەکانی بۆ ئەو کرد و وتی شەو تا بەیانی نەنووستووە و بیری لەم بابەتە کردۆتەوە. وتی: «بیرۆکەیەک هاتووە بە مێشکمدا».

- چ بیرۆکەیەک، سەروەرم؟

- ئەمەوێ دیارترین و زاناترین بیرمەندان و هونەرمەندانی مەملەکەتەکەم بهێنی بۆ ئێرە. ئەمەوێ هەموو داناییەکان فێری جێنشین بکەن، هەرچییەکی دەیزانن. ئەمەوێ کارێک بکەم هەموو زانست و هونەرەکان فێربێ.

وەزیر کە تەواو ئاگاداری ئاوەز و هۆشی کوڕەکەی پاشا بوو، ماوەیەک بێ هیچ قسەیەک لە شوێنی خۆی وەستا و لە پاشا راما. هەنگێ لە کاتێکدا کە مینگەمینگی دەکرد، وتی: «بەڵام، سەروەرم، بە دووری دەزانم کە...»

پاشا قسەی پێبڕی. وتی: «بە دووری دەزانی کە چی؟ بە دووری دەزانی فێربێ؟ ئەو کوڕی منە یا نا؟»

- بەڵێ، خاوەنپایە.

- کەواتە بزانە کە هەموو شتێک فێردەبێ. گومانت نەبێ. ئیدی ناشمەوێ هیچ ببیستم. هەر ئێستا ئەو کارە ئەنجام بدە کە وتم.

وەزیر کڕنووشێکی کرد و هەر چەندە لە دڵەوە متمانەیەکی بە بڕیارەکەی پاشا نەبوو، لە بارەگا چووە دەرێ.

بێدواکەوتن فەرمانەکەی پاشا جێبەجێکرا. دیارترین و زاناترین هونەرمەندان و دایانی ئەو مەملەکەتە هاتنە کۆشک و وەزیر، بێئەوەی بچووکترین قسەیەک لە هۆش و توانای جێنشین بکات، پێی وتن دەبێ هەرچی لە زانست و هونەر



Scanned with CamScanner


که تا ئەمڕۆ فێربوون، فێری کوڕی پاشای بکەن.

هەموو دەست بە کاربوون. کۆشکەکە زۆر زوو گۆڕا بۆ شوێنی هاموشۆی زانایان و هونەرمەندان. هەر کە زانایەک لێوەی دەهاتە دەرێ، هونەرمەندێک دەچووە ژوورێ و پاشا کە کەموزۆر لە نزیکەوە بینەری فێرکاری تاقە کوڕەکەی، میراتگری هەموو تاج و تەختی بوو، لە خۆشحاڵیدا لە پێستی خۆیدا نەدەهێوری. نیگەرانییەکانی بە گشتی لە ناوچووبوو و شەوان زۆر ئاسوودە خەوی لێدەکەوت.

ساڵەکان بەمشێوەیە تێپەڕین و وردەوردە کوڕەکە هەموو زانستەکان، لە ئەستێرەناسییەوە بیگرە تا رەمڵ، هەموو هونەرەکان فێربوو و گەیشتە پلەی ئوستازی. لە کۆتاییدا رۆژێک هات کە ئیدی هیچ زانا و هونەرمەندێک نەچوونە کۆشکەوە.

هێشتا هێندە لەم رۆژە تێنەپەڕیبوو کە بەیانییەکیان پاشا فەرمانی بە وەزیرەکەی خۆی دا میراتگری تاج و تەختی بۆ بهێنن. پاش کەمێک کوڕە چووە بارەگاوە و بەرامبەر تەختی پادشایی وەستا.

پاشا نیگایەکی بە سەراپای کوڕەدا کرد و هەینێ بە هێمنی لەسەر تەختەکە هەستا و بەرەو







Scanned with CamScanner

کوڕەکەی ڕۆیشت. دەستی خستە سەر شانی و وتی: «خۆشحاڵم کە زیندووم و ئەم ڕۆژە دەبینم».

کوڕەکە بێ هیچ قسەیەک، لە کاتێکدا کە لە باوکی ڕامابوو، پێکەنی. پاشا بەرەو تەختەکەی وەرسووڕا. دوور لە چاوی کوڕەکە، ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی داکەند و لە مشتیدا شاردییەوە و بەرەو کوڕەکەی وەرسووڕا. وتی: «سەرباری ئەم شتانەی بینیومە و بیستوومە، تۆ هەموو زانست و هونەرەکان فێربوویت. پێموانییە شتێک هەبێ کە تۆ نەیزانی. هەربۆیە دەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم».

کوڕەکە وتی: «ئامادەی بیستنم باوکە!»

پاشا مشتی لە بەردەم کوڕەکەدا ڕاگرت و وتی: «پێم بڵێ چ شتێک لە مشتم دایە؟»

جێنشین لە دەستی نووقاوی باوکی ڕاماو پاشان وتی: «ئەو شتەی لە دەستتدا حەشارت داوە، خڕ و ڕەنگ زەرد و کونکونە؟»

پاشا کە لە قسەکانی کوڕەکەی خۆشحاڵ بووبوو، سەری لەقاند و وتی: «ئافەرین لە تۆ! ئێستا کە نیشانەی ڕاستت دا، بڵێ چی لە مشتم دایە؟»

کوڕە دیسانەوە لە مشتی باوکی ڕاما و هەێنی پێکەنی. وتی: «بێژنگە ئیدی، باوکە».

پاشا کە لە سەراسیمەییدا دەمی داچەقی بوو، مشتی کردەوە و ئەنگوستیلەکەی پیشانی کوڕەکەی دا و وتی: «پاش ئەو هەموو زانست و هونەرەی کە فێربوویت؟ هێشتا نازانی بێژنگ لە مشتدا جێی نابێتەوە، کوڕم؟» بە تووڕەی وەرسووڕاو لەسەر تەختەکەی دانیشت.

بێتەوەی سەیری وەزیر و
کوڕەکەیشی بکات. بە دەست
ئامادەی کرد هەر دووکیان
لە بارەگا بچنە دەرێ. هەینی
پالی بە تەختەکەوە دا و لە
شوێنێکی عەردەکە راما.



# شاعیری عەرەب

رۆژێک هەواڵێکان بۆ پاشایەکی تورک زمان هێنا کە یەک وشەیش زمانی عەرەبی نەدەزانی، شاعیرێکی عەرەبی زمان لە مەتحی ئەودا شیعرێکی درێژی نووسیوە و ئەیەوێ لە بەردەم پاشادا بیخوێنێتەوە. بە بیستنی ئەم هەواڵە

هەموو وەزیرەکان و ئەو گەورانەی لە بارەگا بوون، لە پاشا رامان. پاشا بەو غولامەی وت کە هەواڵەکەی هێنابوو: «بیهێنە بۆ بارەگا!»

پاش قەیرێک شاعیر هاتە بارەگاوە و چاوی بە پاشا کەوت کە لەسەر تەختێک دانیشتبوو. کڕنووشی برد و هەینێ لە شوێنێکی کەمێک دوور لە تەختەوە وەستا و دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعرەکە.

پاشا لە هەر شوێنێک پیایدا هەڵدرایە، سەرێکی دەلەقاند. وەختایەک کە شیعرەکە هەموانی سەراسیمە دەکرد، پاشا لە شاعیر ڕادەما و لە شوێنێکیش کە باسی خاکەڕایی و سادەیی دەکرد، پاشا پێدەکەنی، بە جۆرێک وەک بڵێی تاک تاکی وشەکان و رستەکانی بە زمانی تورکی دەبیست، نەک بە زمانی عەرەبی.

کە شیعرەکە کۆتایی هات، پاشا لە شوێنەکەی هەستا، چووە پێشێ و توورەکەیەک زێڕی دا بە شاعیرەکە و پەسن و ئافەرینی شیعرەکەی کرد. وەزیران و گەورەکان لە حەپەساندا دەمیان داچەقی



Scanned with CamScanner

بوو. باوەڕیان بەو شتە نەدەکرد کە دیتبوویان. پاش کەمێک کە پاشا بارەگای جێهێشت، یەکێک لە وەزیرەکان وتی: «ئێوە دەتانزانی پاشا عەرەبی ئەزانێ؟»

یەکێکیتر لە وەزیرەکان وتی: «چۆن بمانزانیبایە؟ تا ئێستا نەکرابوو وشەیەک بە زمانی عەرەبی بئاخڤێ».

وەزیرێکی دیکە وتی: «وای لە ئێمە».

ئەو وەزیرەی بەر لە هەموویان قسەی کردبوو، وتی: «بۆچی؟»

- نەکا ئەو ئەم هەموو ساڵە عەرەبی زانیبێ و لە ئێمەی شاردۆتەوە! نەکا کاتێک یەکێک لە ئێمە بە عەرەبی قسەیەکی نابەجێی کردبێ و ئەوی زویر کردبێ. وای لە ئێمە ئەگەر کارێکی وەهامان کردبێ!

یەکێک لە گەورەکان وتی: «بە دووری دەزانم عەرەبی بزانێ».

وەزیری یەکەم وتی: «مەگەر نەتبینی چۆن لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا، سەری دەلەقاند و پێدەکەنی؟ چۆن دەڵێی عەرەبی نازانێ؟»

وەزیرێکی دیکە وتی: «من دەڵێم عەرەبی نازانێ».

وەزیری یەکەم وتی: «ڕێگەیەک هەیە کە دەتوانین تێبگەین عەرەبی دەزانێ یا نا».

- چ ڕێگەیەک؟

وەزیر دەستێکی بە ریشیدا هێنا. سەیری هەموانی کرد و وتی: «داوا لە غولامە تایبەتییەکەی دەکەین ئەم بابەتەمان بۆ ئاشکرا بکات. ئەو تاقە کەسێکە کە دەتوانێ یارمەتیمان بدات».


هەموو خۆشحاڵبوون و رازی بوون.

بۆ سبەی غولامەکەیان بانگکرد، کە پاشا زۆر کەیفی پێی دەهات. بابەتەکەیان بۆ باس کرد و ئەسپ و هێستر و پارەی زێڕیان پێدا و داوایان لێکرد بێئەوەی کەس بۆنێک بکات، بزانێ پاشا عەرەبی دەزانێ یا نا.

غولام کە لەبەر ئەو پارە و ماڵە زۆر خۆشحاڵ بووبوو، بەڵێنی دا لە هەوەڵین دەرفەتدا کە دەستی کەوت، پەردە لەسەر ئەم ڕازە هەڵماڵێ.



Scanned with CamScanner



پاش چەند ڕۆژێک پاشا چوو بۆ ڕاوگە و تا نیوەڕۆ، چەند ئاسکێکی گەورەی ڕاوکرد. نیوەڕۆ کە بە خۆشحاڵی بەرەو چادرەکەی دەڕۆیشت تا پۆشاکی ڕاو داکەنێ و ئامادە بێ بۆ خواردنی کەبابی گۆشتی ئاسک، غوڵام دەرفەتەکەی قۆستەوە و بەپرتاو خۆی گەیاندە پاشا و وتی: «سەروەرم، دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟»

پاشا سەیرێکی کرد و وتی: «هەرچییەکت پێخۆشە بپرسە».





Scanned with CamScanner

غولام وتی: «چەند رۆژێک لەمەوبەر کە ئەو شاعیرە عەرەبە شیعرێکی لە مەتحی تۆدا خوێندەوە، تۆ چەندین جار سەرت بۆ لەقاند، پێکەنی و پەسنت کرد. دەمەوێ بزانم تۆ زمانی عەرەبییش دەزانی؟»

پاشا پێکەنی و وتی: «بەخودا
نایزانم! یەک وشەیش عەرەبی
نازانم. بەڵام لە مەبەستی
ئەو شاعیرە حاڵی دەبووم.
من شیعرەکەی ئەوم نەک بە
گوێ، بەڵکو بە دڵ دەبیست.»





Scanned with CamScanner



# پاشای غەمگین

گێڕاویانەتەوە لە مەملەکەتێک، پاشایەک ژیاوە کە ماوەیەکی زۆر لە توندی خەموخەفەت، لێوی بە پێکەنین هەڵنەهێنابوو. بە درێژایی کات لە کونجێک دادەنیشت و لە گۆفکران دەچوو. تەنانەت لە ناو کۆمەڵیشدا لە خاڵێک ڕادەما و ...


ڕۆژدەچـووە فکرانــەوە و چواردەورەکـەی خەمیـان لـە رووخسـاریدا دەبینـی.

وردەوردە هەمـوو نزیکان و وەزیـران و گـەورەکان نیگـەران بـوون و بـە خۆیـان وت دەبـێ کارێـک بکـەن. یەکێـک لـە نزیکانـی پاشـا وتـی: «مـن کەسـێک ئەناسـم کە پێکەنیناویترین نووکتەکانی مەملەکەت دەگێڕێتەوە. شـەوێک داوەتـی میوانـداری نانـی ئێـوارەی دەیکـەن و داوای لێدەکەیـن پێکەنیناویتریـن نووکتەکانـی بـۆ پاشـا بگێڕێتـەوە».

هەموویـان ڕازی بـوون و هەینـێ بـەم مەبەسـتە، میوانداریيەکـی نانـی ئێوارەیـان ڕێکخسـت. هەمـوو وەزیران و گەورەکان و نزیکانی پاشا لە میوانداریيەکەدا ئامـادە بـوون. پـاش ئـەوەی نانـی ئێوارەیـان خـوارد، داوایـان لـەو پیـاوە کرد، کە تاڕادەیـەک لـە نزیک پاشـاوە دانیشـتبوو، چەنـد نووکتەیـەک بگێڕێتـەوە. کابرا دەسـتی پێکرد. کە نووکتـەی سـێیەمی کرد، تاڕادەیـەک هەموان لە پێکەنینـدا ناوسـکیان بڕابوو. کە نووکتەکانی دواتـری



Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner

گێڕایەوە، چەند کەسێک لە توندی پێکەنیندا ئەسرین لە چاویاندا ئەڵقەی بەست. کتوپڕ هەموویان سەرنجیان دایە پاشا کە لە خاڵێک رامابوو و خەم رووخساری داپۆشیبوو، چما لە دنیایەکی دیکەدا بێ. کتوپڕ دەنگی پێکەنینەکان پچڕا و کابرا وازی لە نووکتە کردن هێنا.

بۆ سبەی وەزیران و گەورەکان و نزیکانی پاشا، کە لە پێشتر زیاتر نیگەرانی سڵامەتی پاشا بووبوون، لە دەوری یەک خڕبوونەوە. ئەو وەزیرەی کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو وتی: «من دەزانم دەرمانی دەردی پاشا چییە».

- دەرمانی دەردەکەی چییە؟

- دەبێ لێوەشاوەترین سیحرباز لە هەموو شوێنەکانەوە داوەتی کۆشک بکەین. تەنها ئەوان دەتوانن کارێک بکەن، پاشا لە دڵتەنگی بێتە دەرێ.

یەکێک لە چواردەورەکەی پاشا وتی: «ئەگەر نەیانتوانی چی؟»

وەزیر وتی: «دەتوانن. دڵنیابن کە دەتوانن ئەو شاد بکەن».


هەموو ڕازی بوون.

زۆر زوو لە سەرانسەری مەملەکەتدا لێوەشاوەترین سیحربازانیان کۆکردەوە و دیسان میوانداریيەکی نانی ئێوارەیان بە هەمان مەبەست سازکرد. سیحربازان دەستیان بەکار کرد. سەیرترین تەردەستییەکانیان نمایش کرد. بە درێژایی ماوەکە دەنگی ئافەرین و پێکەنینی چواردەورەکەی پاشا دەبیسترا تا ئەوەی کتوپڕ هەموو سەرنجیان چووە سەر پاشا کە تەنها لە سیحربازەکان ڕامابوو، ڕێک وەک کاتێک کە لە شوێنێک ڕادەما، کە وەک بڵێی ئەسڵەن ئەوانی نەدەبینی و بەردەوام خەرمانەی خەم، رووخساری داپۆشیبوو. وردەوردە هەموو دەستیان لە ئافەرین و پێکەنین هەڵگرت و ئیدی سیحربازەکان ئارەزوویەکیان بۆ بەردەوامی کارەکە پیشان نەدا. پاش قەیرێک، پاشا لە نێو حەپەسانی هەمواندا، کۆڕەکەی جێهێشت.

زۆر زوو دەوروبەرەکەی پاشا لە چواردەوری یەکتری گردبوونەوە و هەموو باسیان لە نیگەرانییەکانیان کرد لە بارەی پاشاوە. هەر کەسێک هەوڵی



Scanned with CamScanner



دەدا ڕێگەچارەیەکی نوێ پێشنیار بکا، بەڵام وەک بڵێی ئیدی هەموان نائومێد بووبوون. لە کۆتاییدا یەکێک لە نزیکانی پاشا وتی: «ڕەنگە ڕاووشکار حاڵوباری بگۆڕێ و ببێتە هۆی ئەوەی خەموخەفەتەکەی لە بیر بکات».

ئەو وەزیرەی کە لە هەموان بە تەمەنتر بوو وتی: «پێکەنیناویترین نووکتەکانیان بۆ گێڕایەوە و خۆشترین تەڕدەستییەکانیان لە بەردەمیدا نمایش کرد. ئەم شتانە تەنانەت بزەیەکی بچووکیان نەخستە سەر لێوانی. ئێستا چۆن چاوەڕوانی ئەوەن شکار حاڵوباری بگۆڕێ؟»



Scanned with CamScanner

کابرا وتی: «پاشا ماوەیەکی زۆرە لە کۆشک نەچۆتە دەرێ. ئەگەر رازی بکەین بێتە ڕاو، ڕەنگە حاڵی بگۆڕێ».

وەزیرێکی دیکە وتی: «بە گومانی من ئەمە تاقە ڕێگەچارەیە بۆمان ماوەتەوە».

هەموو باسوخواسیان کرد و دواجار بڕیاردرا پاشا بەرنە ڕاووشکار. لە کۆتاییدا چەند کەسێک لە نزیکانی پاشا توانییان ئەو ڕازی بکەن و بیبەن بۆ ڕاو. هەموو بە ڕێکەوتن. لە ڕاوگەکە چەند ئاسکێکیان ڕاوکرد و هەرچەندە هەموو لە ڕاوەکە شاگەشکە بووبوون، بەڵام پاشا، بێئەوەی قسەیەک بکات، جاروبار لە خاڵێک ڕادەما، ڕێک وەک ئەو کاتەی کە لەسەر تەختەکەی دادەنیشت و لە خاڵێک ڕادەما.

نیوەڕۆ کە هەموو بۆ خێوەتگاکە گەڕانەوە، پاشا لە ڕۆخی جۆگەلە ئاوێکی نزیکی خێمەکەی دانیشت و لە ئاوەکە ڕاما. کەمێک دواتر چەند کەسێک لە گەورەکان کە لە ناو خێمەکەیاندا دانیشتبوون، هەستیان بە دەنگی پێکەنینی چێشتلێنەرەکان کرد. لە خێمەکە هاتنە دەرێ و چاویان کەوت بە حەنەکچییە تایبەتەکەی پاشا کە لە نزیک ئەو شوێنەوە وەستابوو کە خەریکبوون گۆشتی ڕاوەکەیان دەکردە کەباب. هەموو سەیری یەکتریان کرد. بە خۆیان وت ڕەنگە ئەم حەنەکچییە بتوانێ کارێک بکات پاشا خەموخەفەتەکەی لە بیر بکات. بە کۆمەڵ چوونە لای. بە حەنەکچییەکەیان وت: «ئەگەر بتوانی پاشا بهێنییە پێکەنین، هەرچییەکت بوێ دەتدەینێ».

حەنەکچی سەیری پاشای کرد کە هەروا لە ئاوەکە ڕامابوو. پێکەنی و کەوتەڕێ. لە نزیک پاشا و لە ڕۆخی جۆگەلەکە وەستا و وتی: «چی لە ئاوەکەدا دەبینی سەرورەرم؟»

پاشا وتی: «مرۆڤێکی نارەسەن دەبینم».

حەنەکچی پێکەنی و وتی: «خۆ منیش کوێر نیم، سەرورەرم. وا هەمان ئەو کەسە دەبینم کە تۆیش دەیبینی».



Scanned with CamScanner



کتوپڕ پاشا پێکەنی، ئەوەندە
پێکەنی، فرمێسک بە چاوانیدا هاتە
خوارێ. هەموو ئەو کەسانەی
کە خەریکبوون سەیری پاشایان
دەکرد، لە پێکەنینی ئەو،
کەوتبوونە پێکەنین.



Scanned with CamScanner



# پیاوێکی لەڕ

لە سەردەمانی کۆندا، لە دەرباری پاشایەک، پیاوێکی زیاد لە ڕادە لەڕ و لاواز کاری دەکرد کە لە ڕوانگەی ئەوانیترەوە وەک چۆلەکە بچووک بوو. ڕوومەتە ئێسکەکانی دەرپۆقیبوون و ڕوخساری هێندە لاواز بوو...

خەڵکانی زۆر لەڕیش، بە دیتنی ئەو پێدەکەنین و ئیدی ڕقیان لە ڕووخساری خۆیان نەدەبۆوە. کاتێک بۆ کارێک لە دەرباری وەزیر دەچووە دەرێ، خەڵکی بە قامکیان ئەویان پیشانی یەکتری دەدا و دەکەوتنە چرپەچرپ. کابرایش دەستێکی بە ڕووخساریدا دەهێنا و خێرا لە تەنیشتیانەوە تێدەپەڕی. وێڕای هەموو ئەمانەیش، زمانێکی تاڵی هەبوو و بەم زمانە، هەموانی زویر دەکرد، توانج و پلاری دەدا، قسەی بێسەروبەری دەکرد و بە توندی ئەهلی لاف لێدان بوو. کاتێک دەچووە بازاڕ تا شتێک بکڕێ، کاسبێک نەبوو لە توانج و پلارەکانی لە ئاماندا بێ و لەبەرئەوەی دەیانزانی لە دەرباردا شوێن و پێگەیەکی هەیە، کەس هیچی پێنەدەوت.

وەزیری دەربار هەمیشە لەم بابەتە زویر بوو، بەڵام قەت باسی نەدەکرد. چەندین جار قسە درشتەکانی ئەوی لە بارەی خۆی و ئەوانیترەوە بیستبوو، بەڵام لە ڕووی نەدابوو. تەنانەت کاتێک



Scanned with CamScanner

بیستی بە وەزیری جەنگی وتووە جیاوازی ئەسپ و هێستر نازانێ، دیسان هیچی نەوت، هەرچەندە وەختابوو هەڵچێ و لە دەربار فڕێیداتە دەرێ.

ڕۆژێک وەزیر بە غوڵامەکانی وت سبەی شەو وەزیران و نزیکانی پاشا بۆ نانی ئێوارە داوەتی دەربار بکەن! کابرای لەڕ و لاواز کە لەوێ بوو، وتی: «مەگەر ئێوە نانیش دەدەنە کەسێک!»

وەزیر کە تووڕە بووبوو، ویستی شتێک بڵێ، بەڵام کە ڕووخساری ڕەقەڵە و خوێڕییانەی کابرای بینی، قسەکەی قووت دایەوە.


هەموو دەست بە کار بوون. غوڵامەکان دەڕۆیشتن و دەهاتن و چێشتلێنەرەکان لە موبەقەکە سەرقاڵی دروستکردنی نانی ئێوارە بوون. کابرای لەڕ بە درێژایی ماوەکە سەری لە هەموو شوێنێک دەدا. جارجارێ بە سەر غوڵامێکدا هاواری دەکرد کە کار کەم دەکات و جارجارێکیش بە سەر چێشتلێنەرێکدا کە دەبوو لەبری چێشتلێنان، حەماڵیت بکردایە. کەسێک نەبوو لە توانج و پلار و قسە جەفەنگاوییەکانی ئەو لە تەناهی دابێ و لەگەڵ هەموان بە جۆرێک ڕەفتاری دەکرد، چما ئەو وەزیرە.

لە کۆتاییدا شەوی میوانداریەکە گەیشت و هەموو میوانەکان هاتن بۆ دەربار. کابرای ڕیوەڵەیش وەک هەمیشە لەوێ بوو. پەسا پەسا شوێنەکەی لە نێو میوانەکاندا دەگۆڕی و قسەکانی هیچ نەبوون جگە لە توانج و پلار. هیچ یەکێک لە میوانەکان، لەبەر ڕێزی وەزیر، وەڵامیان نەدەدایەوە. وەزیر لە دوورەوە چاودێری کارەکانی بوو. دەیبینی کە جارجارێ بە تێزەپێکەنین و جارجاریکیش بە ناوچاو مۆنی شتێک بە کەسێک دەڵێ و دەموچاوی یارۆی بەرامبەری تێکدەچێ. تائەوەی دواجار گوێی لێبوو لە کۆڕی نزیکانی پاشا، کە زۆروکەم لە نزیک شوێنەکەی وەزیرەوە بوو، دەیوت: «ئەم پیاوە بە کەڵکی وەزارەت نایەت. پاشا بەڵێنی بە من داوە ئەم ڕۆژانە لە دەربار فڕێیداتە دەرێ و من لە شوێنی ئەو دابنێ».

وەزیر کە ئەمەی بیست، بە جۆرێک پەرێشان و تووڕە بوو، ئیدی نەیتوانی



Scanned with CamScanner



بەر لە خۆی بگرێ. هاواری کرد: «ئەی خاوەن پلە و پایەکان!»

کتوپڕ هەموو بێدەنگ بوون و ئاوڕیان دایەوە و سەیری ئەویان کرد کە ڕووخساری لە تووڕەییدا سووربووبۆوە. وەزیر بە دەنگێکی بەرز وتی: «ئەو پیاوە دەبینن؟»

بە دەست ئاماژەی بۆ کابرای ڕیوەڵە کرد. «ئەوەی کە لەوێ، لە نێو ئەو کۆمەڵەدا وەستاوە».

هەموو سەیری کابرای ڕیوەڵەیان کرد. وەزیر وتی: «باش سەیری بکەن! ئەم پیاوە هیچ نەبوو. تەنانەت خۆیشی نەیدەزانی کێیە. من هەڵمستاندە



Scanned with CamScanner

سەرپێ. بە وردەنان و خەڵاتگەلێک کە من لێرە خستمە بەردەستی، بووە ئەو کەسەی کە ئێستا دەیبینن لەوێ وەستاوە. ئێستایش کاری گەیشتۆتە شوێنێک کە بە گوستاخی تەواوەوە قسەی زلزل بە من دەڵێ».

کابرای ڕێوەڵە لە وەزیر ڕامابوو. هەینێ کتوپڕ هەنگاوێک چووە پێشێ. ڕوویکردە میوانەکان و بە دەنگی بەرز وتی: «ئەی خاوەن پلە و پایەکان! ڕاستەکات. من بە وردەنان و خەڵاتەکانی ئەو گەورە بووم و پێگەییم.

ئێستایش بوومەتە ئەمەی
کە دەیبینن. بەڵام ئەمە بزانن کە
ڕەنگە ئەگەر کەسێکی دیکە منی
گەورە بکردایە، ئێستا ئەم بەژن
و باڵا و هەیکەل و ڕووخسارەم
نەبوایە».



Scanned with CamScanner



# پەرداخی زێڕین

ڕۆژێک پاشایەک غولامەکانی خۆی بانگی کرد بۆ بارەگا، پێی وتن: «بڕیارە سبەی میوانێکی گەورە بێت بۆ ئێرە. دەمەوێ کاتێک پێدەنێتە کۆشکەوە، هەر یەکێک لە ئێوە پەرداخێکی زێڕ بە دەستەوە بگرێ و لە شوێنی خۆی بوەستێ.

خوام لە حاڵتان هەڵەیەک لە ئێوە ڕووبدات!»

کاتێک کە هەموو غولامەکانی ئیزندا، بە غولامە تایبەتییەکەی وت: «داوا لە تۆیش دەکەم ئەم کارە بکەی. دەبێ وەک ئەوانیتر پەرداخێکی ئاڵتوونی بە دەستەوە بگری».

غولام سەرێکی دانەواند و لە بارەگا چووە دەرێ.

عەسری هەمان ڕۆژ غولامەکان لە دەوری یەک گردبوونەوە. ئەو غولامەی لە هەموویان بە تەمەنتر بوو، وتی: «دەڵێن بڕیارە سەردارێک بێتە ئێرە کە دە هەزار سەربازی هەیە».

غولامێکی دیکە وتی: «هەڵە دەکەیت! من بیستوومە میوانەکەی پاشا، بازرگانێکی گەورەیە کە لە شوێنێکی زۆر دوورەوە دێتە ئێرە. دەڵێن بە سامانەکەی دەتوانێ نیوەی ئەم مەملەتەکە بکڕێ».

غولامێکی دیکە وتی: «من کە بیستوومە بڕیارە شازادەیەک لە مەملەکەتێکی دوورەوە بێت بۆ ئێرە. دەڵێن بڕیارە خوازبێنی کچەکەی پاشا بکات».



Scanned with CamScanner

غولامـه پیرەکـه وتـی: «ئەگـەر بڕیـار بوایـه میوانەکـەی پاشـا، شـازادە بـێ، دڵنیابـه ئێمـه زووتـر لەوانیتـر پێمـان ئەزانـی».

هـەر کەسـه و شـتێکی دەوت. دواجـار کەسـێک لـه نـاو غولامەکانـەوە وتـی: «بوەسـتن! مـن ئەزانـم دەبـێ لـه کوێـوە بزانیـن میوانەکـەی پاشـا کێیـه».

هەموو وتیان: «له کوێوە؟»

غولامـی تایبەتـی پاشـا دەزانـێ. ئـەوەی کـه زۆر بێدەنـگ و ئـارام لێـرە ڕاوەسـتاوە. بـه چاوەکانـی خـۆم بینیـم کـه پاشـا پـاش ڕۆیشـتنی ئێمـه، قسـەی لەگـەڵ ئـەو کـرد.

هەمـوو سـەیری غولامـی تایبەتـی پاشـایان کـرد کـه بێدەنـگ لـه کونجێک وەسـتابوو. غولامەکـه پێـی وت: «بـه دڵنیاییـەوە تـۆ دەزانـی. وانییـه».

غولامی تایبەتی وتی: «دەبێ له کوێوە بیزانم!»

- بـەڵام مەحاڵـه پاشـا بـه تـۆی نەوتبـێ میوانەکـەی کێیـه. هەندێک کات تـۆ ئـاگات لـه شـتانێکه کـه هەمووومـان لێـی بێئاگایـن.

غولامـی تایبـەت وتـی: «ئەگـەر دەمزانـی، دڵنیابـن هـەر لـه سـەرەتاوە پێـم دەوتـن».

ئـەو غولامـەی کـه دەیـوت میوانەکـەی پاشـا شـازادەیەکه لـه مەملەکەتێکی دوورەوە، وتـی: «چـۆن ئەشـێ پاشـا بـه تـۆی نەوتبـێ؟»

غولامی تایبەتی پاشا وتی: «سوێند ئەخۆم که قسەی لەگەڵ من نەکردووە. خۆیشم سەرم لەمە سوورماوە. پاشا پێشتر هەموو شتێکی به من دەوت».

کـەس قسـەی نەکـرد. هەمـوو سـەیری یەکتریـان کـرد. لـه کۆتاییـدا یەکێـک لـه غولامـەکان وتـی: «ئێسـتا ئیدی چارەیەکمـان نییـه جگـه لـەوەی بوەسـتین تـا سـبەی».

هەینـێ هەمـوو پەرداخـه ئاڵتوونییەکانیان ئامـادە کرد و چاوەڕێی سـبەینێیان کرد.

کـه ڕۆژ بـۆوە، فەرمـان هـات کـه غولامـەکان زۆر خێـرا بـه پەرداخـی زێڕینـەوە



Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner

لە بارەگا ئامادەبن. هەموو غولامەکان پەرداخە زێڕینەکانیان هەڵگرت و بەرەو بارەگا بە ڕێکەوتن. لەوێ هەموو بە ڕیز لە شوێنی خۆیان وەستان. غولامی تایبەتی پاشا، بەر لە هەموویان، لە نزیک دەرگاکە وەستابوو. هەموو چاویان بڕیبووە دەرگاکە، تا ئەوەی رایانگەیاند میوانەکەی پاشا گەیشت. پاش تاوێک دەرگای گەورەی بارەگا کرایەوە و خودی پاشا هاتە بارەگاوە. هاوکات غولامی تایبەت کە چاوی بە پاشا کەوت، ئاگای لە خۆی نەما، دەستەکانی شلبوون و پەرداخە زێڕینەکەی لە دەست بەربۆوە و شکا. باقی غولامەکان کە ئەم دیمەنەیان بینی، یەکسەر پەرداخەکانیان بەردایەوە سەر عەردەکە. پاشا بە سەرکۆنەکردنەوە بە غولامەکانی وت: «بۆچی ئەم کارەتان کرد؟»

غولامەکان وتیان:

«لەبەرئەوەی ئەو لە هەموومان
زیاتر لە تۆوە نزیکە، پەرداخەکەی
بەردایەوە. ئێمەیش کە ئەمەمان
بینی، پەرداخەکانمان فڕێدا».
پاشا بە دەنگی بەرز وتی: «ئەی
گەمژەینا، ئاخر خۆ ئەم کارە ئەو
نەیکرد، من کردم».





Scanned with CamScanner



# شمشێری عەشق

ڕۆژێک یەکێک لە دەوروبەرەکەی
پاشا چووە بارەگاوە و هەواڵی
حاڵوباری مەجنونی دایە پاشا.
وتی: «ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر
گرفتاری ئەوینی لەیلا دەبێ!
سەرودەرم، تەواو خۆی لە
بیرکردووە و لە ئەوینی لەیلا...

داوێتییە شاخ و بیابان و خەریکە خۆی لە ناودەبات». پاشا بە وردی گوێی لە هەموو ئەو هەواڵانە گرت. کاتێک قسەکانی کابرا تەواو بوو، پاشا چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو و هەینێ وتی: «ئەمەوێ مەجنون ببینم».

هاوکات غوڵامە تایبەتییەکەی بانگکرد. پێی وت: «هەر ئێستا بڕۆ و بە هەر جۆرێک بووە مەجنون بدۆزەرەوە و بیهێنە بۆ ئێرە!»

غوڵام نووشتایەوە و لە بارەگا چووە دەرێ. سەری لە هەر شوێنێک دا کە پێیوابوو ئەشێ مەجنون چووبێتە ئەوێ تا دواجار ئەوی لە نزیک شاخێکەوە دۆزیەوە. مەجنون لە شوێنێک دانیشتبوو و خەریکبوو بە یادی لەیلا شیعرێکی دەخوێندەوە و دەیناڵاند. غوڵام پەیامی پاشای پێدا. مەجنون کە چما نەیبیستبێ، درێژەی بە شیعر خوێندنەوە دا. غوڵام چووە نزیکییەوە. وتی: «پاشا ئەیەوێ بتبینێ. لە



Scanned with CamScanner

قسەکانم حاڵی دەبی؟»

مەجنون تەنها سەیری کرد. غولام وتی: «لەگەڵ تۆمە، مەجنون!»

مەجنون، وەک بڵێی تازە هاتبێتەوە سەرخۆ، وازی لە شیعر خوێندنەوە هێنا و سەیری غولامەکەی کرد. غولام دیسان قسەکەی دووبارە کردەوە. بەلام مەجنون بێئەوەی قسەیەک بکات، هەستا و بە شوێن غولامدا بەڕێکەوت. بەلام هەموو جارێ دەوەستا، ئاوڕێکی دەدایەوە و ئاخێکی هەڵدەکێشا. جارجارێ بە دەم خۆیەوە شیعرێکی دەچرپاند، تەنانەت جارێک لە شوێنێک دانیشت و غولام ناچار بوو بچێتە تەنیشتی و دیسانەوە قسەکەی پاشا دووبارە بکاتەوە.

دواجار پاش ماوەیەک گەیشتنە کۆشک. غولام تا پێش دەرگای بارەگای پاشا، یاوەری مەجنونی کرد. پاشا بە دیتنی مەجنون، زۆر سەراسیمە بوو. وتی: «چەندە لاوازبووی، مەجنون!»

مەجنون سەری دانەواند. پاشا وتی: «سەیرکە چیت بەسەر خۆت هێناوە! لە زۆری لاوازیدا وەک دار وشک بووی. رووخسارت هێندە لەڕ بووە، مرۆڤ حەز دەکات زۆرەزۆر بۆ حاڵت بگری. بوویتە پێست و ئێسک».

ئەوسا هەستا و بەرەو مەجنون چوو کە سەری دانەواندبوو. وتی: «خەریکی چ بەلایەک بەسەر خۆت دەهێنی؟ ئەو گەنجە پێگەیشتووە کوا کە هەموو حەزیان دەکرد چەند کاتژمێر بوەستن و سەیری بکەن؟ لە کوێیە؟ وەلامم بدەرەوە، مەجنون!»

بەلام مەجنون هیچی نەوت. حەزی دەکرد هەمان چرکە بگەڕایەتەوە بناری شاخەکە و لەوێ دابنیشتایە، بیری لە لەیلاکەی بکردایەتەوە و بە یادی ئەو شیعری بخوێندایەتەوە. پاشا وتی: «ئەسڵەن گوێت لێیە چی دەڵێم؟»

مەجنون سەری هەڵبڕی. پاشا وتی: «دەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم. گوێت لێمە؟»

مەجنون بە ئەسپایی وتی: «بەڵێ، سەروەرم!»



Scanned with CamScanner

دەمەوێ بپرسم مەگەر ئەم لەیلایە کێیە کە تۆ بەمجۆرە شەیدای بووی؟ وەڵامم بدەرەوە! پێم بڵێ! مەگەر چ یاقووتێکە تۆ لەبەر خاتری بەمجۆرە ئاوارەی شاخ و سارا بووی؟ مەگەر زۆر جوانە کە ئیدی لە جیهاندا وێنەی نییە؟ بۆچی قسە ناکەی؟ پێم بڵێ لەیلا چی هەیە کە باقی کچان نیانە!

مەجنون بێ هیچ قسەیەک سەیری پاشای دەکرد. پاشا وتی: «بۆچی قسە ناکەیت؟»

مەجنون دیسانەوە سەری دانەواند. پاشا وتی: «تۆ ئاوەزت لە دەست داوە. کچانی جوان هەن کە ئامادەن گیانیان قوربانی تۆ بکەن. کچانی زۆر جوان کە لەیلا لە چاویانەوە هیچ نییە. ئەوسا تۆ نووساوی بەم کچەوە و خۆت خراپ و وێران کردووە».

پاشا وەرسووڕا و لە شوێنی خۆی دانیشت. وتی: «دەوای دەردت ئەزانم. دەزانم چی بکەم تا ئاوەزت بێتەوە شوێنی خۆی. ئەوە بەسە ئەو کچە جوانە ببینی، ئەوسا خۆت تێدەگەیت من چی دەڵێم و دەست لەم عەشقە ماڵوێرانکەرە هەڵدەگری».

بانگی غوڵامە تایبەتییەکەی کرد. پێی وت زۆر زوو کچە جوانەکان لە بارەگا ئامادە بکە.

هێندەی پێنەچوو کچانی جوان لە بارەگا ئامادە بوون. پاشا یەک یەک سەیری کچەکانی کرد. هیچ شتێکیان لە جوانیدا کەم نەبوو. بە خۆی وت: «لەیلا لە هەمبەر ئەمانەدا ئەبێ کێ بێ! هەزار لەیلا نابێتە تاڵێک لە قژی یەکێک لە مانە».

ڕۆیشتە تەنیشت مەجنون، کە سەری دانەواندبوو. وتی: «سەیریان بکە! یەک لە یەکی جوانترن. هەر کامێکیانت بوێ ئامادەن تا کۆتایی تەمەن گیانیان قوربانی تۆ بکەن. تەنها بڵێ کامیانت ئەوێ! سەیریان بکە!»

بەڵام مەجنون هەروا سەری دانەواندبوو. پاشا وتی: «مەگەر لەگەڵ تۆم نییە، مەجنون؟ دەڵێم سەرت هەڵبڕە و سەیریان بکە!»



Scanned with CamScanner


مەجنون بچووکترین جووڵەی نەکرد، چما ئەسڵەن نەیبیستبێ.
پاشا وتی: «سەیریان بکە مەجنون! سەرت هەڵبڕە!»
مەجنون هەروا کە سەری دانەواندبوو، وتی: «دەترسم، سەروەرم!»
- لە چی دەترسی؟

«دەترسم، سەروەرم! عەشقی
لەیلا شمشێری هەڵکێشاوە.
ئەگەر سەرم هەڵبڕم، سەرم
دەپەڕێنێ.»

پاشا هیچی نەوت. لە
مەجنون ڕامابوو کە هەروا
سەری دانەواندبوو.



Scanned with CamScanner



# ئەو پیاوەی هێسترەکەی ونکرد

له سەردەمانی کۆندا، پیاوێک دەژیا کە لە ماڵی دنیا تەنها هێسترێکی هەبوو. هەموو ژیانی ئەم هێسترە بوو و هەموو کارەکانیشی بەم هێسترە دەکرد. بەیانی کە لە خەو هەڵدەستا، سەرەتا دەچووە دووی هێسترەکەی.

ئالیک و ئاوی دەدایە و هەینێ دەچوو بە شوێن کاریدا. جارجارێ خۆرئاوایان کە خەریکبوو بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە، دڵی دەگیرا و قسەی بۆ هێسترەکەی دەکرد و پاشان هەستی دەکرد هەموو خەمەکانی لە بیرکردووە. کە دەگەیشتەوە ماڵەوە، هێسترەکەی دەبردە تەویلە و باش ئالیک و ئاوی دەدایە.

بەیانییەکیان کەمێک درەنگ لە خەو هەستا و وەک هەمیشە راستەوخۆ چووە تەویلەکە. کاتێک دەرگاکەی کردەوە، بینی هیچ هەواڵێک لە هێسترەکە نییە. بۆ ساتێک وەختابوو لە بێتاقەتیدا بکەوێ، بەڵام بە هەر جۆرێک بوو، خۆی بە پێوە ڕاگرت. رۆیشتە ژوورێ و پاڵی بە دیواری تەویلەکەوە دا. چاوی کەوت بە ئالیک و ئاوی پاشماوەی دوێنێ و دەستی کردە گریان. پاشان لە تەویلەکە هاتە دەرێ و سەیرێکی چواردەوری کرد. هیچ شوێنەوارێکی هێسترەکە نەبوو. بە خۆی وت بە دڵنیاییەوە خەریکە خەو دەبینێ. هەربۆیە گەڕایەوە تەویلەکە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی هێسترەکە نەبوو.



Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner

لەسەر زەوییەکە دانیشت. ئەسڵەن نەیدەزانی چی بکات. بیری کردەوە نەکا شەوی رابردوو دز دابێتی بەسەر تەویلەکەدا و هێسترەکەی لەگەڵ خۆی بردبێ، رەنگیشە هێسترەکە خۆی رۆیشتبێ. زۆر ئاسان دەیتوانی دەرگا بکاتەوە و بڕوات. دەرگای تەویلەکە هیچ کاتێک ئاڵقەڕێزی نەبوو.

هەستا و لە تەویلەکە هاتە دەرێ. بیری کردەوە تا درەنگ نەبووە کارێک بکات. یەکسەر نیەتی لەگەڵ خۆی کرد سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێ تا لەم ماوەیەدا هێسترەکەی بدۆزێتەوە. کەوتەڕێ. بەر لە هەر شتێک، چووە دووی پیاوێک کە لەگەڵ ژنەکەی لەماڵێکی بچووکی هاوسێیەتی ئەو دەژیان. کابرای هاوسێ کە بەرەو شوێنی کارەکەی دەچوو، بە دیتنی هاوسێکەی وەستا. ئەو پیاوەی هێسترەکەی ونکردبوو، حەپەسا و لەو نزیک بۆوە و بابەتەکەی بۆ باس کرد. کابرای هاوسێ وتی هێسترەکەی نەدیوە. «بەو هۆگرییەی تۆ بۆ هێسترەکەت هەیە، کێیە نەیناسێ. وەڵا لە دە فرسەخەوە دەیناسمەوە. ئەگەر بینیم یەکسەر ئاگادارت دەکەمەوە».

کابرا وتی: «ئەشێ دز دابێتی بەسەر تەویلەکەمدا؟ لە بەیانییەوە بیر لەمە دەکەمەوە کە ئەسپدزان هێسترەکەمیان بردووە».

کابرای هاوسێ ناوچەوانی خوراند و وتی: «بە دووری دەزانم. ماوەیەکی زۆرە نەمبیستووە لەم دەوروبەرە دزی کرابێ. سەرباری ئەمەیش، رەنگە دز هێسترەکەی بردبێ».

ئەو پیاوەی هێسترەکەی ونکردبوو، بێتاقەت و خەمین سەیری چواردەوری دەکرد. ئەسڵەن نەیدەزانی بۆ کوێ بچێ و لە کوێ بە شوێن هێسترەکەیدا بگەڕێ. کابرای هاوسێ وتی: «فکرێک هاتووە بە مێشکمدا».

- چ فکرێک؟

- خراپ نییە سەرێک لە بازاڕی شوێن کارەکەت بدەیت. رەنگە چووبێتە ئەوێ. رەنگە بەیانی درەنگ کەوتبێ، خۆی بەڕێکەوتبێ و چووبێتە شوێن کارەکەت.

دەموچاوی کابرا گەش و روون بۆوە. ماڵئاوایی لە هاوسێکەی کرد و بەلەز بەرەو بازاڕ بەڕێکەوت. لەوێ دوکان بە دوکان وەستا و سۆراغی هێسترەکەی لە



Scanned with CamScanner

کاسبکارەکان کرد، بەڵام هیچ کەسێک هەواڵێکی لێی نەبوو. وردەوردە خەریکبوو لەم فکرە نائومێد دەبوو کە هێسترەکە هاتبێ بۆ بازاڕ، کاسبێکی کەم داهات پێی وت هێسترێکی بینیوە کە بەیانی خەریکبووە لە بەرامبەر دەرگای بازاڕەکەوە ڕۆیشتووە. کابرا بە خۆشحاڵی ناونیشانی هێسترەکەی دا. کاسبکارەکە شتانی تێکەڵ و پێکەڵی وت. وێڕای ئەمەیش، کابرا خۆشحاڵ لەمەی کە ئەشێ ئەو هێسترە، هێسترەکەی خۆی بێ، بەرەو ئەو لایە ڕۆیشت کە کاسبکارەکە پیشانی دابوو. لە ڕێگە، بە هەر کەسێک دەگەیشت، سۆراغی هێسترەکەی دەکرد. هەندێک ئەسڵەن هێسترەکەیان نەدیبوو و هەندێکیش کە پێیانوابوو بینیویانە، وەک ئەو کاسبە، شتانی تێکەڵ و پێکەڵیان دەوت.

کابرا تا خۆرئاوا هەر شوێنێکیان پیشاندابوو گەڕا و هەینێ بە ماندوێتی گەڕایەوە ماڵێ. بەم ئومێدەی ئەشێ هێسترەکە گەڕابێتەوە. چووە تەویلەکە، بەڵام هیچ هەواڵێک لە هێسترەکە نەبوو. بە هیلاکی چووە پێخەفەوە و تا درەنگە وەختێک خەوی لێنەکەوت و بیری لە هێسترەکەی کردەوە. بیری لەو کاتانە دەکردەوە کە ماندوو لەسەر کار دەگەڕایەوە و لە ڕێگە خوانی دڵی بۆ دەکردەوە. هیچ شەوێک ئەمەندە هەستی بە ماندوێتی نەکردبوو.

کابرا دوو ڕۆژی دیکە، لە کاتێکدا کە بەردەوام بەڕۆژوو بوو، بە شوێن هێسترەکەیدا هەموو شوێنێک گەڕا. چەندین جار سەری لە بازاڕدا و دەگەیشتە هەر کەسێک، هەواڵی هێسترەکەی دەپرسی. بەڵام شوێنەوارێکی ئەوی نەدۆزیەوە.

بەیانی زووی ڕۆژی چوارەم، ڕێک ساتێک کە لە خەو هەڵدەستا، شتێکی بیرکەوتەوە. بیری هاتەوە چەند جارێک هێسترەکەی بردبووە سەر گۆمێک کە زۆروکەم لە ماڵەکەیەوە دووربوو. یەکسەر لە شوێنەکەی هەستا. پۆشاکی پۆشی و بەڕێکەوت. هیچی وای نەمابوو بۆ نیوەڕۆ کە لە دوورەوە خاڵێکی لەسەر زەوییەکە بینی. هەرچەندە ماندووبوو، بەڵام خێرایی هەنگاوەکانی زیاتر کرد. هێشتا چەند هەنگاوێک لەو خاڵەوە دووووربوو کە لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، چاوی بە هێسترەکەی کەوت. بەپرتاو خۆی گەیاندە سەری. هێسترەکە تۆپی بوو. کابرای ڕەهێڵی سەر زەوییەکە بوو و هەنسکی گریانی دڵتاوێنی دەست پێکرد.




Scanned with CamScanner



هەنگی روویکردە ئاسمان: بە
دەنگی بەرز وتی: «خودایە!
پیاونیم گەر لەبری ئەو سێ
ڕۆژە کە بەڕۆژوو بووم، شەش
ڕۆژ لە مانگی ڕەمەزان نەخۆم!»



Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner



# له ڕێگەی مەككە

گێڕاویانەتەوە ڕۆژێک کاروانێک
لە بیابانێکەوە بەرەو مەککە
دەڕۆیشت. هەموو ژنان و
پیاوانی کاروانەکە بەنیازی
حەج بوون. پیاوێک کە ساڵانێک
ئارەزووی ئەم سەفەرەی لە
سەریدا پەروەردە کردبوو،
دواجار توانیبووی لەگەڵ
ئەم کاروانە بەڕێبکەوێ و...

تاڕادەیەک لە کۆتایی کاروانەکەدا شوێنی گرتبوو. ئەو بۆ پیاوێکی بە تەمەنی دەگێڕایەوە کە لە تەنیشتییەوە دەڕۆیشت، چەندین جار ویستوێتی بۆ ئەم سەفەرە بێ، بەڵام هەموو جارێ کارێکی تووشبووە و ئاستەنگێک هاتۆتە سەرڕێی؛ تا ئەوەی لە کۆتاییدا ئێستا هەموو شتێک دەستی داوەتە دەستی یەک تا لەگەڵ ئەم کاروانە بۆ ئەم سەفەرە بەڕێبکەوێ. کابرای بە تەمەنیش باسی سەفەری زۆری دەکرد بۆ مەککە.

هێشتا بیابانەکەیان زۆر نەبڕیبوو کتوپڕ زریانێک هەڵیکرد. هەموو لە وشترەکانیان دابەزین و لە شوێنێک خۆیان مەڵاس دا. ماوەیەک تێپەڕی و کابرا کە لە کونجێکی تەنیشت وشترەکەی کزۆڵەی کردبوو و خۆی مەڵاس دابوو، خەوی لێکەوت. هێشتا نیوەڕۆ هێندە تێنەپەڕیبوو لە خەو ڕاپەڕی. هەستا و سەیری چواردەوری خۆی کرد. نە هەواڵێک لە زریانەکە هەبوو و نە لەو کاروانەی کە لەگەڵی بەڕێکەوتبوو و نە لە وشترەکەیشی. لە ترس و نیگەرانیدا بۆ ساتێک



Scanned with CamScanner



بە هەموو لایەکدا رایکرد و هەینێ لە شوێنی خۆی وەستا. سەیری دەوروبەری خۆی کرد. تا چاو هەتەری دەکرد بیابانێکی رووتەن بوو. ئەسڵەن نەیدەزانی چی بکات. بۆ ساتێک تەرمی بێگیانی خۆی بینی کە لە شوێنێکی بیابانەکە کەوتووە و لە تینوێتی و برسێتیدا مردبوو. چوارمشقی دانیشت. ئەسرین لە چاوەکانیدا گردبووبۆوە. نەفرەت و لەعنەتی لە خۆی کرد کە خەوی لێکەوتبوو. بیری کردەوە بە لێرە دانیشتن و ئەژنۆی خەم لە باوەش گرتن، تەنها کاتی بە فیرۆ دەدا. بیری کردەوە دەبێ کارێک بکات. هەستا و دیسان سەیری چواردەوری خۆی کرد. هەوڵی دا شوێنپێیەک لە پیاوان و ژنان و چوارپێکان لەسەر لمەکە بدۆزێتەوە، بەڵام زریانەکە هەمووی لە نێو بردبوو. سەیری خۆری کرد کە رێک بە بان سەرییەوە بوو. بە خۆی وت تاقە ڕێگەیەک کە بۆی ماوەتەوە ئەمەیە دەرک بە ڕێگەکە بکات. پاشان ئەو ڕێگەیەی هەڵبژارد کە پێی وابوو کاروانەکە لەوێوە ڕۆیشتووە. ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر لمە گەرمەکە هەنگاوی هەڵگرت و سات بە سات تینووتر دەبوو. لە بەرامبەریدا جگە لە بیابانی وشک و بێ ئاو و گژوگیا، هیچ شتێک نەبوو. بە خۆی وت نەکا ئەسڵەن ڕێگەکە بە هەڵە هاتبم. بە دڵنیاییەوە بەمجۆرە بووە. ئەگەر لە دوایانەوە هاتبایە، بە دڵنیاییەوە تا ئێستا دەیبینین. بەڵام بیری کردەوە بە دڵنیاییەوە ئەوان زۆر خێراتر لەو دەڕۆن.

وردەوردە هێندەی تینوو بوو، ئەکرا هەر ساتێک ببووریتەوە. کابرا کە ئیدی نائومێد بووبوو، دەستەوئەژنۆ لەسەر عەردەکە کەوت. دیسان لەعنەتی لە خۆی کرد کە لە ساتی زریانەکەدا خەوی لێکەوتووە و هەنگی دەستی کردە گریان. بەڵام کتوپڕ لە دوورەوە خاڵێکی ڕەشی بینی. بۆ ساتێک بیری کردەوە، تراویلکە دەبینێ.



Scanned with CamScanner



هەستا و بکێش بکێش بەرەو خاڵە ڕەشەکە ڕۆیشت. هەرچەندە دەچووە پێشتر، خاڵە ڕەشەکە گەورەتر و گەورەتر دەبوو، تا ئەوەی ئەرخایەن بوو ئەو شتەی دەیبینێ، تراویلکە نییە. خێمەیەکی بچووک و رزیوی لە ناخی بیابانەکەدا بینی کە ژنێکی لە پەناوە وەستابوو. خۆی گەیاندە ئەوێ و لەبەر خێمەکە و لەسەر زەوییەکە کەوت. هەینێ سەری هەڵبڕی و بە ژنەکەی وت کە لە بەرامبەری وەستابوو: «ژنەکە! من لە بیابان ونبووم. ئەو کاروانەم ونکردووە کە لەگەڵی دەچووم بۆ مەککە و ئێستا میوانی تۆم. داوات لێدەکەم کەمێک ئاوم بدەیتێ».

ژنەکە، بێئەوەی قسە بکات، چووە خێمەکەوە و پاش قەیرێک بە گۆزەیەکەوە گەڕایەوە. کابرا نیوە هەستا. گۆزەکەی گرت و دەستی کرد بە خواردنەوەی ئاوێک کە لە ئاگر سووتێنەرتر بوو و لە خوێ سوێرتر. ئاوەکە ئازای ئەندامی سووتاند. هەینێ گۆزەکەی دایەوە بە ژنەکە و هەستا و بەپێوە وەستا. بە ژنەکەی وت: «تۆ لوتفێکت لە هەمبەر من کرد و ئاوت پێدام. ئێستا ئەمەوێ لە پاداشتی ئەم زەحمەتەت، شتێکت پێ بڵێم».

ژنەکە سەراپا گوێ بوو. کابرا وتی: «باش گوێ لە قسەکانم بگرە! بە دووری ئەزانم بەغداد یا کوفە یان شوێنەکانی دیکە زۆر لێرەوە دووربێ. ئەگەر بتەوێ بچیت بۆ ئەوێ، پێموایە بە تەپاوتل یا بە چواردەستەیش دەتوانی بچیت بۆ ئەوێ. لەوێ ئاوی شیرین و سارد پەیدا دەکەیت. خۆراکی بەلەزەت و جیاواز دەستدەخەیت. دەتوانی گەرماو بکەیت و چێژ لە خۆشییەکان وەربگری. بۆچی لێرە ماویتەوە؟»




Scanned with CamScanner

ژنەکە هیچی نەوت، بەڵام دیاربوو قسەکانی کابرای بە گیان و دڵ بیستووە.

پاش ماوەیەک سەروپۆتەڵاکی مێردەکەی دەرکەوت، کە پیاوێکی عەرەب بوو. کابرا چەند مشکەکوێرەیەکی راوکردبوو. دایە دەست ژنەکە تا لێیبنێ و پاشان کاتێک ئامادە بوو، برێکیان دایە کابرای موسافیر. کابرا هەرچەندە رقی لەو خواردنە بوو، بەڵام لەبەرئەوەی زیاد لە ڕادە برسی بوو، چەند پارووێکی لێخوارد.

نیوەشەو پێخەفی موسافیریان لە دەرەوەی خێمەکە راخست. ئەو کە ئیدی زۆر ماندووبوو، لە پێخەفەکەدا راکشا و خەوی لێکەوت. بەرەبەیان بە دەنگی ژن و مێرد لە خەو ڕاپەڕی. گوێکانی قوڵاغ کرد. گوێی لێبوو ژنەکە خەریکبوو ئەو شتانەی بۆ کابرای عەرەب باس دەکرد کە ئەو لە بارەی بەغداد و کوفەوە وتبووی. کاتێک قسەکانی ژنەکە تەواو بوو، کابرای عەرەب وتی:






Scanned with CamScanner



# پیاوی دانا و دێو

ڕۆژێک لە ڕۆژان کاروانێکی گەورە کە بەرەو شارێک دەچوو، لە سارایەک ڕێگەی ونکرد. چەند کاتژمێرێک لە ڕێگەیەک کە پێیانوابوو بە شار کۆتایی دێ، ڕۆیشتن، بەڵام جگە لە سارای بێ ئاو و گژوگیا، هیچیان لە بەردەمدا نەبوو.

کاروانسـالار، کە پیاوێکی گەنج و تازەکار بوو، وتـی دەبێ ڕێگەیـان بگۆڕن و هەینێ ڕێگەیەکی پیشـاندان و وتـی ئەمە هەمـان ئەو ڕێگەیەیە کە بە شـار کۆتایی دێ. پیاوێـک چـووە لای کاروانسـالاری گەنـج و وتـی: «تـۆ چەنـد کاتژمێرێـک لەمەوبەریـش هەمـان قسـەت کـرد».

کاروانسـالار وتـی: «ڕێگەکەمـان ونکـردووە. ئێسـتایش پێموایـە دەبێـت لـەم ڕێگەیـەوە بڕۆیـن».

بەڕێکەوتـن. تـا دەمـی خۆرئـاوا بێوچـان لـە ڕێگەیەکەوە ڕۆیشتن کە کاروانسـالار وتبووی، بەڵام جگـە لـە بیابـان، هیچیـان لەسـەر ڕێگـە نەبـوو. پـاش کەمێک کـە دنیـا تـەواو تاریـک بـوو و چـاو چـاوی نەدەبینی، کاروانەکە لـە شـوێنێک وەسـتا. کاروانسـالار بـە خەڵکەکەی وت: «ئەمشـەو لێرە دەمێنینـەوە. سبەی بـە دڵنیاییـەوە شـار ئەدۆزینـەوە».

هەمـوان لـە کاتێکـدا کـە تۆقیبـوون، لەمـەی کـە ئەشـێ هەرگیز نەگەنـە مەبەسـتیان. ڕەشـماڵیان هەڵدا.



Scanned with CamScanner

هەمان ئەو پیاوەی کە نیوەڕۆ لەگەڵ کاروانسالار لە بارەی ڕێگەی ڕاستەوە قسەی کردبوو، دیسانەوە چووە لای ئەو و وتی: «تۆ دڵنیایت سبەی شار ئەدۆزینەوە؟»

کاروانسالار وتی: «ئومێدەوارم بیدۆزینەوە».

خەڵکەکە کە پێیان وانەبووبوو ئەشێ ڕێگە ونبکەن، خۆراک و ئاوێکی کەمیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو و هەمان شەو تاڕادەیەک ئەو خۆراکەیان خوارد کە پێیان مابوو.

بەیانی زۆر زوو کاروانسالار خەڵکی کاروانەکەی خەبەرکردەوە و هەموو بەڕێکەوتن. چەند کاتژمێرێک لە بیابان ڕێیان کرد. وردەوردە دوایین دڵۆپە ئاوەکان تەواو بوو و هەموو تینوویان بوو و بە نیگەرانییەوە چاویان بڕیبووە بەرامبەریان کە جگە لە بیابان، هیچ شتێک نەبوو. ئەو پیاوەی لەگەڵ کاروسانسالار قسەی کردبوو، بە خۆی وت ئەم پیاوە تا شەو دانەهاتووە، هەموومان بە کوشت ئەدا و هەنگێ ئەم بابەتەی لەگەڵ چواردەورەکەی خستە بەرباس. ئەوان ویستیان بچنە لای





Scanned with CamScanner

کاروانسـالاری گەنـج کـە کتوپڕ کەسێک بـە دەنگی بـەرز هـاواری کرد: «سـەیری ئـەوێ بکـەن!»

کاروانەکە وەستا. هەموو لـەو شوێنە ڕامان کە کابرا خەریکبوو بە قامکی ئاماژەی بۆ ئـەوێ دەکرد. خاڵێکی ڕەشـی لـە قووڵایـی بیابانەکـەدا دۆزیـەوە. کاروانچییەکان ناخودئـاگا بـەرەو خاڵە ڕەشـەکە ڕۆیشتن و پاش چەند ساتێک چاویان کـەوت بـە بیرێـک و هەمـوو هروژمیان بـۆ بـرد. هیـچ لـە بنی بیرەکـەدا دیار نەبوو. یەکێک لـەو کەسانەی کە لـە چواردەوری بیرەکە وەستابوو، وتـی: «دەبێ گوریـس و سـەتڵ بهێنیـن».

پیاوێـک بەلـەز بـەرەو وشـترەکەی ڕۆیشـت و گوریسـێکی درێـژی هێنـا و یەکێکیتریـش سـەتڵێکی گـەورەی هەڵگـرت. سـەری گوریسـەکەیان بـە دەسـکی سەتڵەکەوە بەست و دایانهێڵایە خوارێ. هەموو لە دەستەکانی کابرا ڕامابوون کە خەریکبوو بەکاوەخۆ گوریسـەکەی دادەهێڵا. تاڕادەیەک سـەتڵەکە مەودایەکی زۆر چووبـووە خـوارێ، کتوپڕ دەستەکانی کابـرا ڕاکێشـرانە خـوارێ و دەنگێک لـە بنـی بیرەکـەوە هەسـتا. کابـرا هەسـتی کـرد گوریسـەکە زۆر سـووک بـووە. یەکسـەر هەڵیکێشـا و هەمـوو سـەری گوریسـەکەیان بینی کە پچڕاوە و هەواڵێک لـە سـەتڵەکە نییـە. پیاوێـک لـە نێـو کۆمەڵەکـەدا وتـی: «چـی ڕوویـدا؟»

ئـەو پیـاوەی گوریسـەکەی گرتبـوو، وتـی: «نازانـم. وەک بڵێـی کەسـێک لـەو بنـەوە گوریسـەکەی بڕیـوە».

ژنێک وتی: «سەتڵێکی دیکە بنێرنە خوارێ. تاقە ئومێدی ئێمە ئەمەیە».

پیاوێکی دیکە بەپرتاو بەرەو وشترەکەی ڕۆیشت و بە سەتڵێکەوە گەڕایەوە. دیسان سەتڵەکەیان لە سەری گوریسەکە بەست و دایانهێڵا، بەڵام ڕێک کە گەیشتە هەمان شوێن، دیسان دەستی ئەو پیاوەی گوریسەکەی دادەهێڵا، ڕاکێشرا و دەنگێک لە بنی بیرەکەوە هات. کابرا بەپرتاو گوریسەکەی ڕاکێشا. هەواڵێک لە سەتڵەکە نەبوو. هەموو بە حەپەساوی سەیری سەری پچڕاوی گوریسەکەیان کرد. ئەو پیاوەی سەتڵی دووەمی هێنابوو، وتی: «ئێستا چی بکەین؟»



Scanned with CamScanner

ژنەکە وتی: «هەموومان لە تینوا دەمرین».

کەسێک لە نێو خەڵکەکەوە وتی: «من داهێڵنە خوارێ».

هەموو سەیریان کرد. سەری گوریسەکەیان توند لە کەمەری بەست. چەند کەسێک توند گوریسەکەیان گرت و زۆر بە هێواشی کابرایان داهێڵا. ڕێک کە گەیشتە هەمان شوێنی پێشوو، دیسانەوە دەنگێک لە بنی بیرەکەوە بیسترا و ئەو پیاوانەی گوریسەکیان گرتبوو، فڕێدرانە دواوە. گوریسەکە پچڕابوو. یەکسەر هەڵیانکێشایەوە و سەیری سەری گوریسەکەیان کرد. کەسێک سەری ڕۆبردە بیرەکەوە و هاواری کرد، بەڵام وەڵامێک نەهاتەوە. پیاوێکی دیکە وتی: «لێگەڕێن من بڕۆم».





Scanned with CamScanner

ئەویان لەسەری گوریسەکە بەست و بە هێواشی دایانهێڵایە خوارێ، بەڵام ئەویش ئیدی نەهاتەوە سەرێ.

بەڕێکەوت پیاوێکی دانا لەم کاروانەدا بوو. بە دیتنی ئەم ڕووداوانە، هاتە پێشێ و وتی: «من ئەڕۆم بزانم لەو خوارەوە چ باسە».

یەکێک لەو پیاوانەی گوریسەکەی بە دەستەوە گرتبوو، وتی: «خۆت بە کوشت ئەدەی».

کابرای دانا وتی: «چارەیەک نییە. ئەگەر نەشڕۆم لێرە دەمرم».

ئیدی کەس هیچی نەوت. کابرای دانایان لە سەری گوریسەکە بەست و هێدی هێدی دایانهێڵایە خوارێ. کابرا لە دیواری بیرەکە و خوار قاچی ڕامابوو کە بەردەوام تاریک و تاریکتر دەبوو. کاتێک تاڕادەیەک گەیشتە کۆتایی بیرەکە، بوونەوەرێکی ڕەش و خێوپەیکەری بینی کە لەو ڕامابوو. بە ئەسپایی بە خۆی وت: «دەبێ ئاوەزم بخەمە کار تا بزانم چی دەبێ».

دێوەکە کە گوێی لە قسەکانی بووبوو، وتی: «قسەی بەلاش مەکە! ئیدی تۆ یەخسیری منی. تەنها یەک ڕێگەت هەیە کە بهێڵم لێرە بڕۆی».

– چ ڕێگەیەک؟

– ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەمت بە ڕاستی دایەوە، ئازادت ئەکەم.

کابرا وتی: «سەراپا گوێم».


دێوەکە وتی: «بڵێ بزانم باشترین شوێنی دنیا لە کوێیە؟»

کابرای دانا بە خۆی وت ئەگەر بڵێم بۆ نموونە بەغداد یا شارێکی دیکە، تانەم لەو داوە و بە دڵنیاییەوە بۆ هەمیشە من لێرە دەکاتە دیلی خۆی. کەمێک بیری کردەوە و هەینێ وتی: «باشترین شوێن لە دنیادا شوێنێکە کە مرۆڤ لەوێ هاودەمێکی هەبێ. ئینجا چ لە کونە مشکدا بێ، یا لە قووڵایی زەویدا».

دێوەکە کە قسەکەی کابرای بیست، وتی:



Scanned with CamScanner



«ئافەرین لە تۆ! ئافەرین لە تۆ! لە هەموو دنیادا مرۆڤایەتیم لە تۆدا بینی، بڕۆ ئازادم کردی، هەموو مرۆڤانی دنیام بە مرۆڤایەتی تۆ بەخشی». هەنگی هەموو پیاوان و ژنانی کاروانەکەی تێر ئاو کرد.





Scanned with CamScanner



# میوەفرۆشی عاشق

رۆژێک کچێکی خاوەن پلە و پایە لەگەڵ کەنیزەکە تایبەتەکەی چوو بۆ بازاڕ تا شتانێک بکڕێ. ماوەیەکی زۆر بوو خۆی نەهاتبوو بۆ بازاڕ و لەم ماوەیەدا، غولامان و کەنیزەکانی خۆی بۆ شتومەک کڕین ناردبووە بازاڕ.

تا نیوەڕۆ نزیکەی هەموو بازاڕی بە پێوەدابوو و هەرچییەکی پێویست بوو کڕی و داینا تا غولامەکان بیبنەوە ماڵەکەی. دواجار، کاتێک خەریکبوو دەڕۆیشتەوە، چاوی کەوت بە دوکانی وشکەفرۆشێکی تاڕادەیەک بچووک و بیری کەوتەوە کە ویستوویەتی هەندێک شتیش لەوێ بکڕێ. هەر کە لەگەڵ کەنیزەکەکەی چووە دوکانەکەوە، پیاوێکی گەنجی بینی کە خەریکبوو گوێنییەکی گەورە ئاردی دەبردە ئەوسەری دوکانەکە. کابرا گوێنییەکەی لەسەر عەردەکە دانا و گەڕایەوە. لە کچەکە ڕاما کە خەریکبوو بە ئەسپایی شتێکی بە کەنیزەکەکەی دەوت. چووە پێشێ. ویستی شتێک بڵێ؛ بپرسێ شتێکتان ئەوێ، بەڵام هەستی کرد زمانی گیراوە. یەکەمین جار بوو لە تەمەنیدا تووشی حاڵەتێکی وەها دەبوو. بینی کچەکە ئاماژەی بۆ گوێنییەک برنج کرد و هەینێ ئاماژەی بۆ هەمان گوێنییە ئارد کرد کە کابرای گەنج لەوسەری دوکانەکە لەسەر عەردەکەم دایینابوو. شتانی دیکەیشی ویست، بەڵام وەک بڵێی کابرا



Scanned with CamScanner

ئەسڵەن نەیدەبیست. تەنها لە کچەکە ڕامابوو. کە قسەکانی تەواو بوو، گوێی لێبوو کەنیزەکەکە وتی: «ئێستا ناتوانین بیانبەین».

کابرای گەنج سەیری کەنیزەکەکەی کرد کە لەو ڕامابوو. وتی: «شتێکت وت؟»

کەنیزەکە وتی: «ئێستا نایانبەین»

کابرا وتی: «چی نابەن؟»

کچەکە پێکەنی و کابرایش بە پێکەنینی کچەکە، پێکەنی. کەنیزەکە وتی: «ئەو شتانەی خاتوونەکەم داوای کردووە، ئێستا نایانبەین. سبەی غوڵامەکان دێن و هەمووی دەبەن».

کابرا کە دیسانەوە لە کچەکە ڕامابوو، لە کاتێکدا کە دەنگی دەلەرزی، وتی: «دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟»

کچەکە وتی: «بەڵێ».

- تۆ زۆر دێیتە ئێرە؟

کەنیزەکە لە کاتێکدا کە ناوچاوی مۆن کردبوو، وتی: «نا، هەر ئەم یەک جارە بوو. ئێستایش دەبێت بڕۆین».

کچەکە وتی: «ماوەیەکی زۆرە نەهاتووم. ڕەنگە ئێستایش کە ڕۆیشتم تا ماوەیەکی زۆر نەگەڕێمەوە».

کابرای گەنج ویستی دیسانەوە قسەیەک بکات، ناونیشانی ماڵەکەی بپرسێ، بەلام هەرچییەکی کرد نەیتوانی؛ هەرچەندە بیری دەکردەوە، کچەکە چاوەڕێیە شتێک ببیستێ. هەنگێ کەنیزەکە دەستی کچەکەی گرت و پێکەوە بەرەو قاپییەکە ڕۆیشتن. کاتێک خەریکبوون لە دوکانەکە دەچوونە دەرێ، کەنیزەکە ئاوڕی بۆ کابرا دایەوە و دووبارە ئەو شتانەی وتەوە کە کچەکە داوای کردبوو، لەبەرئەوەی ئەیزانی کابرا هیچیانی نەژنەوتووە.

کاتێک ئەو دووە لە دوکانەکە چوونە دەرێ، کابرای گەنج توند لەپی دەستی کێشا بە ناوچەوانیدا. لەعنەت و نەفرینی لە خۆی کرد لەبەر شەرمنییەکەی. بە خۆی وت: «چەندە چاوەڕێی ڕۆژێکی وەهابووم و خۆم خراپم کرد. ئەگەر ناونیشانم لە



Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner

کچەکە دەپرسی، بە دڵنیاییەوە دەیوت». هەینی ساتێک هات بە خەیاڵیدا شوێنیان بکەوێ، بەڵام کاتێک لە دوکانەکە چووە دەرێ، هیچ شوێنەوارێکیان دیار نەبوو. چما غەیب بوون یا زەوی قووتی دابوون. کابرا بە خۆی وت: «بە دڵنیاییەوە کاری کەنیزەکە بووە. زانی من شێتی کچەکە بووم و بە خێرایی دووری خستەوە».

گەڕایەوە دوکانەکە. تا خۆرئاوا ئەسڵەن نەیزانی کێ هاتۆتە دوکانەکەی و کێ ڕۆیشتووە. چی فرۆشتووە و چی نەفرۆشتووە. بە درێژایی ماوەکە بیری لە کچەکە دەکردەوە. تەنانەت ئەو کاتەیش کە گەڕایەوە ماڵێ و کۆتایی شەو چووە پێخەفەوە، هەموو ماوەکە ڕووخساری کچەکە و بزە شیرینەکەی لە بەرچاوبوو.

سبەی بەیانی زۆر زوو لە خەو هەستا و بەلەز چوو بۆ دوکانەکەی. ئەو شتانەی ئامادە کرد کە کەنیزەکە دوای کردبوو. بە خۆی وت بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ ناونیشانێکی کچەکە پەیدا دەکەم. بیری کردەوە ڕەنگە ئەسڵەن کچەکە خۆی بگەڕێتەوە بۆ ئێرە، ڕەنگە ئەسڵەن کچەکەیش کەیفی بەو هاتبێ؛ بە دڵنیاییەوە هەروابووە.

بە درێژایی ماوەکە چاوی لەسەر دەرگاکە بوو. هەر ساتێک چاوەڕێ بوو دەرگاکە بکرێتەوە و کچەکە بێتە دوکانەکەوە. تا عەسر ئارامی گرت و کاتێک خەریکبوو نائومێد دەبوو، دەرگاکە کرایەوە و کەنیزەکە بە غوڵامێکەوە هاتە ژوورێ. غوڵام هەموو کاڵاکانی هەڵگرت و لە دوکانەکە چووە دەرێ. کاتێک کەنیزەکە خەریکبوو پارەی کاڵاکانی هەژمار دەکرد، کابرای گەنج وتی: «دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم».

کەنیزەکە سەیری کرد. وتی: «بڵێ!»

- ئەمەوێ بە خاتوونەکەت بڵێی لە دوێنێوە کە بینیومە، چرکەیەک ئارام و ئۆقرەم نییە. بەردەوام بیر لەو دەکەمەوە و ڕووخسار و پێکەنینەکەیم لە بەرچاوە. لە دوێنێوە کە ڕۆیشتووە، بەردەوام دەنگی پێکەنینەکەی لە گوێمدایە. سەیری هەر شوێنێک دەکەم، ئەو دەبینم. ئیدی ئەسڵەن پێموانییە بتوانم بێ ئەو بژیم. بڵێ کە ئەو هەمان ئەو کەسەیە من ساڵانێکە ئارەزووی دیتنیم هەبووە. ئامادەم



Scanned with CamScanner

هەموو شتێکم بدەم تا تەنها ساتێک لەگەڵ ئەوبم. پێی بڵێ تکا دەکەم زەماوەندم لەگەڵ بکات. ئەگەر بێتە لای من و ئامادەبێ زەماوەندم لەگەڵ بکات، هەموو ژیانم دەرێژمە بەر پێی. دەبمە غولامی. دڵنیابێ هیچ کەسێک لەم دنیایەدا ناتوانێ بە هێندەی من ئەو بەختەوەر بکات. هەموو بوون و ژیانم دەرێژمە بەرپێی. داوای لێدەکەم زەماوەندم لەگەڵ بکات.

دواجار دیسان بە کەنیزەکەی وت: «داوا لە تۆ دەکەم هەموو ئەمانە بە خاتوونەکەت بڵێی!»

کەنیزەکە سەری لەقاند، پارەی کاڵاکانی هەژمار کرد و لە دوکانەکە چووە دەرێ. کاتێک گەڕایەوە ماڵی کچەکە، ڕاستەوخۆ چووە ژووری کچەکە و پێی وت: «خاتوونی من! گەنجۆی بەقاڵ سڵاوی هەبوو و وتی وەرە من خوازیاری تۆم».

کچەکە وتی: «بەم ساردییە وتی؟»
کەنیزەکە وتی: «ئەو زۆر بە تاموخۆیێوە وتی، بەڵام مەبەستی ئەمە بوو».





Scanned with CamScanner



## بەرتیل

ڕۆژێک پیاوێک کە تاریفی زۆری لە شێخ نەساجی بوخاری بیستبوو، بڕیاریدا بچێتە سەردانی. ناونیشانی وەرگرت و بەڕێکەوت. پاش ماوەیەک، کاتێک بە پرسیاری زۆر پۆلەکەی شێخی دۆزییەوە و چووە ژووری،

ژمارەیەک خەڵکی زۆری بینی کە گۆشاوگۆش دانیشتوون و گوێ لە قسەکانی شێخ دەگرن. کابرا شوێنێکی چۆڵی لە نێو ئاپۆراکەدا دۆزیەوە و دانیشت و گوێی سپاردە قسەکانی شێخ. کە ماوەیەک تێپەڕی، پیاوێکی گەنج کە لە پەنایەوە دانیشتبوو، بە ئەسپایی وتی: «ئەوانەی ئەو پێشەوە دەبینی؟» بە پەنجەی پێشەوەی پیشان دا. کابرا نیوەهەستا و سەیری پێشەوەی کرد. وتی: «کێ دەڵێی؟»

– هەمان ئەو چەند کەسەی کە لە ڕیزی یەکەم دانیشتوون.

کابرا دیسان نیوەهەستا. چەند پیاوێکی لە ڕیزی یەکەم بینی کە لەسەر ئەژنۆ لە بەردەم ئوستازدا دانیشتبوون و لە قسەکانیدا تواببوونەوە. کابرای گەنج وتی: «ئەوانە لە گەورەکان و دانایانن. لە شوێنێکی دوورەوە هاتوون بۆ دیتنی شێخ».

کابرا لە شێخ نەساجی بوخاری ڕامابوو. کاتێک قسەکانی تەواو بوو، یەکێک لەو پیاوانەی کە لە



Scanned with CamScanner

ڕیزی یەکەم دانیشتبوو، ئایەتێکی خوێند و یەکێکیتر حەدیسێک و هەینێ داوایان لە شێخ کرد بۆیان ڕاڤە بکات. شێخ وتی: «سەیرکەن! من عەرەبی نازانم. ئێوە ئەم ئایەتەم بۆ وەربگێڕن تا من ڕاڤەی بکەم».

ئەو دووە، ئایەت و حەدیسەکەیان بۆ شێخ وەرگێڕا و ئەویش دەستیکرد بە ڕاڤەکردنیان. پاشانیش باسی پەیامبەری کرد کە چ پلە و پایەیەکی هەبووە کە ئەو ئایەتەی بۆ هاتووە و ئەو پلە و پایەیە چی بووە و زۆر شتانی دیکە کە





Scanned with CamScanner

هەموو بە وردی گوێیان گرتبوو و پاشان، دیسان ئەو پیاوانەی کە لە ڕیزی یەکەم دانیشتبوون، شتێکیان پرسی.

لەم نێوەدا ئەو پیاوەی کە سەراپا گوێ بوو، چاوی کەوت بە پیاوێک لە نێو ئاپۆراکەدا. بە خۆی وت چەندە لە دادوەری شار دەچێ. لە کابرا ڕاما کە نزیکی دیوارەکە دانیشتبوو. بە خۆی وت: «نەکا ئەسڵەن خودی دادوەر بێ؟»

هەوڵیدا کەمێک بچێتە پێشێ و هەینێ نیوەهەستا. بە وردی سەیری کابرای کرد. ئێستا ئیدی گومانی نەبوو خودی دادوەری شارە. سەیری شێخی کرد کە ئێستا حەدیسەکەی ڕاڤە دەکرد. کاتێک پرسیارەکانی دانایان و گەورەکان کۆتایی هات، بە شێخی وت: «دەمەوێ شتێک بە تۆ بڵێم».

شێخ سەیری کرد. وتی: «بڵێ!»

کابرا وتی: «دادوەری ئەم شارە پیاوێکی زۆر باشە. لە تەواوی دنیادا پیاوێکی هاوشێوەی ئەم دادوەرە نادۆزیتەوە. مەحاڵە کەسێک بچێتە لای و ئەو دادپەروەری لە بارەیەوە جێبەجێ نەکات. بە جۆرێک موو لە ماست دەردەکێشێ و بە وردی کار دەکات، مەحاڵە مافی کەس بخورێ. لە هەموویشی گرنگتر ئەمەیە، بەرتیل وەرناگرێ و کارەکەی خاڵسانەیە».



شێخ نەساجی بوخاری کە لە کابرا ڕامابوو، وتی: «ئەمەی کە دەڵێی بەرتیل وەرناگرێ، درۆیەکی پەتییە».


کابرا وتی: «بۆچی ئەم قسەیە دەکەیت؟ سوێند ئەخۆم کە ڕاستەکەم. خۆم بە چاوی خۆم بینیم کەسێک ویستی بەرتیل بداتە دادوەر و ئەو قبوڵی نەکرد».

شێخ وتی:



Scanned with CamScanner

«تۆ لە نەوەی پەیامبەری، کابرا!
خەریکی لە بەردەم دادوەردا
پەسن و ستایشی دەکەیت. ئەمە
بەرتیل نییە؟ بەرتیلێک لەمە
باشتر پێدەزانی کە خۆت ئێستا
باست کرد؟»





Scanned with CamScanner



## فەروە لە ئاودا

هەرلەبەرئەمەیش توند دەستەکانی بە سنگییەوە گرتبوو و بە دۆخێکی کوڕەوەبوو، هەنگاوی هەڵدەگرت. بەفر یەکبەند دەباری و سۆزەی سەرماکە هێندە توند بوو، ئەو ناچار بوو جار جارێ لە پەنا دیوارێکدا بوەستێ. لەوێ دەستە ڕچیوەکانی لە بەر دەمیدا مشت دەکرد و خێرا خێرا هەڵمی دەمی فوودەکردە ناویان. جارجارێ لە پەنا دیوارێکدا دادەنیشت و ئەژنۆکانی دەگرتە باوەش و کووڕ دەبۆوە و ئارەزووی مردنی لە خودا دەکرد. بیری لە رابردووی دەکردەوە کە بە نەداری گوزەراندبووی و بیری لە داهاتووی دەکردەوە کە هیچ شتێک لە چاوەڕوانیدا نەبوو و لەعنەتی بۆ ڕۆژگار دەنارد.

جارێک کە چووە پەنا دیوارێک، پیاوێکی بینی لە تەنیشت ئاگرێکی بچووکەوە دانیشتووە. چووە تەنیشتی و داوای لە کابرا کرد چەند ساتێک لە پەنا ئاگرەکە دابنیشێ. کابرا سەیرێکی پۆشاکە تەنک و تیوارەکەی ئەوی کرد، بە لەقاندنی سەر وتی

بەیانییەکی زۆر زووی
ڕۆژێکی ساردی زستان، کە
وادەبینرا هەوا لە هەمیشە
ساردتربووە، ماموٚستایەکی
کە لە ماڵی دنیا هیچی نەبوو،
بەرەو خوێندنگەکەی کەوتەڕێ.
تاقە شتێک کە ماموٚستا لە
بەریدا بوو، باڵاپۆشێکی
فشوفۆڵ و ناسک و کۆنە بوو،



Scanned with CamScanner

دابنیشێ. مامۆستاکە بە پرتاو لە پەنا ئاگرەکەوە دانیشت و دەستەکانی لە بەر ئاگرەکەدا ڕاگرت. دەستەکانی هێندە نزیک لە ئاگرەکەوە ڕاگرتبوو، مرۆڤ پێیوابوو ئەشێ هەر ساتێک ڕۆیان بەرێتە ناو ئاگرەکەوە.

چەند ساتێک لە هەمان شوێن دانیشت و هەینێ چاوەکانی نووقاند. بە خۆی وت چی دەبوو ئەگەر پۆشاکی گەرم و نەرمی هەبوایە؛ ئەوسا ئیدی لە هیچ سەرمایەک نەدەترسا. دەیتوانی بۆ هەموو شوێنێک بچێ. پاشان لە زەینی خۆیدا وێنای کرد کە پۆشاکێکی ئەستوور و درێژی لە بەرکردووە و بە هەنگاوی پتەو بەرەو قوتابخانەکە دەچێ.

کتوپڕ هاتەوە سەرخۆی و هەستی کرد ئاگرەکە کوژاوەتەوە. سەیری دەوروبەری خۆی کرد. هیچ هەواڵێک لە کابرا نەبوو.

هەستا. وردەوردە خەریکبوو درەنگ دەبوو. بیری کردەوە ئێستا بە دڵنیاییەوە هەموو فێرخوازەکانی لە پۆلەکە ئامادەبوون. بەڵام کاتێک بەڕێکەوت، سۆزی کوشندەی سەرما، هەموو گیانی بەشێوەیەکی ترسناک لەرزاند. ویستی بگەڕێتەوە پەنا دیوارەکە، تەنیشت خۆڵەمێشەکە کە هێشتا گەرم بوو، بەڵام خەریکبوو درەنگ دەبوو و پێدەچوو ئەسڵەن کارەکەی لە دەست بدات. توند دەستەکانی بە سنگییەوە گرت و هەوڵی دا بیر لە شتێک بکاتەوە جگە لە سەرما. هەوڵی دا بیر بکاتەوە پاڵتۆیەکی ئەستووری لەبەر کردووە و خەریکە بێئەوەی هەست بە سەرما بکات، هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵدەگرێ. بەڵام کلووی گەورەی بەفر کە بەر دەموچاوی دەکەوت، هەموو بیرکردنەوەی تێک دەدا و دیسان ناچار دەبوو پشت لە دیوارەکە پەنا بگرێ. پاش قەیرێک، بۆ چەند چرکەیەک چاوەکانی نووقاند و ڕێک ساتێک کە ویستی هەڵیانبهێنێ، قاچی لەسەر خڕکەبەردێک خلیسکا و توند بە ئەژنۆدا تەختی زەوی بوو. چەند ساتێک لە تاو ئازاری ئەژنۆی ڕاستی لە هەمان شوێن و لەسەر عەردەکە دانیشت. ئەوەندەی ئازار هەبوو، خەریکبوو وابزانێ قاچی شکاوە. کاتێک بالاپۆشەکەی هەڵدایەوە، کە دڕابوو، چاوی کەوت بە برینێکی گەورە. ئەسرین




Scanned with CamScanner

لە چاوەکانیدا گردبۆوە. بە خۆی وت: «ئیدی بڕیارە چ بەلایەکم بە سەر بێ!»
چەند جارێک دەستی بە چواردەوری برینەکەدا هێنا کە خوێنی لێدەهات و هەینێ بە هەر جۆرێک بووە، هەستا. بە شەلەشەل بەرەو قوتابخانەکە کەوتەڕێ. کە کەمێک چووە پێشێ، هەستی کرد ئیدی ئەژنۆی ئازاری نییە. تەنها هەستی بە سۆزی ساردی سەرما دەکرد کە تا مۆخی ئێسکەکانی دزەی کردبوو.
کەمێک دواتر، لە کاتێکدا کە پێیوابوو ئیدی هەرگیز ناگاتە شوێنی مەبەست، پێینایە قوتابخانەکەوە و چووە پۆلەوە. فێرخوازەکان کە زۆر زووتر لەو لەسەر وانەکەیان ئامادەبوون، لە مامۆستا رامان کە هێشتا خەریکبوو لە سەرما دەلەرزی و ددانەکانی بێوچان چۆقەچۆقیان دەهات. مامۆستا لە کونجێک دانیشت و چەند ساتێک چاوەکانی نووقاند و کتوپڕ هەستی بە ئازاری توندی قاچی کرد. هەروا کە چاوەکانی نووقاندبوو و لەوێ دانیشتبوو، گوێی لێبوو فێرخوازەکان خەریکن باسی ئەو دەکەن. بیستی کە فێرخوازێک وتی: «جلەکانی لە جلەکانی ژێرەوەی من ناسکترە».
یەکێک دڕاوییەکەی سەرئەژنۆی پیشانی ئەوانیتر داو هەر کەسە و قسەیەکی دەکرد. پاش کەمێک مامۆستا چاوی هەڵهێنا و هەستا. ویستی وانەکەی دەست پێبکا کە ناخودئاگا چاوی کەوت بە پەنجەرەکە. چووە تەنیشتی و سەیری ڕووبارەکەی کرد کە لەوێوە زۆر دوور نەبوو. هەستی بە ڕەوتی ئاوەکە کرد کە لە هەمیشە توندتر بوو. لە ڕووبارەکە ڕامابوو کە یەکێک لە فێرخوازەکانی وتی: «دوێنێ شەو لە کەژ و کێوەکەوە لافاو هەستا. مامۆستا».
فێرخوازێکی دیکە وتی: «بڕیارە تا نیوەڕۆ بگاتە ئێرە».
هەموو کەوتنە پێکەنین.
مامۆستا ئاوڕی دایەوە و وتی: «ناگات».
وانەکەی دەست پێکرد. کاتێک وانەی دەوتەوە، دەنگی دەلەرزی و هێشتا جاروبار ددانەکانی چۆقەیان دەهات. دەیبینی کە یەکێک لە فێرخوازەکانی لە



Scanned with CamScanner






Scanned with CamScanner

بالاپۆشە فشوفۆڵ و تەنکەکەی ڕادەمێنێ. هێشتا کاتژمێرێک لە دەستپێکی وانەکە تێنەپەڕیبوو، کتوپڕ هەستی بە فێرخوازەکان کرد کە خەریکبوون چرپەچرپیان دەکرد. خەریکبوون لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەیان دەکرد و بە ئەسپایی قسەیان دەکرد. مامۆستا وتی: «چی بووە؟ بڵێن با ئێمەیش بیزانین!»

یەکێک لە فێرخوازەکان ڕووی کردە مامۆستا و وتی: «فەروەیەک بەسەر ئاوەکەوەیە، مامۆستا. وتمان بە تۆ بڵێین بچیت و بیهێنیت بۆ خۆت».

مامۆستا وتی: «لە کوێ؟»

بەلەز چووە تەنیشت پەنجەرەکە و فەروەکەی بینی. هەنگێ سەرسووڕما و لە پۆلەکە چووە دەرێ. بە پرتاو خۆی گەیاندە فەروەکە کە لە گوێ ئاوەکە بوو. پڕی پیاکرد بیگرێ، کتوپڕ ورچێک سەری هەڵێنا و دەستی مامۆستاکەی گرت و ڕایکێشایە ئاوەکەوە. کابرا لە ئاوەکەدا ئاوقای ورچەکە بووبوو کە هاواری فێرخوازێکی ژنەوت: «ئوستاز! ئەگەر ناتوانی فەروەکە بهێنی، بەرەڵای بکە و بگەڕێوە».






Scanned with CamScanner



# ئەلف هیچی نییە

رۆژێک پیاوێک چوو بۆ ئەو قوتابخانەیەی کوڕەکەی لێی دەخوێند تا لەگەڵ مامۆستای کوڕەکەی لە بارەی وانەکانییەوە قسە بکات. ماوەیەک لە پەنا دەرگای پۆلەکەوە چاوەڕێی کرد. کاتێک هەموو خوێندکارەکان پاش دوایین وانە لە پۆلەکە چوونە دەرێ،

کابرا چووە ژووریٚ. بە مامۆستاکەی وت کە خەریکبوو نامیلکەیەکی لەسەر مێزەکە گرددەکردەوە: «دەمەویٚ پرسیارێک لە تۆ بکەم».

مامۆستاکە سەیری کرد. وتی: «سەراپا گوێم».

کابرا وتی: «دەمەویٚ بپرسم ئایا تا ئێستا کەموکووڕیمان هەبووە بۆ تۆ؟ تا ئێستا کەموکورتمان هەبووە لە خزمەتکردنی تۆدا؟»

مامۆستاکە نامیلکەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و وتی: «نا، چ کەموکورتییەک! ئێوە هەموو کارێکتان کردووە».

کابرا وتی: «بەڕاستی ئەگەر کەموکورتییەک لە ئێمە دەرکەوتووە، بڵیٚ تا قەرەبووی بکەینەوە».

مامۆستا وتی: «چ کەموکورتییەک! خۆ من وتم هەموو کارێکتان کردووە. ئێستا مەگەر چی بووە؟»

کابرا ساتێک تەنها سەیری پەنجەرەی پۆلەکەی کرد. لەوێوە خوێندکارەکانی بینی کە بەرەو دەرگاکە دەچوون. وتی: «کوڕەکەی من سیٚ مانگە لە پۆلەکەی



Scanned with CamScanner

تۆ دەخوێنێ، بەڵام هێشتا هیچ فێرنەبووە. هێشتا هەمان وانەی یەکەم، ئەلف هیچی نییە، دەخوێنێ. ئەمەوێ بزانم بۆچی؟»

مامۆستا چەند چرکەیەک بێ هیچ قسەیەک لە کابرا ڕاما. هەینێ وتی: «هیچ کەموکورتییەک لە تۆ ڕووی نەداوە. خەیاڵت تەخت بێ، بەڵام ئەمە بزانە کوڕەکەی تۆ هێشتا وانەی یەکەم فێرنەبووە و لەوێدا چەقیوە».

کابرا وتی: «مانای چی؟ مەگەر دەکرێ لە هەمان وانەی یەکەمدا چەقی بێ؟»



مامۆستا وتی: «بەڵێ، لە هەمان وانەی یەکەم نەهاتۆتە پێشێ. ئەسڵەن خۆت ئێستا دەیبینی».

بەلەز لە پۆلەکە چووە دەرێ. بانگی ئەو خوێندکارەی کرد کە لە لە پێش دەرگاکە وەستابوو و وتی برۆ کوڕی ئەم پیاوە بدۆزەرەوە و خێرا بیهێنە بۆ پۆل. کوڕە بە خێرایی لە ڕاڕەوەکە چووە دەرێ.

مامۆستاکە گەڕایەوە پۆلەکە. وتی: «ئێستا دەبینی کەموکورتییەکە لە کوڕەکەتەوەیە».

هەر دووکیان وەستان. پاش چەند ساتێک کوڕەکە هاتە پۆلەکەوە. کە باوکی بینی، ساتێک ڕاچڵەکا. مامۆستاکە وتی: «وەرە ئێرە!»

کوڕەکە چووە تەنیشت مامۆستاکەوە. مامۆستا وتی: «بڵێ ئەلف هیچی نییە».

کوڕەکە وتی: «هیچی نییە».

مامۆستا وتی: «بڵێ ئەلف هیچی نییە».

کوڕەکە وتی: «هیچی نییە».



Scanned with CamScanner

ماموستا سەیری باوکی
خوێندکارەکەی کرد. وتی:
«دەبینی! کاتێک ناتوانی بڵێ
ئەلف، چۆن چاوەڕوانی لە من
دەکەیت وشەیەکی دیکەی فێر
بکەم؟»





Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner



# شێری بێشە

گێڕاویانەتەوە لە مەملەکەتێک پیاوێکی گەنج دەژیا کە سەفەری زۆری کردبوو. ڕۆژێک یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانی، کە ئەویش ئەهلی سەفەر بوو، پاش ماوەیەکی زۆر هاتە سەردانی و ئەوان چەندین کاتژمێر پێکەوە قسەیان کرد.

کابـرا باسـی ئـەو شـارەی کـرد کـە لـە دوا سـەفەریدا چووبـوو؛ باسـی شـارێک کـە سـاڵێکی خایاندبـوو تـا بگاتـە ئـەوێ. کابرای گەنج کە زۆر سەراسیمە بووبوو، وتـی: «مـن تـا ئێسـتا ئـەم هەمـوو سـەفەرەم کـردووە، بەڵام زۆرترین ماوەیەک کە بەڕێوە بووم، پێنج مانگ زیاتـر نەبـوو».

کابـرا وتـی: «لێـرەوە زۆر دوورە و ڕێگەیەکـی مەترسـیداری هەیـە. ئێمـە بـە ڕۆژان و شـەوان لـە کوێسـتانەکان و بیابانـی زۆرزۆر گـەورە و هـەراوەوە تێپەڕین. چەندین جار لە بیابانەکاندا ونبووین و تەنانەت جارێـک بـە ڕێگەیەکـی دووروودرێـژدا گەڕابووینـەوە».

پاشـان باسـی ئـەو شـتانەی بـۆ هاوڕێکـەی کـرد کـە لـەوێ دیتبـووی؛ لـە خـۆراک و پۆشـاکی خەڵکـەوە لـەوێ، لـە پێسـتیان کـە ڕەش بـوو و لـەو ملوانکانـەی کە لە ئێسک دروستکرابوو. پاشانیش ئەو ملوانکەیەی پیشـانی کابـرای گەنـج دا کـە لـەوێ هێنابـووی.

کابرای گەنج وتی: «زۆر حەز ئەکەم ئەوێ ببینم».



Scanned with CamScanner

- ئینجا لە هەموو ئەمانە سەرنجڕاکێشتر ئەمەیە لە نزیک شار، لە بێشەلانێکدا، شێرێک دەژی لەشێکی زۆر گەورەی هەیە. کاتێک دەجوولێ، وەک بڵێی شاخێک لەبەردەمتا دەڕوا. قاچە گەورەکانی بە جۆرێک دەخاتە سەر زەوییەکە و دەڕوا، چما هەموو جیهانی لە ژێر پێ دایە. یاڵەکەی دەوری سەری جوانترین شتێکە کە لە تەمەنمدا دیومە. زۆرێک لە سەرانسەری دنیاوە دێنە ئەوێ تا ئەو شێرە ببینن».

پاشان دیسانەوە باسی شێرەکەی کرد و دواجار وتی: «بەڵام ئەو شتە سەنجراکێشەی کە دەمەوێ بۆت باس بکەم ئەمەیە کە ئەگەر بە ئازایەتییەوە لە تەنیشتییەوە بڕۆی و بە عەشق و حەزەوە دەست بە یاڵ و پشتیدا بهێنی، هیچ هەقی نییە بە سەرتەوە، بەڵام ئەگەر بە ترس و لەرزەوە بچیتە لای، دوور نییە پەلامارت بدات و ونجڕونجڕت بکات».





Scanned with CamScanner

کابرای گەنج کە زۆر لە قسەکانی هاوڕێکەی حەپەساو و کونجکۆڵ بووبوو، وتی: «هەر ئێستا بڕیارێکم دا».

- چ بڕیارێک؟

- دەمەوێ بەڕێبکەوم و بڕۆم ئەم شێرە لە نزیکەوە ببینم.

- بەڵام ڕێگەکەی زۆر دوورە. ڕاستییەکەت بوێ، ئەگەر سەرەتا بە منیان بوتایە ساڵێک بەڕێوەدەبم، مەحاڵ بوو بەرەو ئەوێ بەڕێبکەوم.

کابرای گەنج کتوپڕ لە شوێنەکەی هەستا و وتی: «بەڵام من بڕیارم داوە. دەمەوێ شێرەکە ببینم و دەست بە یاڵەکەیدا بهێنم».

- دیسانیش بیرکەرەوە. ساڵێک کاتێکی زۆرە. ئینجا ئەگەر وەک ئێمە شانست هەبێ و بەو ڕێگە دژوارەدا، بگەیتە ئەوێ.

کابرای گەنج وتی: «دەزانم، بەڵام ئەو شێرەی تۆ باسی دەکەیت، نرخی ئەو ڕێگە دوورودرێژ و دژوارەی هەیە».

هەینێ داوای لە کابرا کرد باسی ئەو شار و بێشەیەی بۆ بکات تا ئەو شوێنەی بیریەتیِ و ئەویش هەمووی تۆمار کرد.

پاش هەفتەیەک کابرای گەنج بارگەی سەفەرەی کۆکردەوە و لەبەرئەوەی دەیزانی ئەشێ هەرگیز لەو سەفەرە نەگەڕێتەوە، ماڵئاوایی لە هەموو ئەو کەسانە کرد کە دەیناسین و بەڕێکەوت. هەرچەندە ڕێک بە پێی ئەو نەخشەیە کاری دەکرد کە کابرا پێیدابوو، بەڵام لە سارایەکدا ڕێگەکەی ونکرد، ماوەیەکی زۆر بە چواردەوری خۆیدا خولایەوە تا دواجار توانی ڕێگەی سەرەکی بدۆزێتەوە. لە سەرمای کوێستاندا، تا تخوبی مردن ڕۆیشت و گەڕایەوە و لە کۆتاییدا پاش ساڵێک گەیشتە شارەکە.

هەموو ئەو شتانەی کە لەوێ بینی، ڕێک بەو شێوەیە بوو کابرا وتبووی. بۆ سبەی چەند کەسێک لە خەڵکی ئەو شارەی دۆزیەوە کە هەموو شارەکە و چواردەورکەی بەڵەد بوون. پێی وتن چەندەی پێچووە تا گەیشتۆتە ئەوێ و هەموو ئەو ڕووداوانەی بۆ گێڕانەوە کە بەسەری هاتبوو لە ڕێگەدا. پاشان




Scanned with CamScanner

وتی بەرگەی هەموو ئەم ناخۆشیانەم گرت تا شێری بێشەکە ببینم و دەستێک بە یاڵەکەیدا بهێنم و داوای لێکردن بیبەن بۆ بێشەلانەکە.

بۆ سبەی بەیانی رێگەی بێشەکەیان گرتەبەر و دوو ڕۆژی پێچوو تا گەیشتنە ئەوێ. کابرای گەنج و هاوڕێکانی لە بەیانی زووەوە لە شوێنێک خۆیان مەڵاس دا کە خەڵکەکە وتبوویان و چاوەڕوانیان کرد. کابرای گەنج کە ئیدی سەبری سوابوو، بەردەوام لە یاوەرەکانی دەپرسی دواجار کەی سەروسەکوتی شێرەکە دەردەکەوێ و ئەوانیش وەڵامیان دایەوە، دەبێ ئارام بگرێ.

هێشتا هێندە لە نیوەڕۆ تێنەپەڕی بوو، کتوپڕ کابرای گەنج هەستی کرد یاوەرەکانی شتێکی پیشان دەدەن. لە هەمان شوێنەوە، لە پشت دەوەنێکی بەرزەوە کە لە پشتییەوە وەستابوون، بوونەوەرێکی بینی کە هەرگیز لە تەمەنیدا هاوشێوەی ئەوەی نەدیبوو. شێرێکی بینی کە لە گەورەییدا هاوشێوەی نەبوو؛ رێک بەوشێوەیەی هاوڕێکەی وتبووی. چما جیهان لە ژێر قاچیدا بوو و یاڵە گەورەکەی لەبەر هەتاوەکەدا دەدرەوشایەوە.

هاوکات خەڵکەکە پێیان وت ئێستا کاتیەتی. یەکیان وتی: «بەڕێکەوە! پەلە



بکە! زۆر لەوێ ناوەستێ».

بەڵام کابرای گەنج لە شوێنی خۆی نەجووڵا. پیاوێکی دیکە وتی: «چاوەڕێی چی دەکەیت؟ بچۆرە پێشێ!» بەڵام کابرای گەنج دیسان لە شوێنی خۆی نەجووڵا. یەکێکی دیکە لە خەڵکەکە وتی: «ئەگەر ئازایانە بڕۆیتە پێشێ و بە عەشقەوە دەست بە یاڵەکەیدا بهێنی، شێرەکە هیچ زیانێک بە تۆ ناگەیەنێ. تێدەگەی چی دەڵێم؟ پەلە بکە!»

بەڵام کابرا تەنانەت پرکێشی نەبوو هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەڵبگرێ. لە هەمان شوێن وەستابوو و تەنها لە شێرەکە ڕامابوو.

پیاوێک وتی: «تۆ ساڵێک
نارەحەتیت چەشتووە بۆ
چرکەیەکی وەها. بۆچی
بەمشێوەیە لەوێ وەستاوی؟
بەڵام کابرای گەنج لە شوێنی
خۆی نەبزوا».



Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner



# داری خودا

ڕۆژێک پیاوێکی گەنج لە تەنیشت باخێکی گەورەوە دەڕۆیشت، چاوی کەوت بە لقی گەورەی داری قەیسی کە لەسەر دیوارێکەوە دیاربوون: هەموو لقەکان پڕبوون لە قەیسی گەورە و زەرد.

کابرا ماوەیەکی زۆر لە شوێنی خۆی وەستا و لە قەیسییەکانی ڕاما و هەینێ بەڕێکەوت. بە خۆی وت ماوەیەکی زۆرە قەیسییەکی بەم گەورەییە نەخواردووە و ویستی بیری خۆی بهێنێتەوە کە دوایین جار کەی قەیسی لەوجۆرەی خواردووە. هەرچەندە گەڕا، بیری نەهاتەوە. کە لە تەنیشت باخەکەوە تێپەڕی، دیسان چرکەیەک وەستا و ئاوڕی دایەوە و سەیری لقەکانی کرد. قەیسییەکانی دارەکە لە دوورەوە، لە بەر هەتاوەکەدا، دەبریقانەوە.

ماوەیەک لەوێ وەستا. پاشان کتوپڕ شتێک هات بە خەیاڵیدا. بە خۆی وت؛ بۆچی هەندێک لەم قەیسییە گەورە و ئاودارانە نەخوات؟ ئیدی کەی قەیسیگەلێکی وەهای دەستدەکەوێ؟

گەڕایەوە و دەورێکی بە باخەکەدا دایەوە. کە گەیشتە پێش دەرکەی باخەکە، چەند ساتێک وەستا. هیچ دەنگێک لە ناوەوە نەدەهات. بیری کردەوە بێگومان خاوەن باخەکە لەوێ نییە؛ ڕەنگیشە



Scanned with CamScanner



ئەمڕۆ هەر نەیات. ماوەیەکی زۆر لەوێ وەستا و پاشان گەڕایەوە تەنیشت ئەو دیوارەی لقە بەرزەکانی قەیسییەکە لە سەریەوە دیار بوون. سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد و پاشان بە دیوارەکەدا هەڵزنا. هیچ کەسێکی لە باخەکەدا نەبینی. لەسەر دیوارەکەوە بەرەو دارێک رۆیشت کە هیچی وا لە دیوارەکەوە دوور نەبوو. لەسەر لقێکی ئەستوور دانیشت و یەکێک لە قەیسییەکانی لە لقەکە کردەوە و خستییە دەمییەوە. تا ئەو رۆژە هەرگیز قەیسییەکی بەم شیرینییە نەخواردبوو. ناوکەکەی تفکردەوە و یەکسەر قەیسییەکی دیکەی لە لقەکە کردەوە و دەستی کرد بە خواردنی. هەرچەند زیاتری دەخوارد، هەستی دەکرد زیاتر حەزی لێیەتی. کە هەر دوان - سیانێکی دەخوارد، چەند دانەیەکیشی دەخستە گیرفانەکانییەوە.

هێشتا کاتژمێرێکی نەخایاندبوو، بێئەوەی پێبزانێ، دەرگای باخەکە کرایەوە و خاوەن باخەکە هاتە ژوورێ. باخەوان کە ئاگای لە بابەتەکە نەبوو، لەسەر سەکۆیەکی بەرامبەر ژوورە گەورەکەی باخەکە دانیشت تا نانی نیوەڕۆ بخوات کە لەگەڵ خۆی هێنابووی. کاتێک خەریکبوو خوانەکەی ڕادەخست، دەنگی خشەخشێکی لە ناو باخەکەوە بیست. بە خۆی وت بێگومان باڵندەیەک، شتێکە. هێشتا دوو - سێ پاروو زیاتری نەخواردبوو کە دیسان دەنگەکەی ژنەوت. نیونیگایەکی گرتە باخەکە، بەڵام لەوێوە هیچ شتێک دیار نەبوو. کاتێک دیسانەوە دەنگەکەی ژنەوت، بڕیاریدا کاتێک نانەکەی خوارد، سەرێک لەوێ بدات. بیریکردەوە ڕەنگە بێچووە چۆلەکەیەک یا کۆترەبارێکەیەک لە هێلانەکەی بەربووبێتەوە. بەڵام دەنگەکان نەبڕانەوە، هەر لە بەرئەمەیش کابرا هەستا و بە کاوەخۆ بەرەو ناو باخەکە هەنگاوی هەڵگرت. هێشتا نیوەی باخەکەی نەبڕیبوو چاوی کەوت بە شتێک بە سەر دارێکەوە. دەیبینی کە هەموو جارێ شتێک لەسەر دارەکەوە بەردەبێتەوە. کە چووە پێشتر،



Scanned with CamScanner


کابرایەکی گەنجی بەسەر لقەکەوە بینی و بەرەو دارەکە ڕایکرد. هاواری کرد: «ئەی پیاو!»

کابرای گەنج کە تازە هەستی بە خاوەن باخەکە کردبوو، ئاوڕی دایەوە و سەیری خوارەوەی کرد. باخەوان هاواری کرد: «لەو سەرەوە چی دەکەیت؟»

پیاوە گەنجەکە ئەو قەیسییەی پیشانی باخەوان دا کە قەپالی لێگرتبوو و وتی: «خەریکم قەیسی دەخۆم».

باخەوان کە زۆر تووڕە بووبوو، بە دەنگێکی بەرز وتی: «تۆ شەرم ناکەیت؟ لە خودا ناترسی، لەو سەرەوە دانیشتووی و خەریکی میوەی باخەکە دەخۆیت؟»

کابرای گەنج قەیسییەکەی خستە دەمییەوە و هەینێ ناوکەکەی فڕیدایە خوارێ. وتی: «بۆچی دەبێ بترسم؟ ئەمە داری خودایە و منیش بەندەی خودام و خەریکم لە میوەکانی دەخۆم».



باخەوان کە لە تووڕەییدا خوێنی خۆی دەخواردەوە، بێئەوەی قسەیەکی دیکە بکات، بەرەو ژوورەکە ڕایکرد و گوریسێکی ئەستووری هەڵگرت و گەڕایە لای کابرای گەنج. لە چاوتروکانێکدا بە دارەکەدا هەڵزنا. لەو کاتەدا کابرا ویستی خۆی هەڵداتە سەر دیوارەکە، بەڵام ئیدی درەنگ بووبوو. خاوەن باخ لە دواوە توند



Scanned with CamScanner


کراسەکەی گرت و هەینێ لە دارەکە هێنایە خوارێ. بکێش بکێش ئەوی بەرە و قەدی ئەستووری دارێک برد و توند بە گوریسەکە پێوەی بەستەوە.

کابرای گەنج هاواری کرد: «بۆچی خەریکی دەمبەستییەوە؟»

خاوەن باخ وتی: «ئێستا تێدەگەیت». ئەمەی وت و هەنگێ دارێکی درێژی هێنا کە هەمیشە بۆ کاتگەلێکی وەها لە پشت ژووری گەورەی باخەکەوە دەیشاردەوە. کابرای گەنج کە دارەکەی بینی، وتی: «دەتەوێ چی بکەیت؟»

باخەوان وتی: «ئێستا تێدەگەی».

دارەکەی هەڵبڕی و کەوتە دارکاری کابرای گەنج. کابرا هاواری کرد: «بۆچی لێم دەدەی؟ لە خودا ناترسی؟»



باخەوان وتی: «بۆچی دەبێ
بترسم؟ تۆ بەندەی خودایت و
منیش خەریکم بە داری خودا
لێت دەدەم».



Scanned with CamScanner



# راوە ئاسک

بەیانییەکیان ئیبراهیم ئەدهەم،
لە سەردەمی پاشایەتییەکەیدا،
بانگی غولامە تایبەتییەکەی
کرد و پێی وت ئەمڕۆ بە
نیازی ڕاووشکارم. «زۆر
زوو هەموو شتێک ئامادە
بکەن!» پاش تاوێک لەشکرێک
لە غولامان و سەربازان و ...

گەورەکانی دەوروبەری پاشا ئامادەبوو. پاشا سواری ئەسپەکەی بوو و لە پێشەوەی لەشکرەوە لە کۆشک هاتە دەرێ.

کاتێک گەیشتنە ڕاوگەکە، ماوەیەک هەموو شوێنێکیان بە پێوەدا بۆ ئاسک، بەڵام تەنانەت یەک نێچیریشیان نەدۆزیەوە. ئیبراهیم کە زۆر حەپەسابوو، بە لەشکرەکەی وت: «دەبێ ئەمڕۆ لە شوێنێک بۆسە بنێینەوە تا خۆیان بێنە دووی ئێمە».

لە ئەسپەکە هاتە خوارێ و هەموان یەکسەر لە ئەسپەکانیان دابەزین و بێدەنگ و هەراوزەنا چاوەڕوانیان کرد. ئیبراهیم چاوەکانی ویکهێنابۆوە و بە درێژایی ماوەکە بە وردی سەیری دەکرد، بەڵام هیچ شتێکی نەبینی. تا ئەوەی سەربازێک زۆر بە کاوەخۆ شوێنێکی پیشان دا و هەموو چاویان کەوت بە ئاسکێکی جوان کە زۆر لەوانەوە دوور نەبوو. هەموو لە چاوترووکانێکدا سواری ئەسپەکان بوون و تا ویستیان بجووڵێن، ئاسکەکە کە هەستی کردبوو،



Scanned with CamScanner



لەوێ هەڵات. کاتێک ئیبراهیم و لەشکرەکەی گەیشتنە ئەوێ، هیچ هەواڵێک لە ئاسکەکە نەبوو. ئەوان ماوەیەک هەموو ئەو دەوروبەرە گەڕان، بەڵام هیچ شوێنەوارێک لە ئاسک نەبوو. چما بووبووە ئاو و زەوی هەڵیلووشی بوو.

ئیبراهیم کە پێیوابوو دواجار ئاسکەکە بە پێی خۆی دێتە سێرەی ئەوانەوە، بە ئەندامانی لەشکرەکەی وت بگەڕێنەوە و لە شوێنی خۆیان لە بۆسەدا دابنیشن. کاتژمێرێک تێپەڕی تا دووبارە کەسێک لە لەشکرەکە، زۆر بە ئەسپایی و وریا، ئاسکێک پیشانی ئەوانیتر بدات. هەموان زۆر بە خێرایی سواری ئەسپەکان بوون و هێرشیان بۆ ئاسکەکە برد. بەڵام ئەو ئاسکەیش لە چاوترووکانێکدا ونبوو. ئیبراهیم شوێن ئەو ڕێگەیە کەوت کە پێیوابوو ئاسکەکە لەوێوە ڕۆیشتووە. بەڵام تەنانەت شوێنپێیەکی ئاسکەکەیشی نەبینی. بە چوارناڵە سەری لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە پێیوابوو ئاسکەکە بۆی ڕۆیشتووە، بەڵام هیچ نیشانەیەکی لە ئاسک نەدۆزیەوە.

سەراسیمە گەڕایەوە لای لەشکرییەکانی و داوای لێکردن لە شوێنێک بۆسە بنێنەوە. هەموو لە ئەسپەکان دابەزین. گەورەکان و دەوروبەرانی پاشا، کە ماندوو بووبوون، داوایان لێکرد ئەو ڕۆژە چاوپۆشی لە ڕاو بکات. یەکێک لە گەورەکانی لەشکر پێی وت: «ئەگەر ڕێگە بدەیت هەر لێرە چادر هەڵدەین و نانی نیوەڕۆ بخۆین و پاشانیش بگەڕێینەوە کۆشک».

ئیبراهیم ماوەیەک بیری کردەوە. لەبەر خۆیەوە وتی ئەمڕۆ سەیرترین ڕۆژێکە کە لە تەمەنیدا دیویەتی. تا ئەو ڕۆژە بۆ ڕاووشکاری زۆر ڕۆیشتبوو و تا ئەو کاتە ڕووی نەدابوو شتێک ڕاو نەکات. بە کابرای وت: «ئەشێ شتێکی دیکە لە چاوەڕوانیماندا بێ، شتێک، جگە لە شکار».

کابرا وتی: «کەواتە بفەرموو تا هەر لێرە خوانی نیوەڕۆ رابخەین».

پاشا وتی: «نا، تا ئەو کاتەی کە هیچمان ڕاو نەکردووە. بەڕاستی دەبێ ئارام بگرین».




Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner



پاشان بە وردی لە
چواردەوەکەی راما. هێشتا
کاتژمێرێک لە نیوەڕۆ تێنەپەڕی
بوو کە سەربازێک، ئاسکێکی
پێشانی پاشا دا و وتی: «دەیبینی؟»
پاشا لە کاتێکیدا کە لە ئاسکەکە
رامابوو، خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی.
لە دوایشییەوە هەموو لەشکرەکە سواری ئەسپەکانیان بوون. ئیبراهیم لە ئاسکەکە رامابوو و بە کاوەخۆ دەچووە پێشێ. تا ئەو کاتە هەرگیز لە تەمەنی دا ئاسکێکی بەو جوانییە نەدیبوو. هەینێ کەوتە ئەو بیرەوەی ئەمە هەمان ئەو ئاسکەیە کە دووجاری پێشتر دیتبووی. تا ئەو شوێنەی ئەیتوانی سەری دانەواند و لە پەنا ملی ئەسپەکەوە لە نێچیرەکە راما. هێشتا ئاسکەکە ئەوی نەدیبوو. ئیبراهیم بیری کردەوە دەبێت تا ئەو شوێنەی کە ئاسکەکە نەیدیوە، هەروا لە سەرخۆ بچێتە پێشێ. ئەسپەکە کەمێک چووە پێشتر. کتوپڕ ئاسک سەری هەڵبڕی و ئەسپە گەورەکەی پاشای بینی خەریکبوو لەو نزیکدەبۆوە، تێیتەقاند. ئیبراهیم توند پاژنەکانی بە هەر دوو لای ئەسپەکە کێشا و ولاخ لە شوێنەکەی هەڵکەندرا. چما خەریکبوو دەفڕی. دەنگی سمی ئەسپەکانی لەشکرەکەی دەبیست کە خەریکبوون لە دوایەوە بە خێرایی شوێنی دەکەوتن. ئاسک بە خێرایی بەرەو بیابانەکە





Scanned with CamScanner

هەڵیدەتیزاند. ئیبراهیم کە لە نێچیرەکەی ڕامابوو، خێرا خێرا هەوسارەکەی ڕادەوەشاند. پاش قەیرێک چوونە بیابانێکی بێ ئاو و گژوگیاوە و ئاسکەکە بەردەوام بەو بازە بەرزانەی لە دەست پاشا و ئەوانیتر هەڵدەهات. کە تۆزێک چوونە پێشتر، ئیبراهیم بۆ ساتێک ئاوڕی دایەوە، بەڵام هیچ کەسێکی لە دوای خۆیەوە نەبینی. ئێستا تەنها فیکر و زیکری گەیشتن بوو بەو ئاسکە و ڕاوکردنی. ئەسپەکە هەموو گیانی نیشتبووە سەر ئارەقە و کەفی دەچڕاند. بەڵام هێشتا چوارناڵەی دەکرد و ئاسکەکە بەو بازە بەرزانەی، جارێک بۆ لای ڕاست دەڕۆیشت و جارێکیش بۆ لای چەپ.

پاش کەمێک، کە ئیدی مەودایەکی زۆر لە بیابانەکە ڕۆیشتبوون، ئیبراهیم هەستی کرد هەر ساتێک ئەشێ ئەسپەکەی لە پێ بکەوێت. بەردەوام خێراییەکەی کەمی دەکرد، لە کاتێکدا کە ئاسکەکە وەک بڵێی تازە دەستی کردبوو بە ڕاکردن. دواجار ئەسپەکە وەستا. ئیبراهیم ویستی لە ئەسپەکە دابەزێ کە چاوی کەوت بە ئاسکەکە کە چەند مەترێک لە پێشتر وەستابوو.

ئیبراهیم لە ئاژەڵەکە ڕامابوو کە خەریکبوو لێی نزیک دەبۆوە. کە گەیشتە چەند مەترێک، وەستا و کتوپڕ دەستی کرد بە قسە کردن، وەک بڵێی مرۆڤێک خەریکبوو قسەی دەکرد. ئەمەی وت و ڕۆیشت. دەنگی نەڕەی بەرزی ئیبراهیم تا چەندین فرسەخ دوورتر بیسترا. لە ئەسپەکە دابەزی. سەیری ئاسکەکەی کرد کە خەریکبوو هێدی هێدی لەو دووردەکەوتەوە. ئیبراهیم دیسان نەڕاندی و هەینێ جلەکانی داکەند. هاوکات چاوی کەوت بە شوانێک. چووە لای و هەموو پۆشاکەکان و چەک و ئەسپ و هەرچییەکی پێبوو دای بە ئەو و پێی وت:

«پۆشاکەکانی خۆتم بەرێ
و بە هیچ کەسێک مەڵێ
ئەمانەت لە کوێ هێناوە
و بە هیچ کەسێکیش مەڵێ
ئەسڵەن منت بینیوە».
پاشان پۆشاکە لبادەکەی
شوانەکەی لەبەر کرد و
ڕێگەی بیابانی گرتەبەر.



Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner



# کچە شۆخەکەی سەمەرقەند

لە سەردەمانی کۆندا، لە سەمەرقەند، کچێک دەژیا کە لە هەموو کچانی شار جوانتر بوو و کەنیزەکی زۆری هەبوو. بەیانییەکیان زوو، هێشتا لە خەو هەڵنەستابوو کەنیزەکێک، کە لە هەموان نزیکتر بوو لەو...

سەراسیمە هاتە سەر سەری و شانی ڕاوەشاند و بانگی کرد. کچەکە کە یەکەمین جار بوو بەمجۆرە لە خەو هەڵدەستا، چاوەکانی هەڵهێنا و بە کەنیزەکەی وت: «چی بووە؟»

کەنیزەکە وتی: «شاریان گەمارۆداوە، خاتوونی من! خوارەزم شا و سەربازەکانی چواردەوری شاریان گەمارۆداوە و ئەشێ هەر ساتێک بێنە شارەوە».

کچەکە کە ڕاچڵەکابوو، هەستا و دانیشت. وتی: «چۆن دەیزانی؟»

کەنیزەکە وتی: «هەموو دەزانن، خاتوونی من! ئیدی لە شار باڵندەیەش باڵ لێکنادا. هەموو وا خۆیان دەشارنەوە».

- ئێستا دەبێ چی بکەین؟

کەنیزەک بێدەنگ لە بەردەم کچەکە وەستابوو. کچەکە هەستا. بە درێژایی ژوورەکە هاتووچوو و وتی: «ڕەنگە ئەسڵەن نەیەنە شارەوە».



Scanned with CamScanner

کەنیزەکە وتی: «دیارە کە دێنە شارەوە. بەزەییان بە هیچ یەکێکیشماندا نایەتەوە». دەستی کردە گریان. کچەکە، لە سەرخۆ، وەک بڵێی لەگەڵ خۆی بێ، وتی: «بەزەییان بە هیچ یەکێکماندا نایەتەوە».

دیسانەوە کەوتە هاتووچۆ. پاشان لە تەنیشت کەنیزەکەوە دانیشت. وتی: «نابێت هەروا دەست لەسەر دەست دابنێین. دەبێ کارێک بکەین. ئەگەر یەخسیرمان بکەن، دیارنییە چ بەڵایەکمان بەسەر دێ».

کەنیزەکە کتوپڕ وازی لە گریان هێنا. وتی: «شتێک هاتووە بە خەیاڵمدا، خاتوونی من!»

- چ شتێک؟

- چۆنە هەموو بچینە ژێرزەمینەکە. لەوێ دەستیان ناگاتە ئێمە.



کچەکە وتی: «دڵنیابە ئەوێ یەکەمین شوێنێکە کە دێنە دووی و زۆر زوویش دەماندۆزنەوە».

کەنیزەکە وتی: «کەواتە چی بکەین؟ تۆ شوێنێکی دیکە پێدەزانی؟»

کچەکە ماوەیەک بیری کردەوە. بیری لە هەر شوێنێک کردەوە کە دەیتوانی لەوێ خۆی بشارێتەوە و هاوکات پیاوێکی بیرکەوتەوە کە لەگەڵ هاوسەرەکەی دراوسێی ئەوان بوون. هەر کاتێک کارێکی هەبوایە، پێی دەوت و لە بارەی زۆرێک لە کارەکانەوە راوێژی لەگەڵ ئەو دەکرد. هەستا. خۆی گۆڕی و بە کەنیزەکەی وت: «شوێنم بکەوە!»

کەنیزەکە وتی: «بۆ کوێ؟»

کچەکە وتی: «ئاریشەکەمان تەنها بە پیاوێک چارەسەر دەکرێ».

کاتێک لە دەرگای ماڵەکە هاتنە دەرێ، چاویان کەوت بە کابرای هاوسێ کە خەریکبوو لەگەڵ ژنەکەی لە ماڵ دەچووە دەرێ. بەلەز بەرەو پیری چوو.




Scanned with CamScanner

کچەکە پێی وت: «من چەندین جار بۆ کارەکانم هاتوومەتە لای تۆ و تۆیش هەمیشە ڕێنوێنیت کردووم. ئێستا دەمەوێ پێم بڵێی دەبێت چی بکەم. نامەوێ ببمە یەخسیری سەربازەکان».

کابرا ماوەیەک لە گژفکران چوو و هەینێ وت: «من ڕێگەیەک پێدەزانم کە ڕەنگە لەم تەنگژەیە قوتارمان بکات. ئێمە خەریکبووین دەچووینە ئەوێ. ئێوەیش شوێنمان بکەون».

کچە و کەنیزەکە بە شوێن ژن و پیاوەکەدا کەوتنەڕێ. کابرا بە درێژایی



Scanned with CamScanner

ڕێگە بە کچەکەی وت، کە کونجکۆڵ بووبوو بزانێ بڕیارە لە کوێ خۆیان بشارنەوە: «ڕێگەیەکی دێرینە پێدەزانم کە بە دەرەوەی شار کۆتایی دێ. ژمارەیەکی کەم لێی ئاگادارن. بەڵام ئەو شتەی کە باسی دەکەم ساڵانێک پێش ئێستایە. خۆیشم دڵنیانیم کە هێشتا مابێ».

ئەوان بە درێژایی ڕێگە هیچ کەسێکیان نەبینی، جگە لە پیاوێک کە گوێنییە ئاردێکی خستبووە سەر شانی و خەریکبوو بە خێرایی دەچوو بۆ شوێنێک. سەری یەک – دوو کەسیش لە سەربانەکانەوە دیار بوو. دوو کاتژمێر تێپەڕی تا ئەوان گەیشتنە ئەو شوێنەی کابرا وتبووی. چوونە کەلاوەیەکی گەورەوە و کابرا بە کچەکەی وت: «ڕێک وەک پێشووە. هیچ شتێک نەگۆڕاوە».

بەڵام کە چوونە پێشتر، دەنگی تەپڵ و دەهۆڵیان بیست. ژنی کابرای هاوسێ کتوپڕ وەستا و هەنگێ بە دەنگی بەرز وتی: «سەیری ئەوێ بکەن!».

هەموو سەیری پێشەوەیان کرد و لە دوورەوە خێڵی سەربازانی خوارەزم پاشایان بینی کە خەریکبوون لە هەمان ڕێگەوە دەچوونە شارەوە. کابرا وتی: «وای لە ئێمە! بگەڕێنەوە».

هەموو لە سەربازەکان ڕامابوون، کابرا وتی: «ئەسڵەن بیرم لێنەدەکردەوە. ئیدی نازانم دەبێ چی بکەین».


هەموو گەڕانەوە. کابرا دەستی ژنەکەی گرتبوو و بەشوێن خۆیدا ڕایدەکێشا و کچەکە و کەنیزەکەیش لە دوای ئەوانەوە دەڕۆیشتن. کابرا ساتێک ئاوڕی دایەوە و وتی: «ئێستا ئیدی تەنها دەبێ لە ماڵەکانمان خۆمان بشارینەوە. خودا فریامان بکەوێ!»

پاشان وەک بڵێی لەگەڵ خۆی بدوێ، وتی: «ئەمە چ بەڵایەک بوو بەسەرماندا باری؟»

کەنیزەکەکە دیسان دەستی کردبووەوە بە گریان، بە ئەسپایی بە کچەکەی وت: «ئێستا تەنها ژێرزەمینەکەمان بۆ ماوەتەوە، خاتوونی من! ئێستا تەنها دەتوانین لەوێ خۆمان بشارینەوە».



Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner

کچەکە هیچی نەوت. هەر چواریان بەرەو ماڵەکانیان بەڕێکەوتن.

پاش کاتژمێرێک هەموو لە ماڵەوە بوون. کەنیزەکانی کچەکە هەموو لە چواردەوری ئەڵقەیان بەست. ئەو کەنیزەی کە لە هەموویان لێوەی نزیکتر بوو، وتی: «دەبێت بچینە ژێرزەمینەکە».

کچەکە وتی: «ئێوە بڕۆن. من دەچمە ژووری نووستنەکەم و هەر لەوێ دەمێنمەوە. ئەگەر چارەنووس ئەمەیە یەخسیرم بکەن، کەواتە هیچ هەڵاتنێک نییە لێی. ئەگەر بچینە کونەمشکیشەوە، دەستگیرمان دەکەن».

کەنیزەکان ویستیان قسەیەک بکەن، بەڵام کچەکە بەرەو ژوورەکەی بەڕێکەوت. کەنیزەکانیش چوون بۆ ژێرزەمینەکە.

کچەکە لە گۆشەیەکی ژوورەکە دانیشت و بە سرتە وتی: «خودایە! من متمانەم بە تۆ هەیە. دەزانم مەحاڵە لێگەڕێی بکەومە دەست ستەمکاران. خۆم بە تۆ دەسپێرم».

پاش چەند کاتژمێرێک سەربازەکان
چوونە شارەوە. هەموویان دیلکردن.
تەنانەت چوونە ماڵی کچەکەیش،
دەرگای ژێرزەمینەکەیان شکاند و
هەموو کەنیزەکانیان لەگەڵ خۆیان
برد. بەڵام هیچ کەسێک نەچووە
دووی کچە تاق و تەنیاکە کە لە
ژوورەکە دانیشتبوو.



Scanned with CamScanner



# کاسەی حەڵوا

ڕۆژێک دەروێشێک هاتەوە ماڵەکەی و بینی کوڕە بچووکەکەی دەگری. هۆکاری گریانی کوڕەکەی لە ژنەکەی پرسی. ژنەکە وتی: «لە بەیانییەوە داوای شتێک دەکات و هەروا خەمی ئەژنۆی گرتوتە باوەش و دەگری!».

دەروێش چووە لای کوڕەکە. پرسی: «بۆچی دەگری؟» کوڕەکە لە کاتێکدا کە بە دەنگی بەرز هەنسکی دەدا، وتی: «پۆشاکێکی وەک ئەوەی کوڕەکەی هاوسێمانم ئەوێ».

دەروێش لە تەنیشت کوڕەکەوە دانیشت. دەستێکی بە سەریدا هێنا و وتی: «دەمەوێ ئەمڕۆ شتێکت فێر بکەم، شتێک کە ئەرخایەنبە، بە درێژایی تەمەن بە کەڵکت دێ».

کوڕەکە وتی: «چ شتێک؟»

دەروێش دەستێکی بە ریشە درێژەکەیدا هێنا و وتی: «ئەو شتەی کە دەیڵێم باش گوێی لێبگرە و بە یادەوەریتی بسپێرە. لە ئەمڕۆوە هەرچییەکت ویست، لە خودای داوا بکە. ئەمە ڕازی ژیانە. ئەگەر ئەم کارەت کرد، بزانە هەرچییەکت بوێ پێی دەگەی».

کوڕەکە چاوە فرمێسکاوییەکانی سڕییەوە و سەری لەقاند.

دەروێش هەستا و ئەو پۆشاکەی ئامادە کرد



Scanned with CamScanner

کە کوڕەکە داوای کردبوو. پاش چەند ڕۆژێک کوڕەکە داوای پێڵاوی کرد و دیسانەوە دەروێش موچیارییەکەی دووبارە کردەوە و هەینی کوڕەیش داواکەی لە خودا کرد. دەروێش چووە بازاڕ و پێڵاوی بۆ کوڕەکە دابین کرد.

لەو ڕۆژە بە دواوە کوڕەکە هەرچییەکی دەویست، دەستی دەکرد بە گریان و داوای ئەو شتەی لە خودا دەکرد و پاشان باوک و دایکی تێدەگەیشتن و بۆیان دابین دەکرد.

بەیانییەکیان زوو، دەروێش چووە لای کوڕەکەی و پێی وت: «من و دایکت دەمانەوێ بچینە بازاڕ تا شتێک بکڕین. ڕەنگە چەند کاتژمێرێکی پێبچێ. تۆ هەر لێرە بمێنەرەوە و یاری بکە تا ئێمە دەگەڕێینەوە».

کوڕەکە دوای ڕۆیشتنی ئەوان، دەستیکردە یاری کردن. ماوەیەک یاری کرد و هەنگێ کە تاقەتی چوو، بڕیاریدا بچێتە لای کوڕەکەی دراوسێیان. ئەوان کاتژمێرێک پێکەوە یارییان کرد. دەمەونیوەڕۆ کوڕە هاوسێ بە کوڕی دەروێشی وت زۆر برسی بووە. «دەچمەوە ماڵێ تا شتێک بخۆم و پاشان دەگەڕێمەوە و پێکەوە یاری دەکەین».

کوڕی دەروێشیش کە برسی بووبوو، سەری لەقاند و ماڵئاوایی لەو کرد و چووەوە ماڵێ. هێشتا هیچ هەواڵێکی دایک و باوکی نەبوو. هەربۆیە، خۆی سەری بە هەموو شوێنێکدا کرد تا بزانێ شتێک دەدۆزێتەوە بیخوات یا نا. چووە سەر هەموو مەنجەڵ و کاسەکان و هەموو جێیەک گەڕا، بەڵام جگە لە بڕێک نانی وشک، هیچی نەدۆزیەوە. بڕێک لەو نانەی خوارد، بەڵام هەستی کرد برسێتییەکەی پتر بووە. هەوڵی دا دیسانەوە سەری خۆی بە یارییەوە قاڵ بکات تا باوک و دایکی بگەڕێنەوە، بەڵام دیسان کاتژمێرێک تێپەڕی و هیچ هەواڵێکی ئەوان نەبوو. کوڕە دیسان نائومێدانە هەموو شوێنێک گەڕا، بەڵام هیچ شتێکی نەدۆزیەوە. کتوپڕ هەستی کرد بە هەموو بوونییەوە حەزی لە حەڵوایە؛ لە هەموو کاتێک زیاتر لە تەمەنیدا ئارەزووی حەڵوای کردبوو. لە شوێنێک دانیشت و لە خۆیەوە دەستی کردە گریان. بە دەنگی بەرز گریا و

هەنگێ کتوپڕ قسەکەی باوکی بیرکەوتەوە. دەستەکانی ڕووەو ئاسمان هەڵبڕی و وتی: «خودایە! من حەزم لە حەڵوایە. داوات لێدەکەم کاسەیەک حەڵوام بدەیتێ».

کتوپڕ لە بەرامبەر خۆی و لەسەر عەردەکە، کاسەیەک حەڵوای بینی. چەند جارێک دەستی بە چاوەکانیدا هێنا و هەڵیولی. هێرشی بۆ کاسەکە برد و دەستی کرد بە خواردن. لە تەمەنیدا حەڵوایەکی بەم بەلەزەتییە نەخواردبوو. هەموو حەڵواکەی لە چاوترووکانێکدا هەڵلووشی و هەینێ خەوی لێکەوت.

پاش قەیرێک دەستی بەر شانی کەوت. خەبەری بۆوە و چاوی کەوت بە باوک و دایکی کە بە بان سەرییەوە وەستابوون. دەروێش وتی: «پێمانوانەبوو کارەکەمان هێندە بخایەنێ».

کوڕەکە تەنها سەیری کردن. دەروێش وتی: «بە دڵنیاییەوە ئێستا ئیدی برسیتە. وەرە با نان بخۆین».

کوڕەکە وتی: «من هیچم ناوێ».

دەروێش وتی: «مەگەر برسیت نییە؟»

کوڕەکە وتی: «نا».


دەروێش وتی: «هیچت خواردووە؟»

کوڕەکە وتی: «کە ئێوە لێرە نەبوون، زۆرم برسی بوو. هەموو شوێنێک گەڕام، هیچم نەدۆزیەوە بیخۆم. کتوپڕ ئارەزووی حەڵوام کرد و وەک تۆ وتبووت، داوام لە خودا کرد و پاشان کاسەیەک حەڵوا لە بەردەممدا دەرکەوت».

دەروێش کە زۆر خۆشحاڵ بووبوو، وتی: «سوپاسی خودا دەکەم کە گەیشتوویتە ئەم پێگەیە و پەیوەندیت لەگەڵ خودا هێندە نزیکبووە».



Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner



# حەڵوای شێر

ڕۆژێک یەکێک لە هاوسێکانی
پیاوێکی دێهاتی، کە تازە لە
شار گەڕابۆوە، هاتە سەردانی
کابرای دێهاتی و باسی ئەو
شتانەی بۆ کرد کە لە شار
دیتبووی؛ باسی مرۆڤەکان،
دوکانەکان و زۆر شتانی دیکە...

وتی: «ئیدی نەمدەویست بگەڕێمەوە، بەڵام چی بکەم دڵم لێرە بوو».

پاشان بۆ هاوسێکەی باسکرد کە لە بازار زۆر بە ڕێکەوت تووشی یەکێک لە ناسیاوەکانی کابرای دێهاتی بووە کە دوکانی میوەفرۆشی کردۆتەوە و بارودۆخێکی باشی بۆ خۆی پێکەوە ناوە. کابرای دێهاتی کە سەری سوورمابوو، وتی: «ئەسڵەن نەمدەزانی».

- پێی وتم ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە.

کابرای دێهاتی وتی: «دوایین جار کە لە شار بووم، پێنج ساڵ پێشتر بوو. بەو شتانەی تۆ باست کرد پێم خراپ نییە سەرێک لە شار بدەم و ناسیاوەکەیشم ببینم».

بەمجۆرە بوو بەیانییەکیان لە خەو هەستا، بڕیاریدا بەرەو شار بەڕێبکەوێ. ماڵئاوایی لە ژنەکەی کرد و وتی شەو دەگەڕێتەوە. ئەمەی وت و کەوتەڕێ.



Scanned with CamScanner

کاتژمێرێک لە نیوەڕۆ تێپەڕی بوو کە ماندوو و برسی گەیشتە شار. ماوەیەک لە شوێنێکی گۆڕەپانێکی بچووک دانیشت تا ماندوێتییەکەی دەربکات و سەیری ئەو خەڵکانەی کرد کە لە بەرامبەریەوە دەڕۆیشتن. هەینیٔ هەستا و ناونیشانی ئەو بازاڕەی لە کەسێک وەرگرت کە دوکانی ناسیاوەکەی لەوێ بوو. بە خۆی وت کە گەیشتە ئەوێ، تێروپڕ دەخۆم و خۆم مڕ دەکەم.


بە پرسیار کردن خۆی گەیاندە بازاڕ. ناونیشانی میوەفرۆشی ناسیاوەکەی لە خاوەنی هەوەڵین دوکان وەرگرت و بە خۆشحاڵی بەڕێکەوت. جاروبار لە خۆیەوە لە شوێنێک دەوەستا و لە دوکانەکان ڕادەما و لەو کەلوپەل و کاڵایانەیش کە لەوێدا بوون و ئەو مرۆڤانەیش کە دەچوونە دوکانەکانەوە یا لێوەی دەهاتنە دەرێ. پاشان دەهاتەوە سەرخۆی و بەڕێدەکەوت. پاش تاوێک لە بەردەم قوماشفرۆشێکدا وەستا و سەیری قوماشی ڕەنگاوڕەنگی کرد و بیری لەمە کردەوە ئەی خۆزگە دەیتوانی شتێک بۆ ژنەکەی بکڕێ. بەڵام دواتر بە خۆی وت بەوچاتر کە لە ئاوایی لەم دوکانانە نییە تا مرۆڤ ئارەزووی کڕینی شتێک بکات. دیسان درێژەی بە ڕێگەکەی دا. ناونیشانی وردی هاوڕێکەی لە چەند دوکاندارێکی دیکە پرسی تا لە کۆتاییدا چاوی کەوت بە میوەفرۆشییەکەی ناسیاوی. بەپرتاو خۆی گەیاندێ و چووە ژوورێ، بەڵام لەبری ناسیاوەکەی، پیاوێکی دیکە لە دوکانەکە بوو.

کابرای لادێیی سۆراخی ناسیاوەکەی کرد و کابرایش وتی بۆ کارێک تا شوێنێک چووە و ئەمڕۆ ناگەڕێتەوە. کابرای لادێیی ماوەیەک لە هەمان شوێن وەستا. ویستی بچێتە دەرێ، بەڵام بیری کردەوە ئەم هەموو ڕێگەیە هاتووە و ئێستا ماندوو و برسی بۆ کوێ بگەڕێتەوە. ڕووی کردە کابرا کە لەو ڕامابوو و وتی: «من لە ناسیاوانی خاوەن دوکانم. لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتووم تا ئەو ببینم».

کابرا کە لە تەنیشت مێزێکی تەختەی بەرزەوە وەستابوو، وتی: «من هاوبەشی ئەوم. لە بەیانییەوە بۆ شتومەک کڕین چووە بۆ شوێنێک و تا شەو



Scanned with CamScanner



ناگەڕێتەوە. هەستەکەم کارەکە تا شەو بخایەنێ».
پاشان تەپلەکێکی بۆ کابرای لادێیی دانا تا دابنیشێ. کابرای لادێیی دانیشت و سەیری کاڵاکانی ناو دوکانەکەی کرد. پاش قەیرێک کابرایەک هاتە دوکانەکەوە و شتگەلێکی کڕی. لە دوای ئەویشەوە پیاوێکی دیکە هاتە ژوورێ و فەردەیەک ئاردی کڕی و هەینێ ژنێک هاتە ژوورێ و بە درێژایی ماوەکە کابرای لادێیی لەوان ڕامابوو. هێشتا ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕیبوو کابرای شاری پێی وت: «تۆ ئەم هەموو ڕێگەیە لە گوندەوە هاتووی بۆ ئێرە. ئێستایش بە دڵنیاییەوە ماندوو و برسی. ئەگەر پێتخۆش بێ نیوەڕۆ بچینەوە ماڵی ئێمە و میوانی ئێمە بی».

کابرای لادێیی هەرچەندە برسی بوو، بەڵام بیریکردەوە ڕەنگە کارێکی دروست نەبێ بچێتە ماڵی هاوبەشی ناسیاوەکەی. سوپاسی کرد و پێی وت: «کەمێکی دیکە لێرە دەمێنمەوە تا ماندوێتیم دەرچێ و پاشان دەگەڕێمەوە گوندەکەمان. دەبێ تا شەو دانەهاتووە بگەڕێمەوە ماڵێ».

کابرای شاری ماوەیەکیتر لە دوکانەکەی مایەوە و دیسان خولقی کابرای کرد بێتە ماڵیان. کابرای لادێیی کە ئیدی بەرگەی برسێتی نەدەگرت، قبوڵی کرد. ئەوان پێکەوە چوونەوە ماڵی کابرای شاری.



Scanned with CamScanner

ژنی کابرای شاری ئەو حەڵوایەی بۆ هێنان کە دروستی کردبوو. کابرای لادێیی چەند چرکەیەک لە قاپی حەڵواکە ڕاماو هەنگێ پاروویەکی لێخوارد. بە کابرای شاری وت: «زۆر بەلەزەتە».

ئەو سەرێکی لەقاند و کابرای لادێیی دەستیکرد بە خواردن. هێشتا پارووی پێشووی لە دەمدا بوو، پاروویەکی دیکەی دەخستە دەمییەوە و بە ئیشتیاوە دەیخوارد، بە جۆرێک، کابرای شاری و ژنەکەی لێی ڕامابوون و پێی پێدەکەنین.

کاتێک حەڵواکە تەواو بوو، کابرای لادێیی ماوەیەک بێدەنگ لە قاپی حەڵواکە ڕاما و پاشان وتی: «خۆزگە نەهاتمایە بۆ ئێرە. بینیت چیت پێکردم!»

کابرای شاری وتی: «چۆن؟»

«من هەموو ڕۆژێ چەوەندەری
کولاو دەخۆم. چۆزانم حەلوا
هێندە بەلەزەتە. ئیدی تامی
چەوەندەری کولاوم لەبەرچاو
کەوت. ئیدی من لە کوێ دەتوانم
حەلوا پەیدا بکەم!»



Scanned with CamScanner



# دە کەنیزەک

له سەردەمانی کۆندا، له مەملەکەتێک، پاشایەک دەژیا که دە کەنیزەکی جوانی هەبوو. ڕۆژێک که پاشا چووبوو بۆ ڕاو، دە کەنیزەکەکە له دەوری یەکتری خڕبوونەوە. هەر کەسە و باسی ئەو کارانەی دەکرد که بۆ پاشای کردبوو ...

تا ئەوەی قسە چووە سەر حەزەکانی پاشا. ئەو کەنیزەکەی که پێیوابوو له هەموویان جوانترە، بە ئەوانیتری وت: «پاشا زیاتر حەزی له منە وەک له ئێوە. ئەمەیش لەو قسانەوە دەزانم که جاروبار بۆ منی دەکات».

کەنیزەکێکی دیکە وتی: «ئەسڵەن وانییە. تۆ خۆت بەمجۆرە خەیاڵپلاوی دەکەیت. چەند مانگێک پێشتر چووبوو بۆ سەفەر، بازنێکی بۆ من هێنابوو که نموونەیم له هیچ شوێنێک نەدیوە. دڵنیابن زیاتر حەزی له منە وەک له ئێوە».

ئەو کەنیزەکەی له پەنایەوە وەستابوو وتی: «چ خەیاڵپلاوییەک! باشترە بزانی له هەمان سەفەر پۆشاکێکی بۆ من هێنا که پێموانییە هیچ کام له ئێوە وەک ئەوەی دیتبێ. من که هەمیشە پێموابووە منی زیاتر له هەمووتان خۆشتر دەوێ».

هەر یەکەیان قسەیەکی کرد تا بیسەلمێنێ پاشا زیاتر حەزی لەوە. وردەوردە خەریکبوو کارەکە



Scanned with CamScanner

دەگەیشتە شەڕ، کە کەنیزەکی یەکەم وتی: «زۆر ئاسان دەتوانین بزانین پاشا کێی لە هەموومان زیاتر خۆشدەوێ، زۆر ئاسان».

ئەو کەنیزەکەی پاشا پۆشاکی بۆ هێنابوو وتی: «حۆل بوویت! چۆن دەکرێ بزانین؟»

کچەکە وتی: «زۆر سادە. کاتێک لە ڕاو گەڕایەوە، بە کۆمەڵ دەچینە لای و داوای لێدەکەین پێمان بڵێ زیاتر کەیفی بە کاممان دێ. ئەوسا هەمووتان تێدەگەن کە لە هەڵەدان».

کەنیزەکە وتی: «واتا هەستین بڕۆین پرسیار لە خودی پاشا بکەین؟»

کچەکە وتی: «ئەی چی؟ ئەمە باشترین ڕێگەیە. دڵنیابن زۆر ئاسان وەڵامی پرسیارەکەمان دەداتەوە».

هەموو ڕازی بوون. پاشان ئارامیان گرت تا پاشا لە ڕاو گەڕایەوە. کەنیزەکان کە دەیانزانی کەی بچنە لای پاشا، ئارامیان گرت تا باش پشوو بدات و پاشان، کاتێک بینییان سەرحاڵە، مۆڵەتیان وەرگرت و بە کۆمەڵ چوونە بارەگا. پاشا یەک یەک سەیری هەموویانی کرد و وتی: «دەبێ کارێکی گرنگ بێ کە هەر دە کەسەکەتان هاتوون بۆ ئێرە».

ئەو کەنیزەکەی پاشا قسەگەلی خۆشەویستانەی لەگەڵ دەکرد، وتی: «سەروەرم، پرسیارێک بۆ هەموومان هاتە پێش کە هەرچەندە بیرمان لێی کردەوە، بینیمان تەنها تۆ دەتوانی وەڵامی بدەیتەوە». کەنیزەک ساتێک وەستا و پاشان درێژەی دایە: «بەڵام ڕەنگە تۆ بە ژنەوتنی ئەوە، لێمان زویر بی و توورە بی».

پاشا کە لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو، بزەی هاتێ و وتی: «ئەمە بزانن من هەرگیز لە ئێوە زویر نابم. ئێستا بە خەیاڵی ئاسوودەوە پرسیارەکەتان بکەن».

کەنیزەکە کە خەیاڵی ئاسوودە بووبوو، وتی: «سەروەرم! تامەزرۆیانە دەمانەوێ بزانین تۆ کام یەک لە ئێمەت پتر خۆشتر دەوێ؟»

پاشا کە حەپەسابوو، بزەی هاتێ. لە شوێنەکەی هەستا. تا نزیک کەنیزەکان



Scanned with CamScanner


ڕۆیشت و گەڕایەوە شوێنەکەی. لە کاتێکدا کە هێشتا بزەی بە ڕووخسارەوە بوو، وتی: «پرسیارێکی قورستان لێکردم».

کچەکە وتی: «ئەگەر وەڵامی بدەیتەوە، ئێمەت لە کونجکۆڵی قوتار کردووە».

پاشا دیسانەوە سەیری هەموویانی کرد و لە گژفکران چوو. دە کەنیزەکە لە پاشا ڕامابوون. پاش تاوێک پاشا ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی دەرکرد و لە بەردەم کچەکاندا ڕایگرت. وتی: «سبەی ئەم ئەنگوستیلەیە لای هەر کەسێک بوو، بزانێ من لە هەموویان زیاترم خۆشدەوێ».

پاش ئەوەی کەنیزەکەکان لە بارەگا چوونە دەرێ، پاشا بانگی زەڕەنگەری دەرباری کرد. ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی داکەند و دایە دەستی. وتی: «دەمەوێ تا سبەی نۆ ئەنگوستیلە، ڕێک وەک ئەم یەکە، دروست بکەی».

زەڕەنگەر ئەنگوستیلەکەی
وەرگرت و ڕۆیشت. بۆ
سبەی بەیانی پاشا ژێرەکی
ئەنگوستیلەیەکی دا بە هەر
یەکێک لە کەنیزەکەکان.





Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner



# پیاوێکی مەستی وشیار

ڕۆژێک ئەسپێکیان بە دیاری
هێنا بۆ سوڵتان مەحمود
کە لە گەورەیی و جوانیدا
وێنەی نەبوو. ئەسپەکە بە
ڕادەیەک جوان و ئەندام ڕێک
بوو، هەموو دەربارییەکان و
تەنانەت غولامان و کەنیزانیش
پەلەکوتێیان بوو بۆ دیتنی، ...

بە جۆرێک، تەویلەکەی سوڵتان، بووبووە شوێنی هاتووچۆی ئەندامانی دەربار.

سوڵتان کە زۆر لەم دیارییە ڕازی و خۆشحاڵبوو، زۆری حەز دەکرد ئەم ئەسپە پیشانی هەموان بدات. بەیانییەکی ڕۆژی جەژن، فەرمانی بە غولامەکانی خۆی دا ئەسپەکە ئامادە بکەن. یەکسەر فەرمانی سوڵتان جێبەجێکرا. سوڵتان لەسەر ئەسپەکە دانیشت و فەرمانی دا دەروازەی کۆشک بکەنەوە و لەگەڵ سەربازان و غولامەکانیدا چووە شارەوە. کاتێک خەڵک بیستیان سوڵتان هاتووە بۆ شار، هەموو بە پرتاو هاتنە سەربانەکان و شاد بوون لەوەی پاشایان دەبینی خۆشحاڵ، سواری ئەسپە جوانەکەی بووە.

لەم کاتەدا کابرایەک کە زۆر سەرخۆش بوو، لە کونجێکیماڵەکەیدا کەوتبوو. جارجارێ بە دەنگی بەرز لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد و جارجارێ قاقای لێدەدا. ژن و منداڵەکانی کە حەزیان نەدەکرد کابرا دیتنی ئەم دیمەنە لە دەست بدات، بە پرتاو لە



Scanned with CamScanner

سەربانەکە هاتنە خوارێ و چوونە لای کابرا کە لەسەر عەردەکە ڕاکشابوو. ژنەکەی پێی وت: «خێرا هەستە و وەرە سەربانەکە کە ئێستا سوڵتان بە بەرماڵی ئێمەدا دەڕوا. حەیفە نەیبینی».

کابرا وتی: «خەیاڵت ئاسوودە بێ. من لە شوێنی خۆم ناجووڵێم».

ئەمەی وت و قاقایەکی لێدا. ژنەکە لە تەنیشتییەوە دانیشت. وتی: «کابرا! ئەسڵەن تێدەگەی چی دەڵێی؟ هەموو چوونەتە سەربانەکان. ئێستا سوڵتان مەحمود و سەربازان و غوڵامەکانی بە بەرماڵی ئێمەدا دەڕۆن. تێدەگەی چی دەڵێم؟ دەڵێن بە سواری ئەسپێکەوەیە لە دنیادا تاکی نییە».

کابرای سەرخۆش سەری هەڵبڕی و ڕوانییە ژنەکەی. وتی: «گەر هەمووشیان بڕۆن، من ناڕۆم. ئێستا هەموو خۆشییەکانی دنیا لە مندا کۆبۆتەوە، ئەوسا تۆ دڵت دێ من لەم دۆخە دەربهێنی؟»

ژنەکە کە تووڕە بووبوو، هاواری کرد: «تۆ حۆل بوویت! تێناگەی چی دەڵێی. مەگەر چەند جار سوڵتان بە بەرماڵی مرۆڤدا تێدەپەڕێ کە تۆ لێرە دانیشتووی؟»

کاتێک کابرا قسەی نەکرد، یەکێک لە کوڕەکانی، کە لە تەنیشت دایکییەوە وەستابوو، وتی: «چۆنە دەستەکانی بگرین، هەڵیسێنین و هەر جۆرێک بووە بیبەینە سەربانەکە».

ژنەکە سەیرێکی مێردەکەی کرد کە لەسەر عەردەکە ڕاکشابوو و خەریکبوو لە بەرخۆیەوە شتێکی دەوت و پێدەکەنی. بە دەنگی بەرز وتی: «هەستە، پیاو!»

کاتێک بینی مێردەکەی نابزوێ، لە تەنیشتییەوە هەستا. بە کوڕەکانی وت: «ئێستا کە قسە نابیستێ، ئەم کارە دەکەین».

لەگەڵ کوڕەکانیدا دەستەکانی کابرایان گرت. کاتێک خەریکبوون بە زۆر لەسەر زەوییەکە بەرزیان دەکردەوە، کابرا بە دەنگێکی بەرز وتی: «لێمگەڕێن! ئەسپی سوڵتان بۆچی ببینم؟ سوڵتان دەبێ بێت و من ببینێ کە حاڵێکی



Scanned with CamScanner

چەندە خۆشم هەیە».

قاقایەکی لێدا. ژن و کوڕەکانی بکێش بێکش بردیانە سەربانەکە. ڕێک لەم کاتەدا دەنگی شادی هاوسێکان بەرزبۆوە. ژن و منداڵەکانی بەلەز کابرایان بردە لێواری سەربانەکە. ژنەکە لە دوورەوە سوڵتان و یاوەرانی پیشانی کابرا دا و وتی: «دەبینی؟ حەیف نەبوو لەو خوارەوە بمایتایەتەوە و ئەم دیمەنەت نەدیبایە؟»

کابرا بە چاوی نیوە کراوەوە سەیری کاروانی سوڵتان و یاوەرانی کرد و هەینێ بە ژنەکەی وت: «ئێستا کە بینیم. لێگەڕێ بڕۆمە خوارێ. خەریکە حاڵە خۆشەکەم لێتێک دەدەیت».

ژنەکە بە کوڕەکانی وت: «توند بیگرن!»

هەر چوار کوڕەکە توند کابرای سەرخۆشیان لە تەنیشت سەربانەکە ڕاگرتبوو.

پاش قەیرێک، کاتێک سوڵتان و یاوەرانی ڕێک گەیشتنە بەرامبەر ماڵی کابرای سەرخۆش، کابرا بە دەنگی بەرز وتی: «ئەی سوڵتان!»

دەنگی ئەوەندە بەرز بوو، سوڵتان لە نێو هەراوزەنادا بیستی. سەری هەڵبڕی و هەینێ دەستەکانی هەڵبڕی تا هەموان بوەستن. کتوپڕ بێدەنگی هەموو جێیەکی گرتەوە. سوڵتان مەحمود وتی: «بانگی منت کرد؟»

کابرای سەرخۆش وتی: «بەڵێ، بانگی تۆم کرد».

ژنەکە دەستەپاچە بووبوو، ویستی کابرا ڕابکێشێتە دواوە، بەڵام ئیدی درەنگ بووبوو. کابرای سەرخۆش لە شوێنی خۆی وەستابوو. بە دەنگی بەرز وتی: «ئەم ئەسپە بۆ من هیچ نرخێکی نییە. ئەگەر گۆرانیبێژێک گۆرانییەکی بۆ من دەوت و ئەم ئەسپە هی من بووایە پێم دەبەخشی».

سوڵتان کە بێئەندازە تووڕە بووبوو، یەکسەر فەرمانی بە سەربازەکانی دا کابرا دەستگیر بکەن. سەربازەکان لە ئەسپەکانیان دابەزین. بە پرتاو چوونە ماڵی کابراوە و لە شوێنی خۆی و لە سەربانەکە دەستگیریان کرد و هێنایانە



Scanned with CamScanner

خوارێ. سولتان ڕوویکردە کابرا و وتی: «ئێستا کارت گەیشتۆتە شوێنێک بە من دەڵێی ئەسپەکەم نرخی نییە».

بە سەربازەکانی وت: «هەر ئێستا بیخەنە زیندانەوە».

پاشان درێژەی بە ڕێگەکەی دا. سەربازەکان بە پەلە کابرایان بەرەو کۆشک برد. هەفتەیەک بەسەر دەستگیرکردنی کابرای سەرخۆشدا تێپەڕی بوو و ئەو کە بە درێژایی ئەم ماوەی خەمین و بێتاقەت لە کونجێک کزۆڵەی کردبوو، بەردەوام بە خۆی دەوت ئاخر مەگەر چی کردووە دەبێ بەمجۆرە سزا بدرێ؛ماڵی کەسێکی خواردووە یا کەسێکی کوشتووە؟ پاشان کەوتەوە بیری ژن و منداڵەکانی کە دەیزانی ئێستا خەو و خۆراکیان نییە و نیگەرانن. بە خۆی وت دەبێ کارێک بکات، دەبێ بە جۆرێک بێگوناهی خۆی بۆ سولتان بسەلمێنێ، گەرنا دیار نییە دەبێ تاکەی لەوێ یەخسیر بێ.

نیوەڕۆ کە سەروپۆتەڵاکی زیندانەوانەکە دەرکەوت، پێی وت: «دەمەوێ تکایەکت لێبکەم. دڵنیابە قەرەبووی کارەکەت دەکەمەوە».

زیندانەوان وتی: «چ تکایەک؟»

کابرا وتی: «دەمەوێ بچییە لای سولتان و پێی بڵێی تاوانی من چییە. پێم بڵێ گوناهم چییە تا خۆیشم بزانم بۆچی لێرەم. دڵنیابە تۆڵەت بۆ دەکەمەوە».

زیندانەوان سەری لەقاند. وتی: «ئەوەی وتت بە سولتانی دەڵێم».

ئەمەی وت و ڕۆیشت. کابرا هەروا ئەژنۆی خەمی لە باوەش گرت و ڕێک کاتێک کە خەریکبوو لە هاتنەوەی زیندانەوان نائومێد دەبوو، هەواڵ هات سولتان دەیەوێ ئەو ببینێ. کابرا بە خۆشحاڵییەوە، لەگەڵ دوو سەربازدا چوو بۆ بارەگا.

لە بەردەم سولتاندا کڕنووشی برد و وتی: «سەروەرم! ئێستا هەفتەیەکە لە زیندانەکەی تۆدام، بەڵام نازانم تاوانم چییە. پێم بڵێ چ هەڵەیەکم کردووە تا خۆیشم بیزانم».



Scanned with CamScanner






Scanned with CamScanner

سوڵتان کە دیسانەوە تووڕە بووبوو، بە دەنگێکی بەرز وتی: «مرۆڤی کوستاخی بێسەروبەر! مەگەر تۆ نەبووی ئەو ڕۆژە لە سەربانی ماڵەکەتەوە ئەو قسانەت بە ئێمە وت؟ ئێستا لێرە وەستاوی و دەڵێی چ کارێکم کردووە؟ چۆن پرکێشیت کرد ئەو قسانە بکەیت؟»

کابرا وتی: «ئاخر، ئەی شای جیهان! من ئەو قسانەم نەکرد. ئەو ساتە من لە سەربانەکە نەبووم. مرۆڤێکی سەرخۆش لەبری من لە سەربانەکە بوو و ئەو ئەم قسانەی کرد. بەڵام ئێستا ئەو کەسەی لە بەردەمت وەستاوە، مرۆڤێکی وشیار و ئاقڵە».

سوڵتان کە کەیفی بەم قسانە هاتبوو، پێکەنی. دیارییەکی پێدا و فەرمانی دا لە زیندان ئازادی بکەن.





# عەشق و سامان

له سەردەمانی کۆندا، له گوندێک، پیاوێکی گەنج دەژیا که عاشقی کچێک بووبوو لەوسەری کۆڵانەکەی خۆیان. کابرا که تاوناتاوێ له کۆڵانەکە تووشی کچەکە دەبوو، دەیبینی کچەکەیش ...

زۆر خێرا نیونیگایەک دەگرێتە ئەو و جارجارێکیش پێکەنینەکەی دەبینی کە هەوڵی دەدا بیشارێتەوە. کابرا تووشی دڵەڕاوکە بووبوو، ڕازی دڵی بە کچەکە بڵێ و لە دڵەوە دڵنیابوو کچەکەیش حەزی لەوە.

ڕۆژێک بڕیاریدا پێ بە جەرگی خۆیدا بنێ و هەر جۆرێک بووە بە کچەکە بڵێ چەندە عاشقی بووە. بەیانی هەمان ڕۆژ لە ماڵەوە چووە دەرێ و لە شوێنێکی نزیک ماڵی کچەکە لە چاوەڕوانیدا دانیشت. ڕێک لە ساتێکدا کە ئیدی لە هاتنە دەرەوەی کچەکە نائومێد بووبوو و دەیویست بگەڕێتەوە، دەرگای ماڵەکە کرایەوە و کچکە هاتە دەرێ. کابرا وەختابوو لە خۆشحاڵیدا باڵ دەربکات. لە شوێنێک خۆی مەڵاس دا و هەینێ لێگەڕا لە ماڵ دووربکەوێتەوە و بە خێرایی لە دوایەوە بەڕێکەوت. پاشان لە کۆڵانێکی چۆڵدا خۆی پێگەیاند. کچەکە کە ڕاچڵەکا بوو، وەستا و کابرای گەنج، لە کاتێکدا کە دەنگی دەلەرزی، هەموو هەستەکانی بۆ کچەکە بەیان کرد. وتی لەو کاتەوەی



Scanned with CamScanner

ئەوی بینیوە، نەک بە دڵێک، بەڵکو بە سەد دڵ عاشقی بووە و ئیدی بێ ئەو ناتوانێ بژی.

کچەکە کە ئەمانەی بیست، دەستی کرد بە قسە کردن و ڕێک هەمان ئەو شتانەی بە کابرا وت کە ئەویش وتبووی و هەنگێ، وەک بڵێی هەر دووکیان لە قسەکانیان شەرمندە بووبن، خێراماڵئاواییان کرد و لێک جیابوونەوە. کابرا کە لە کەوڵی خۆیدا جێی نەدەبۆوە، حەزی دەکرد هاوار بکات و بە هەموان بڵێ چ هەستێکی هەیە و ئەمڕۆ گرنگترین ڕۆژی ژیانیەتی. پاشان تا ماڵەکەی یەک هەناسە ڕایکرد.

کابرای گەنج لەو ڕۆژەوە تا ماوەیەکی زۆر دەچووە سەردانی کچەکە. ئەوان لە شوێنێک پێکەوە سەری قسەیان دادەمەزراند و باسی عەشقەکەیان بۆ یەکتری دەکرد کە ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبوو.

سێ ساڵ بەمشێوەیە تێپەڕی تا ئەوەی ڕۆژێکیان کابرای گەنج بە کچەکەی وت: «ئێستا من لە ماسی دەچم و تۆیش لە ئاو. ئیدی تەنانەت یەک چرکەیش ناتوانم بێ تۆ زیندوو بمێنم».

کچەکە وتی: «منیش هەروا. وێناکردنی ئەوەی بێ تۆبم، کاری نەکردەیە بۆم».

کابرای گەنج وتی: «پێموایە کاتی هاتووە پێکەوە زەماوەند بکەین».


کچەکە کە بێئەندازە لە قسەی کابرا خۆشحاڵ بووبوو، ڕازی بوو. وتی: «هەرچییەک تۆ بیڵێی».

کابرا بیری کردەوە بۆ ڕێکخستنی کارەکانی و تەدارەکاتی ڕێوڕەسمی زەماوەند، دوو مانگ کاتی دەوێ و پاشان کاتی ڕێوڕەسمەکەیان خستە دوو مانگ دواتر. هەینێ باسی ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەیان کرد و ئەو ڕۆژە لە ئۆخژندا، پێیان لە عەرد نەدەکەوت.

بەڵام ڕێک لە هەمان ئەو ماوەیەی کە تا ڕێوڕەسمی زەماوەندەکە مابووی، بەروبوومی زەوییەکانی کابرای گەنج نەک تەنها زیاتر لە هەر ساڵێک، بەڵکو بە



Scanned with CamScanner



شێوەیەکی سەرسووڕهێن زیاد بوو، بە جۆرێک، کابرا توانی بە فرۆشتنیان مەڕ و ئەسپ و ماڵ و زیڕی زۆر بکڕێ.

بەڕێکەوت بەروبوومی زەوییەکانی کچەکەیش بەمشێوەیە زیادبوو و ئەویش لە فرۆشی ئەوانە، سامانێکی زۆری دەستکەوت و سامانی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و زیاتر بوو و وردەوردە هەر یەکەیان تەنانەت چەند غولامێکیان بۆ خۆیان هێنا. ئەوان هەندێک جار یەکتریان دەبینی و باسی عەشقیان دەکرد، بەڵام زەماوەندیان سپاردبووە دەستی فەرامۆشی. تەنانەت وردەوردە ئاگری عەشقێک کە هەموو شوێنێکی دەسووتاند، ڕووەو خامۆشی ڕۆیشت. وردەوردە ماڵ و سامانیان گەیشتە ئاستێک، هەر دووکیان بەرەو شار ڕۆیشتن و هەر یەکەیان خانوویەکی گەورەی شاهانەی بۆ خۆی کڕی و غولام و کەنیزانی زۆر لە ماڵەکانیان سەرقاڵی کار بوون و ئیدی هیچ لەو ئەوینە نەمایەوە.


ماوەیەک تێپەڕی تا ئەوەی ڕۆژێک کابرا بۆ دیتنی ئەسپێک چووبوو بۆ لای




Scanned with CamScanner

غوڵامەکانی، کتوپڕ کەوتە یادی ئەو ڕۆژانەی لە گوند بوو و بیری لەو کچە کردەوە کە لەوێ خۆشی دەویست. ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتەوە کە بەپرتاو دەچووە سەردانی و هەینێ لە کونجێکدا دادەنیشتن و پێکەوە باسی ئەوینیان دەکرد؛ بیری لە ڕۆژێک کردەوە کە کچەکە پێی وتبوو تاهەتایە هیی ئەوە و پاشان لەبەر ئەو دەستی کردبووە گریان. دڵۆپە ئەسرینێک لە خۆیەوە لە گۆشە چاوی کابراوە هەڵخزا. تاک تاکی ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتەوە کە لەگەڵ کچەکە بوو. لەم کاتەدا غوڵامەکان ویستیان ئەسپێکی تری پیشان بدەن، بەڵام کابرا، بێئەوەی قسەیەک بکات، لەوێ ڕۆیشت. گەڕایەوە ماڵە گەورەکەی و تا شەو بیری لە کچەکە کردەوە. لەو ڕۆژەوە ئیدی چرکەیەک نەبوو بیر لە کچەکە نەکاتەوە.

کچەکەیش کە ماوەیەکی زۆر بوو کەوتبووەوە بیری تاقە عەشقی ژیانی، خەو و خۆراکی نەبوو. جارجارێ لە ماڵە گەورەکەی، لە ژوورێکدا دادەنیشت و ئەژنۆی خەمی دەگرتە باوەش و چەندین کاتژمێر بیری لە کابرای گەنج و ئەو ڕۆژانە دەکردەوە کە لەگەڵ ئەو بەسەری بردبوو. تەنانەت کاتێک کەنیزەکێک لەگەڵ غوڵامێک دەهات و کارێکی بەو هەبوو، ژنە ئامادە نەبوو قسەی لەگەڵ بکات. جارجارێ تا نیوەشەو بێدار دەمایەوە و دەگریا و هەندێکجار تا بەیانی لە خەودا دەیناڵاند.





وردەوردە کارەکە گەیشتە شوێنێک، ئیدی هیچ کامێکیان دەستیان نەدەچووە کارێک. هەموو کارەکان لە شوێنی خۆیان مابوونەوە و غوڵامان و کەنیزەکان و ئەو کەسانەی کە بۆ کابرا و کچەکە کاریان دەکرد،





Scanned with CamScanner

نەیاندەزانی چی بکەن. ئەوەبوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە ژمارەی ئەسپ و مەڕەکان کەم دەبۆوە. وردەوردە ماڵ و سامانەکەیان لە دەست دەدا و هەموو ئەمانە ئیدی هێندەی سەرە دەرزییەک نرخی نەبوو بۆیان. ئێستا ئیتر تاقە شتێک کە بیریان لێدەکردەوە، ئەو ساتانە بوو کە پێکەوە بەسەریان بردبوو. پاش ماوەیەک تەنانەت ماڵەکانیشیان لە دەست دا و گۆڕان بۆ هەمان ئەو شتەی کە لە سەرەتادا هەبوون. پاشان هەر دووکیان بڕیاریاندا بگەڕێنەوە گوندەکانیان. بە دەستی خاڵی گەڕانەوە ئەوێ. کاتێک دوای ساڵانێک یەکتریان لەوێ دییەوە، وەک بڵێی هیچ شتێک نەگۆڕابوو. چما تەنانەت یەک ڕۆژیش لە یەکتری دوور نەبوون و دیسانەوە ئاگری ئەو ئەوینە دێرینە بڵێسەی سەندەوە. کابرای گەنج لە تەنیشت کچەکەوە دانیشت و پێی وت چ ڕۆژانێکی سەختی بێ ئەو بەسەر بردووە و بەردەوام بیری لەو کردۆتەوە و ئیدی هەرگیز بە تەنیا جێی ناهێڵێ.

کچەکەیش وتی کە ئیدی لە دنیادا
هیچ شتێک بە تاقە ئەوینەکەی
ژیانی ناگۆڕێتەوە.





Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner



# پیرەمێردی لە جێدا کەوتوو

تەشتی خستبووە ژێر پێی باوکی، هەستا. وەک هەمیشە شیری کردە کاسەیەکەوە بۆ باوکی و چووە بان سەری. پیرەمێرد هێشتا نووستبوو و بە هێمنی هەناسەی دەدا. کچەکە چەند چرکەیەک سەیری رووخساری باوکی و چرچوولۆچە قووڵەکانی دەموچاوی کرد کە هەمووی داپۆشیبوو. هەینێ لە سەرخۆ شانی باوکی گرت و رایوەشاند. پیرەمێرد چاوی هەڵهێنا. کە کچەکەی بینی، پێکەنی. کچەکە کاسە شیرەکەی پیشان دا و هەنگێ پیرەمێرد دەمی کردەوە. کچەکە بە دەست سەری باوکی هەڵبڕی و کاسە شیرەکەی لەبەر دەمیدا ڕاگرت و نووشتاندیەوە. پیرەمێرد هێدی هێدی شیرەکەی قووت دەدا. هەموو جارێ کەمێک سەری دەخستە سەر پشتییەکە و پاشان دیسانەوە هەڵیدەبڕی و دووبارە دەستی دەکردەوە بە خواردن. هەمیشە لە کۆتاییدا چەند قومێک دەمایەوە.

کچەکە لێوی کاسەکەی لە دەمی پیرەمێرد هەڵدەگرت و پاشان هەڵدەستا و دەچوو کەمێک نانی

لە سەردەمی عومەردا پیاوێک دەژیا کە ساڵ و تەمەنێکی زۆری هەبوو و کچەکەی چاودێری دەکرد. بەیانییەکیان زوو، کچەکە پاش ئەوەی بە درێژایی شەو چەند جارێک خەبەری بووبۆوە و...



Scanned with CamScanner

دەهێنا. وردی دەکرد و دەیخستە دەمی باوکییەوە. دەوەستا تا باش بیجوێ و بیباتە خوارێ و هەینێ پارچەیەکی دیکەی دەخستە دەمییەوە.

هەر کە ویستی هەستێ، فرمێسکەکانی باوکی بینی. بینی کە هەوڵ دەدات قاچەکانی بجووڵێنێ. کچەکە ئینجا هەستی بەو پەڵە گەورەیەی ناوەڕاستی قاچی باوکی کرد. وتی: «چیت کرد!»

بە پەلە ڕۆیشت لەگەن و سوراحی هێنا. بە درێژایی ئەو ماوەیەی پۆشاکەکانی باوکی دەگۆڕی و دەیشۆری، پیرەمێرد چاوی بڕیبووە بنمیچەکە. پاش تاوێک کچەکە هەستا. کاتێک ویستی لە ژوورەکە بچێتە دەرێ، وتی: «لانیکەم دەتتوانی پێشتر ئاگادارم بکەیتەوە».

ئەمەی وت و لە ژوورەکە چووە دەرێ. پیرەمێرد هێشتا چاوی بڕیبووە بنمیچەکە. ژنەکەی بیرکەوتەوە کە ساڵانێک پێشتر مردبوو. بیری کردەوە ئەگەر ئێستا زیندوو بوایە، چی دەکرد. ژنەکەی هێنایە بەرچاوی خۆی کە لەگەڵ کچەکەی چاودێری ئەویان دەکرد. شیر و نانیان پێدەدا و هەینێ ژنەکە قسەی لەگەڵ دەکرد، ڕێک وەک ئەو کاتانە کە جارجارێ لە پەنایەوە دادەنیشت و شتێکی بۆ دەگێڕایەوە و ئەو بە حەزەوە گوێی دەگرت.

دڵۆپە ئەسرینێک لە گۆشەی چاوییەوە هاتە خوارێ و هاوکات کچەکە هاتە ژوورێ. بە پیرەمێردی وت: «دەبێ بڕۆم شیر و نان بکڕم. هەوڵ دەدەم زوو بگەڕێمەوە».

پیرەمێرد سەیری کرد و پێکەنی. کچەکە دیسان لە ژوورەکە چووە دەرێ.



پیرەمێرد دووبارە هەوڵی دا بیر لە ژنەکەی بکاتەوە. هەوڵی دا بیچمی بەوجۆرەی کاتی زەماوەندەکە بیربهێنێتەوە، بەڵام تەنها وێنەیەکی سڕاوەی هات بە خەیاڵدا. چاوەکانی



Scanned with CamScanner

نووقاند. هەستی کرد دەنگی ژنەکەی دەبیستێ و بەم یادەوەرییانەوە خەوی لێکەوت.

هاوکات کچەکە چووە بازاڕ. سەیری خەڵکانێکی کرد کە لە پەنایەوە تێدەپەڕین، خەڵکانێک کە لە تەنیشت دوکانەکانەوە دەوەستان و سەیری شتێکیان دەکرد و هەینێ درێژەیان بە ڕێگەکەیان دەدا. باش سەیری رووخساری یەک یەکیان کرد. هەوڵی دا بزانێ دەبێ کامیان وەک ئەو بگەڕێتەوە لای باوکە پیرەکەی.


لە شوێنێک، لە بەرامبەر دوکانێکی قوماشفرۆش وەستا. ژن و پیاوێکی بینی خەریکبوون سەیری قوماشێکیان دەکرد کە خاوەن دوکانەکە بۆی هێنابوون. کچەکە ماوەیەک لەوێ وەستا. بینی کە ژنەکە، پەنجەکانی دا لە قوماشەکە و هەینێ داوای لە دوکاندارەکە کرد قوماشێکیتری بۆ بهێنێ. پاشان سەیری ئەو قوماشانەی کرد کە لە پەنا دوکانەکە هەڵچنرابوون. هەر کە دوکاندارەکە قوماشەکەی بۆ ژنەکە هێنا، کچەکە لەوێ ڕۆیشت. لە شوێنێکی دیکە نانی کڕی و لە دوکانێکی دیکەیش شیر.

کاتێک خەریکبوو دەگەڕایەوە ماڵێ، یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانی دایکی بینی. پیرەژن هەواڵی باوکی لێپرسی و وتی ئەم ڕۆژانە دێ تا سەردانێکی بکات و هەینێ وتی ماوەیەک پێشتر لەگەڵ عومەر لەمەڕ کچەکە قسەی کردووە: «پێم وت چەندە زەحمەت بۆ باوکت دەکێشی. زۆر تامەزرۆ بوو تۆ ببینێ. داوای لە من کرد ئەو بهێنم بۆ ماڵەکەتان».

کچەکە وتی: «کارێک بۆ باوکم ناکەم».

- با، هەموو کارێک دەکەیت. هەر ئەمڕۆ و سبەیە کە عومەر بێتە سەردانت.

پاشان ماڵئاواییان لە یەکتر





Scanned with CamScanner

کرد. کاتێک کچەکە گەڕایەوە ماڵێ، باوکی نووستبوو. کەمێک بە بان سەری باوکییەوە وەستا و هەنگێ ڕۆیشت تا شتێک بۆ نیوەڕۆ دروست بکات.

ڕێک بۆ سبەی بەیانی عومەر هاتە سەردانیان. پیرەمێرد پێکەنی و دەمی کردەوە تا قسەیەک بکات، بەڵام دەنگی دەرنەدەهات. عومەر کچەکەی بینی کە بەردەوام دێتە لای باوکی و هەرچییەکی دەوێ بۆی دەهێنێ و پاشانیش چەند پاروویەکی خستە دەمییەوە. بە پیرەمێردی وت: «وەسفی کچەکەتم بیستبوو، بەڵام باوەڕم نەدەکرد. ئێستا وا بە چاوی خۆم دەیبینم چۆنچۆنی چاودێری باوکی دەکات».

پیرەمێرد چاوی نووقاند و پێکەنی. عومەر ماوەیەکیتر لەوێ دانیشت و هەینێ هەستا و ماڵئاوایی کرد. لە تەنیشت دەرگاکە بە کچەکەی وت: «لەم سەردەم و زەمانەیەدا هیچ کچێکی وەک تۆم نەدیوە بەمجۆرە حەقی لە ملی باوکی بێ. ئافەرین بۆ تۆ!»

کچەکە بە ئەسپایی وتی: «ڕاستەکەیت، بەڵام تۆ ئاگات لە شتێک نییە».

- ئاگام لە چی نییە؟

- ڕاستە من شەو و ڕۆژ پەرستاری لەو دەکەم و ئاگام لێیەتی، بەڵام من لە کوێ و ئەو لە کوێ. کاتێک کە من منداڵ بووم، ئەو شەو و ڕۆژ چاودێری لە من دەکرد نەبادا ئازارێکم پێ بگات و موویەک لە سەرم کەم بێتەوە. بەڵام من شەو و ڕۆژ داوای مردنی ئەو دەکەم لە خودا تا ئاسوودە بم.






Scanned with CamScanner



# یەخسیرانی پەیامبەر "د. خ"

پەیامبەر «د. خ» لە یەکێک لە شەڕەکاندا، موشریکانی مەککەی تێکشکاندبوو کە لەشکرێکی گەورەبوون و دیلێکی زۆری لێگرتبوون. لە نێو دیلەکاندان عەباسی مامی پەیامبەریش «د. خ» دەبینرا.

کاتێک خۆرئاوابوو و ڕەشایی شەو هەموو شوێنێکی داپۆشی، دەنگی گریە وناڵەی یەخسیران بەرزبۆوە. ئەوان هەر یەکەیان لە کاتێکدا کە دەست و قاچیان توند بەسترابۆوە، لە کونجێک دانیشتبوون و شیوەنیان دەکرد. هیچیان ئومێدێکیان بە زیندووبوون نەبوو و هەر ساتێک چاوەڕێ بوون چەقۆی مردن گیانیان لێبسەنێ.

پەیامبەر «د. خ» چووە نێویانەوە. سەیری ڕووخساری یەک یەکیانی کرد و هەینێ کەوتە پێکەنین. یەکێک لە دیلەکان کە تا ڕادەیەک پیر دەبینرا، بەو پیاوەی تەنیشتی وت: «سەیری بکە! خەریکە وەک ئێمە پێدەکەنێ».

ئەو دیلەی لە تەنیشتییەوە وەستابوو سەیری پەیامبەری کرد. وتی: «سەیرە! کەواتە بۆچی دەیانوت لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە جیاوازە؟»

ئەو دیلەی کەمێک لەولاتر لەسەر پشت کەوتبوو و دەیناڵاند، وتی: «من لە سەرەتاوە دەمزانی.

هەمووی درۆ بوو. هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئێمە و ئەودا نییە. سەیرکەن چەندە خۆشحاڵە لەوەی ئێمەی یەخسیرکردووە؛ ڕێک وەک هەر فەرماندەیەکی دیکە».

دیلێکی دیکە وتی: «ئەویش وەک ئێمە مرۆڤێکی خاکییە. من باوەڕم بە یەک وشەیش لە قسەکانی نەکردبوو».

دیلەکان هەر یەکە و شتێکی وت و هەنگامەیەک لە نێویاندا دروستبووبوو. پەیامبەر «د. خ» کە پەی بە قسەی دڵی ئەوان بردبوو، وتی: «ئێوە هەڵە دەکەن. من لەبەر ئەمە پێناکەنم ئێوەم دیل کردووە و خۆشحاڵییەکەم لەم بارەیەوە نییە».

ئەو دیلەی کە بەر لە هەموویان قسەی کردبوو، وتی: «کەواتە بۆچی پێدەکەنی؟»

پەیامبەر «د. خ» وتی: «پێکەنینم بەمە دێ خەریکم ژمارەیەک بە کۆت و پێوەند لە دۆزەخ دەردەهێنم کە بکێش بکێش دەیانبەم بۆ بەهەشت و گوڵستانی هەتاهەتایی. ئەوسا ئەوان لێرە دانیشتوون و خەریکن گریە و زاری دەکەن کە بۆچی خەریکی ئێمە لەم شوێنە ترسناکە ڕزگار دەکەیت و دەمانبەیت بۆ ئەو گوڵستانە هەتاهەتاییە». پاشان درێژەی دایە: «بەڵام دەزانم ئێوە لەبەرئەوەی ئەو شتانەتان نەدیوە، ناتوانن قسەکانی من قبوڵ بکەن».

پاشان دیسانەوە سەیری ڕووخساری یەک بە یەکیانی کرد و وتی: «ئەگەر هەموو ئێوە واز لەو ئایینە بهێنن کە هەتانە و بەرەو من بێن، خوداوەند دەتانبەخشێ و من هەموو ئەو ماڵ و ملکەتان بۆ دەگێڕمەوە کە لە ئێوە تالان کراوە».

عەباس کە هەموو ئەوانەی بیستبوو و تا ئەو ساتە بێدەنگەی کردبوو، بە پەیامبەری وت: «من پەشیمانم لەو شتەی بووم و تۆبە دەکەم».

پەیامبەر «د. خ» چوو بۆ لای. چەند چرکەیەک سەیری کرد. وتی: «تۆبە دەکەیت؟»



Scanned with CamScanner

عەباس سەری لەقاند. وتی: «بەڵێ».

پەیامبەر «د. خ» وتی: «خوداوەند نیشانەیەکی لە تۆ دەوێ تا باوەڕ بەو شتە بکات کە دەیڵێی». هەینێ وتی: «دەبێ هەموو ئەو ماڵ و سامانەی بۆت ماوەتەوە، بیدەیتە ئیسلام».

عەباس کە لە پەیامبەر ڕامابوو، وتی: «ئاخر، پەیامبەری خودا! بڵێ من چیم بۆ ماوەتەوە؟ هەموویان تالان کردووە و ئیدی من هیچم نییە».

پەیامبەر «د. خ» پێکەنی. وتی: «بینیت ڕاست ناکەیت. بینیت ڕووت لەو شتە وەرنەسووڕاند کە هەبوویت و بە درۆوە وتت تۆبەم کردووە».

- بەڵام من وا ڕاستییەکە دەڵێم.

پەیامبەر «د. خ» وتی: «دەتەوێ بڵێم چەندەت ماڵ و سامان هەیە و لە کوێت شاردۆتەوە؟»


عەباس هیچی نەوت. پەیامبەر «د. خ» پێی وت چەندەی ماڵ و سامان هەیە و لە کوێ شاردویتییەوە و بە ئەمانەت داویتییە کێ؛ پێی وت چەندەی لە سامانەکەی لە دیواردا شاردۆتەوە و چەندەی سپاردۆتە دایکی.

عەباس بە سەراسیمەییەوە لەو ڕاما بوو، وەک بڵێی بە درێژایی ئەو چرکانەی سەرقاڵی شاردنەوەی ماڵەکەی بووە، پەیامبەر لە تەنیشتییەوە بووە.

وتی: «موو بە موو ئەو شتانەی
وتت ڕاستە و ئێستا ئیدی دەزانم
ئەو قسانەی کردت، خودایە و کاری
مرۆڤ نییە. بزانە کە ئیدی باوەڕم
هێناوە». لە ناخی دڵەوە پەیوەست
بوو بە پەیامبەر و ئیسلامەوە.



Scanned with CamScanner



فیه ما فیه کتێبێکە لە خۆگری قسەکانی مەولانا جەلالەدین کە لە کۆڕی جیاواز و لە وەڵام بە پرسیارەکان و باسوخواسەکان وتراوە. بۆ نموونە هەندێك جار لە کۆڕی هاوڕێیانەدا کە کەسانێك دەچوونە سەردانی مەولانا یا کۆڕگەلێك کە مەولانا تێیاندا ئامادە دەبوو، پرسیارگەلێك دەهاتە ئاراوە و مەولانا لە وەڵام بەو پرسیارانە بۆ ئامادەبوان لە ڕاڤەی ئایەتێك، شیکردنەوەی حەدیسێك یا ڕوونکردنەوەی بەیتێك، بابەتێکی بەیان دەکرد.




ZANYAR bookstore
کتێبخانەی زانیار
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد
07702233946
Zanyar Bookshop
Zanyarbookshop
zanyarbook@yahoo.com


Scanned with CamScanner